
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:31:17 9-6-2006





# شەوە خوێناویەکەی ژورسەری دایکم

## کورتە چیرۆک

محەمەد حسێن

ناوی کتێب : شەوە خوێناویەکەی ژوورسەری دایکم
بابەت : کۆمەڵە چیرۆك
ناوی نوسەر : محەمەد حسێن
دەرهێنانی هونەری و بەرگ : محەمەد مەهدی ڕەسوڵ
لەبلاۆکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نوسەرانی کورد – 58
سەرپەرشتی چاپ : محەمەد سەعید زەنگەنە
تیراژ : 500دانە
چاپخانە : ئارابخا - کەرکوك
چاپی یەکەم 2006

ناونیشانی بەریدی ئیلکترۆنی نوسەر : hemeh@maktoob.com

## ناوەرۆك

تەمەنێکی تۆزلێنیشتوو
شەوەخوێناویەکەی ژورسەری دایکم
یادگاریە هەڵپڕوسکاوەکانی من و تۆ
پاکنامەی پیاوێکی شەرەف خاوێن
دوای ڕۆیشتنم
کۆمپیوتەرەکەی خاوەنشکۆ
لەپەنای گابەردەکەدا
لەچاپخانەکەدا
حکایەتی ڕێکەوتننامەهەستیەکە
چیرۆکەکانی بازاڕ

" هەی ئەوانەی کە لەهەموو جیهاندا بڕواناکەن , ئەمە چیرۆکە ڕاستە ڤینەکەیدایکە گەورەیە , دەسلاَتداری ڕەهای میرنیشینی ماکۆندۆ , کەبەدرێژایی 92 سالْ لەپێناوی دەسلاَتەکەیدا ژیاوەو لەیەکێك لەسێ شەمەکانی مانگی ئەیلولی ڕابردویشدا لەبۆنی پاکێتی خۆیدا مرد "

لەچیرۆکی ( بەخاکسپاردنی دایکە گەورە ) ی مارکیزەوە

# پێشكەشە بەدایكم

# تەمەنێكی تۆزلێ نیشتوو

هەموو جارێك كەباسی خۆی ئەكات بەوە دەست پێئەكات كە ئەو دەورانی جیاجیاو بەزمی  جیاجیای بینیوە .  شالأوی تۆفانەكان هات وئەو توانی خۆی لێدەربازكات .. ساڵەكانی تەمەنی وەك دەنكی تەزبێحە قەزوانەكەی ژماردوو بەردەوام هەرئەیەوێت خۆی وانیشان بدات كەپیری ناتوانێت بیبەزێنێت . ئەیوت

– " من فێربووم چۆن تەماشابكەم و شتەكان بەبەرچاوما تێپەڕن , ئەزانم چۆن چاوەڕوانی كاڵبونەوەی ڕەنگی شتەكان ئەكەم , هەرشتێك و سروتێكی تایبەتی خۆی هەیە بۆكاڵبونەوە , هەرشتەو پایزێكی هەیە جیاواز لەپایزی شتەكانی تر   " . ئەیزانی چۆن چێژ لەگێڕانەوەی یادەورەیەكانی خۆی ببینێت , یادەوەری ئەو ڕوداوانەی تائەو نەیگێڕایەتەوە هیچ بایەخێكیان نەبوو بەلای خەڵكیەوە . یەكێك لە هاو دوكانەكانی بەحەسرەتەوە ئەیوت

– " ئەترسم نەمرێت و کلیلی دوکانەکە جێنەهێڵێت بۆئەو کورە سەرگەردانانەی کەهەر یەکەیان لەکۆڵانێکدا بەبەقاڵی وحەماڵیەوە خەریکن ."

ئەمان لەبەر خۆیانەوە لەو جۆرە قسانەیان ئەکرد , بەلأم ئەو چاوە پڕلەئێرەییەکانیانی ئەبینی , هەمووئەو خەیالأنەی تیا ئەخوێندەوە کەدەشێت ئەوان بیانکردایەو .. نەیشیان کردایە ,خەیالأتێکی وەها کەزیاترشێلگیری بکات لەکۆڵنەدانی لەدوکانەکە ,چەند ئەوان تەماشای چالاکی وبزوتنی جەستەیان ئەکرد ئەم زیاتر پێداگیری ئەکرد لەسەر مانەوەی لەدوکانەکەدا . هەربەیانیانێك دەرابەکەی هەڵدایەتەوە لەبەر خۆیەوە بەدەنگێکی نەزۆربەرز و نەزۆرنزم ئەیوت " بۆمن ئەم دوکانە دواسەنگەرەو مەگەر مەرگ پێم چۆڵ کات ئەگینا ..."

کەپێیان ئەوت چویتەتە ساڵەوەو کاتی ئەوەت هاتووە ئیتر کورەکان دوکانەکە بگێرن بەبزەیەکەوە سەری بائەداو ئەیوت " گورگ پیربێت ئەبێتە گاڵتە جاڕی سەگ وچەقەڵ , حەیفە ئەمانە جێگەکەم بگرن , گەردڵنیابوایەم وجاخم رۆشن ئەکەنەوە خۆم ...".

ئەوانەی وابەهۆی پیریەکەیەوە بەپێویستیان ئەزانی لەماڵەوەدا بۆخۆی دانیشێت ونەچێتە دوکان ئەترسان لەوەی رۆژێك دوکانەکە جێبهێڵێت کەگەرمی بازاڕ لەو قەیسەریانەدا نەمینێت .

کورەکانیشی ترسی خۆیان نەئەشاردەوە لەدرێژبونەوەی تەمەنی تائەگاتە دراوسێتی تەمەنی نوح .

**بەم دواییانە پیری بەدەریایەك ئازارو میحنەتەوە سوارکۆڵی بوو , تەپوتۆزی تەمەنێکی ماندوی پڕلەدەردیسەری لەسەر ڕوخساری نیشتبو , هەمو کچ وکوڕەکانی چوبونە ماڵی هاوسەرێتی خۆیان و شەوگارانیان بەدەست لەملانێو .. ڕۆژەکانیشیان وەك مێرویەك وردە وردە بەشێك لەجوڵەی بێ کۆتایی بازاڕیان پێك ئەهێنا , بەم پایزەوە چوارپایزە خانمەکەیشی مردووە , بەلاّم مەرگی چاوەڕوانکراوی خانمەکەی نەبوە هۆی ترساندنی لەمردنێکی لەناکات ... لەماڵێکی چۆڵی ساردو سڕدا , لەژیانێکی کپی خامۆشدا ئەیەوێت هەر ڕۆژەکانی درێژکاتەوە , تەنیاییەکەی بباتە ناوبازاڕو تێکەڵ بەژاوەژاو و قەرەباڵخیەکی بکات لە سەروی تواناى هەڵگردنی خۆیەوە .**

**ئەو لەهەمو کاتێك ولەهەمو شوێنێکدا هەرتەنهایە , لەنێوبازاڕدا , لەشەقامە قەرەباڵخەکاندا ,لەپاسە پڕسەرنیشینەکاندا ,لەنوێژی هەینی وپرسەی دۆست ویارانیشدا هەر تەنهایە , تەناهییەك وەك بای پایز کەبیەوێت هەڕەشەی هەڵوەرینی بکات . .**

**– هەست کردن بەتەنیایی بۆچرکەیەکیش وازی لێناهێنێت ..**

**– کەلەڕەقیشی لەکۆڵنەدان لەبەڕێوەبردنی دوکانەکە بۆچرکەیەکیش سارد نابێتەوە ..**

**ئەوان ئەڵێن " تۆکەڵکی دوکانداریت نەماوە و... "**

**ئەمیش ئەلێت " ئێستایش لەهەموتان بەهێزترو بەکارترم ... تامن بوم ئێوە ... کویٚ بون . "**

یادەوریـــەكانی خـــۆی لەهـــەمو شـــتێك زیـــاتر ئەیترســـاند , بیركردنـــەوە لەوهاوڕێیانـــەی لەژێرخاكـدا نوسـتبون , لـەو یادگاریـە خـۆش وناخۆشـانەی ڕۆژانــە بەبۆنــەی جیاجیــاوە ئەكەوتنــەوە یــادی ببــوە مۆتەكەیــەكی تــاڵی هەمووكاتی , بڕوای وابو ئەگەر ئەو خۆی بیری لـێ نەكاتـەوە هـیچ هۆكارێـك نیـە بۆئـەوەی وابزانیـت چـەندە لەمردنـەوە نزیكـە , بـەلاَم ئـەو كاتانـەیش مردنی ئەكەوتەوە یاد تەواو لەتەنیاییەكەی خۆی ئەترسا ...

بەلەرزە لەرزی دەستیەوە كلیلی قاپی دوكانەكەی كردەوە ,ئاگای لـەڕوانینی هاودوكانەكانی بوو ,بەتیلەی چاوەوە لێیان ئـەڕوانی وسـەیریان بـەتواناو وزەی كـاركردنی ئـەهات , لەبـەر خۆیانـەوە ئـەیان وت " بـەو پیریـە چـۆن واز لـەم دوكانە ناهێنێت , چۆن ئەو جێگە باشەی زەوت كردووەو ڕێگە نادات كەسێكی تر كەڵكی لێوەربگرێت " . ئـەو ئـەیزانی ڕوانینـی هاوسـێكانی بـەچ ئێرەیـی و نیازخراپیەك بارگاویە , بۆیـە تادەهـات زیـاتر پێـداگری ئـەكرد لەكۆڵنـەدانی لەبەڕێوەبردنی دوكانەكە.

بازاڕ قەرەباڵخ تر بوو , وردە وردە كڕیارەكان دەستیان كـردە پرسـینی نرخـی كالاَكانی سەر مێزەكەی بەردەمی, ئەوان دەیان پرسـی و ئـەمیش لەبـەر لاوازی توانـای بیـستنی هـەر ئـەیوت .. هـا ... بـەڵێێێ... كڕیارەكـان دەیانپرسـی ودەڕۆیـشتن بێئـەوەی لەگـەڵ حاجیـدا لـێكتر تێبگـەن , هـەمو كالاَكـان تـۆزی مانەوە و كۆنبونیان لەسـەر نیـشت , ژیـانی ئـەویش بەهـەمان تـۆز كـاڵبوەوە , حـاجیش دواجـار مـاڵی هەتاهـەتایی خـۆی هەڵبـژاردوو دوای بەرگریـەكی كـەم وێنە لەبەرامبەر مردندا دوكانەكەی جێهێشت . بەلاَم ئەوەی چاوەڕوان نەكراو

بــوو دوای ڕۆیــشتنی حــاجی كەســێك نــەیتوانی بێــت تــۆزی سەرشــتەكانی دوكانەكــەی بتەكێنیــێت وژیــانێكی تــر بكاتــەوە بەربازاڕەگــەرمو گوڕەكەیــدا كەڕۆژێك لەڕۆژان حاجی كردبوە خاوەن سامانێكی زۆر .

دوای ئــەوەی لەیــەكێك لەباخەڵەكانیــدا كلیلەكــە ی دۆزرایــەوەو دەســت كوڕەگەورەكەی كــەوت , دوكانەكــەی پێكــردەوە ...بــەلاَم تــازە دوای چــی ..؟؟ هــەمو شــتێك لەدەســت دەرچــووبو , ئــەو خــاولی و خــام وكراســە ســوفانەی كەپێــشتر بەشــێك لەكالآبەنرخــەكانی حــاجی پێــك ئــەهێنا هــەموی مــشكەكان شیان كردبووەوە . زەوی دوكانەكە وەك بێژنگی لێهاتبوو ئەوەندە كونەمشكی تیاكرابو , بەڵكو هەرئەو مــشكە زۆرانــەی دوكانەكــەی حــاجی كەوتبونــە شــالاَو بردن بۆكۆلاَن وقەیسەریەكانی دەورو بــەریش , هەربــستە زەویــەكی دوكانەكــە چــواركونی تیــا كرابــوو , هەریــەك لــەو كونانــەیش دەیــان كــونی تــری لــێ جیائەبووەوە , كونەكانی ناوەوەیش دەیان كونی تــری تیــاكرابوو بــەرەو نــاخی زەویەكــە , ئەمــەش ســوپایەكی مــشكەكوێرەی دروســت كردبــوو كەببوبونــە مەترسی لەسەر تەواوی بازاڕەكە .

دەوڵەت و دەزگاكانی تایبەت بــەبواری ئاسایــشی ئــابوری هاولاَتیــان مادەیــەكی كیمیائی كوشندەیان داهێنا بۆقەلاَچۆكردنی ئەو هەزاران مشكەی لەو دوكانەدا كــونی تایبــەتی خۆیــان هەڵكەنــدبوو , هــەر دوای پرۆســەی قەلاَچــۆكردنەكە پسپۆرە زەوی ناسەكانی ولاَت دەستیان كرد بەپشكنینی جێ دوكانەكــەو ڕایــان گەیاند كەتاسەد ساڵی تر هیچ دیوارێك لەم زەویەدا سەركەوتو نابێت ,چونكە تۆڕی كونە مشكەكان بێكۆتا بەناو زەویەكەدا چووبوە خــوارەوە ,ئەمــەش ئــەو

هەمو ساڵەی ئەوێت تازەویەکە پتەو بێتەوەو وەك جاران ببێتەوە پارچە زەویەکی ئاسایی ...کوڕەکانی حاجی هەریەکەیان لەلای خۆیەوە خۆی ئامادە کرد بۆئەوەی چۆن لەدوای تێپەڕینی ئەو سەدساڵە هەرنەوەکانی خۆی ببێتە خاوەنی دوکانەکە نەك هی براکانی تری, ئەمەیش وای کرد پەنا ببەن بۆڕێگەی جۆراو جۆر, لەوانە : کردنەوەی خولی تایبەتی پاشقولدانی برایانە ,خوێندنی هونەری فریودانی برایانە , دروستکردنی تاپۆی ڕەشو سورو بەڵگەی ساختە لەکەش وهەوای برایانەدا .

ئیتر لەو ڕۆژەوە هەرکوڕێکی و بەعەقلیەتی دابین کردنی دوارۆژەوە ئەیەوێت زۆرترین نەوە بخاتەوە بۆئەوەی هەر نەوەکانی ئەو ئەو شەرەفەیان پێ ببڕێت ببنە میراتگری باپیرە گەورەیان , بەڵام لەبەدبەختی ئەمکوڕەهەژارانەدا زانایەکی ئاژەڵناس کەپسپۆری هەیە لەبواری وەچە خستنەوەی ڕەگەزی مشکاندا , بەم دواییە گریمانێکی زانستی داهێنا کەبوە هۆی سارد کردنەوەی ئەو ململانێ سەختەی نەوەکانی براکانی کردبوە گژ یەکتردا , پوختەی گریمانەکە بەم جۆرە بوو " دەکرێت توخمی ئەو مشکانەی کەبەڕێکەوت بێت یان بەهەر هۆیەکیتر لەقەلاچۆکردنی مادە کیمیائیەکە دەربازبوون , یان پێشتر دەرچوون لەسنوری خاکی دوکانەکە , دوای زیاتر لەسەدان ساڵی تر بێنەوەو دیسانەوە ئەو شوێنەی ئێستایان بکەنەوە هێلانەو کونی تازەی لێ هەڵکەننەوە , چونکە مشك لەو بونەوەرانەن کەبەهەستەوەریەکی تایبەتەوە ئینتما ئەکەن بۆشوێن " . ئەم گریمانە ی زاناکە وای کرد نائومێدیەکی دڵسارد کەرەوە باڵ بکێشێت بەسەر کەشی

ململانێو خۆئامادەکردنەکەی نەوەی کوڕەکانی حاجیدا , کەتا ئەو کات تـەواو خۆیانیان لەپێناودا ماندوو کردبوو , ئیتر لەو ڕۆژەوە تێگەیشتن زیـاتر لەیـەك ململانــێ چـاوەڕوانیان ئــەکات , ئــەوان چــۆن لــەبیری خۆئامادەکردنــدا بــون بـۆململانێیی نــەوەی براکـان ,بۆیـان دەرکـەوت پێویـستیان بـەخۆئامادەکردن هەیـە بـۆململانێی نـەوەی مـشکەکانیش , تارۆژێکیـان کوڕەگەورەکـەی کـوڕە بــچکۆلەکەی حــاجی بــەباوکی وت " ئــەی ئەگــەر دوای ئــەو سەدســاڵەیش نەوەکانی خۆمان جارێکی تـر هـەموو نـەوەی براکـانی تـرو مـشکەکانی تریـان قەلأچۆ کرد ئیتر هەم دروست نابنەوە ..؟!؟! "

★★★

# شەوەخوێناویەكەی ژورسەری دایكم

.... ئەڵێت, " من لەچۆقەی دگان وهەڵلەرزینی دایكمالەخەوەكەم ڕاچەنیم ,لەنەرمە گریانی ژێرجێگەكەیداسەرەتای كارەساتەكەم هەست پێكرد , ئەو كاتەی خۆی لول كردبووە بەتانیەكەوەو وەك تولەماری بریندار خۆی ئەپێچایەوە ,ئاگای لێبو لەژور سەریەوە شەریف چی ئەكات , چونكە هەرئێوارە سەری ڕەزامەندی بۆلەقاندبوو, هەرئێوارە بینیبوی تەورەكەی

ئامادە كردوە, زانیبوی چ خەیاڵێك لەمێشكیا ئەخولێتەوە . یەكەم قیژەی چیمەن وەخەبەری هێنا ,ئەو یەكەم قیژەی كەهەمووئەستێرەكانی ئاسمانی هێنایەلەرزین و هەرچی شوشە بەپەنجەرە كانەوە بوو وردی كردو هێنایە خوارەوە , هەرچی گوگوختی سەردارتێلەكان هەبو بەترسەوە دایان لەشەقەی باڵیلەناكات , بەلاّم ئەو هەر دەرنەچو لەژێر جێگەكەی و سۆزی دایكانەی وای لێنەكرد لەگریانێكی ژێر بەژێر زیاتر هیچی تر بكات . بەشوێن زرمەی تەورەكەدا قیژەكان زیادی كردو..... , زیادترو... دواجار بۆئەبەد بێ دەنگ بو , بێدەنگیەك ئاسمانەتاریكەكەیشیسڕ كرد ,"

ژیان لەوماڵەدا زۆرسەخت ببوو ,ئەوكێشەو ...ترسان لەعەیبەو ئابڕوچونەكەی , هەرچی فكرو خەیاڵ وبیركردنەوەیان هەبوو داگیری كردبو . گەورەوبچوكیان ڕەش داگەڕابون لەداخ وخەفەتدا وتەواوئارامییان تێكچوبو , ئەو ڕۆژەی كەپویەكی خائین بۆنی بەدارسێوەكەیانەوە كرد و پێی حەرامی خستە ناو باخچە كەیانەوە و دایكی وشەریف بینیان , دایكی بەقژ چیمەنی ڕاكێشایە ماڵەوە .. ئیتربۆن وبەرامەی كارەساتێكی گەورە دەستی پێكرد .چونكە هاتنی نامۆیەك بۆئەو ماڵە گوناهێك نیە چاوپۆشی لێبكرێت ,..دایكی ئەیوت- " نابێت هەرگیز خواردنی میوە حەرامە كانی باخچەكەمان ئاوا سوك و بێ ئەهمیەت سەیری بكرێت , لەبیرت نەچێت شوشەی پەنجەرەكانی شەرەفی خێزانەكەمان دامێنی تۆو چیمەنە , ناسكی وجوانی ئێوە ناسكی ئەو شوشەیە نابێت بهێڵن كەس بیشكێنێت , نابێت هەرگیز دەستی حەرام بەرگرێی بوخچەكانتان بكەوێت " .

پێش کارەساتەکە کەقسەت لەگەڵ چیمەن ئەکرد گریان ڕێگەی پێنەئـەداپاکی خۆیت بۆبخاتـە بـەر ئاوێنەیـەکی بالأنمـاو نیـشانی هـەموانی بـدات , ئەیویـست بەفرمێـسکەکانی پـاکی خۆیـت نیـشان دات , ئـەو فرمێـسکانەی هەمیـشە بێدەسلأتی وبێچارەیی لـە پـشتی ڕشـتنیەوەیەتی . ئـەڵێت..." زانـیم شـەریف شـێت گیربـووە و لـەوە زیـاتر خـۆی پێنـا گیرێـت . خۆزگـە مـن هـەر ئـەو ڕۆژە سەری خۆم هەڵگرتایەو لەم دەردی سەریە بەدوربوایەم , خۆفێرئـەبوم تۆزێـك چێژی ژیانم بکردایە لەدەروەی ئەم ماڵە , ئـەم ماڵـەی کـە هـەر لـە منداڵیـەوە کارەکەرەگوێڕایەڵەکەی بـوین و هـەمو ڕۆژێـك دەمانـشۆرد وجوانی و پاکیمـان ئەپاراست , ئەو کاتەی بەدەم بۆنی گسك دانەکەیەوە بۆنی دۆزەخێکی بۆگەنی لێهەڵئەسا , ...ئای چەندە حەزم لەجێهێشتنی ئەکرد , حەزم ئەکرد بۆچـرکە ساتێکیش بوایـە بۆخـۆم وئـارەزووە پیـسەکانم بژیایـەم , بژیایـەم وەك ئـەوەی خۆم دەمخواست نەك ئەوەی بۆیان دیاری ئـەکردم " ... دیـاربوو خوێنێـك نـاو چـاوی براکـەتی گرتـووە , وەك پڵنگێکـی بریـنـدار لەتۆڵـەی کەرامـەتی خـۆی ئەگــەڕا, چوزانێخۆیــشی ئاواچــەقۆ کوژئــەکرێت , ئــەو ســێ ڕۆژەی نێــوان ژوانەکەیئـەو هـەتیوەو خوشـکە ئاگرتێـچوەکەت تـا شـەوە خوێناویەکـەی ژور سـەری دایکـت بۆسـاتێکی کـەمیش ئـارام نـەبوەوە .گوێـت لێبـو ئـەوخۆرئاوای چـپەی ئـەکرد لەگـەڵ دایکـت و ئـەیوت - " تـازە شـەرەفمان شـکاوە , هـەمو خـەڵکی گـەرەك زانیویـەتی , ئـیتر چـۆن ڕوم بێـت بـچمە بـازاڕ, بـچمە نـاو هاوڕێکانم ,بچمە ....پێویستە هەرچی زوترە شەرەفی خۆمان بکڕینەوە , مـن پیـاوم ونـاتوانم ..." دایکیـشت بـێ دەنـگ وقـسە لێـوی خـۆی ئەکرۆشـت و

فرمێسكە درشتە كانی بەچاودا ئەهاتە خوارەوە .نەسرەدینی خاڵت هەمیشە ئەوەی دوبارە ئەكردە وە " گەردووشایەت هەبێت ئەوا شەرع داری حەدی داناوە , پێویستە كارێك بكەین ڕوسوری لای خواو خەڵكیش بین " . ماوەی ئەو سێ ڕۆژە خەڵكی گەڕەك گوێقولاخی ئەوەبون كەی دوادەنگ وباسی كێشەكەتان ببیستن ,گوێم لێبو ڕۆژێك خاڵە ...دراوسێتان باڵی شەریفی گرت ولەبەر دەرگاكەی خۆتان پێی وت نابێت لەوە زیاتر گەوادی قبوڵكەیت .ئەو سێڕۆژە هەر سەعاتێكی بۆشەریف مردنێك بوو ,72جار مردن هێندەی نیگایەكی زەلیلانەی چیمەن كەچاوەڕوانی مردنێكی حەتمی بو ئازاری نەئەدای ,تۆقەت ناتوانیت ئەویادگاریە تاڵانەت لەیادبچێتەوە , یادگاری ئەوشەوانەی نەشتەری ترس ودڵەڕاوكێ تابەیانی گلێنەی چاوەكانتی هەڵئەكۆڵی...ئەڵێت- " كە هاوڕێكانی تەلەفۆنیان بۆئەكردین شەرممان ئەكرد جوابیان بدەینەوە , ئەمانزانی ڕاسپاردەی مامۆستاكەیان پێیەو دەیانەوێت هەواڵی هاوڕێیەكی بێسەرو شوێنیان بزانن .. تلیفۆنەكەمان هەڵنەئەگرت تابێزارئەبون وخۆیان وازیان ئەهێنا .ئەترساین لەوەیهەواڵەكەیان بیستبێت .كەژمارەیتلیفۆنەكانیانمان ئەبینی لەنێو شاشەی جیهازەكەدا ئەترساین لەژمارە ئەلكترۆنیەكان نەوەكو جا سوسێكی هەواڵ دزبن .لەگەڵ دایكم تەریق ئەبوینەوەو بەڕوانینێك عەیبەی لێئەباری سەیری یەكترمان ئەكرد, لەو كاتانەی زڕەی زەنگەكان دووبارە ئەبونەوەو لەگەڵیشیدا هەرچی دیوارو دەرگاو پەنجەرەو شتەكانی تری ناو ژورەكە هەبو زەنگی خۆیان لێئەدایەوەو ئەو هەستەی لادروست ئەكردین كەشەرەفی هەمو خێزانەكەمانە زڕەی دێت . ئاخ

چ گوناهێکی پیس بو یەخەی داوێن پاکی ئەو خوشکە بێگوناهەمی گرتبو , وەك ئەوەی ئەو قسانەی لەگەڵ ئەو هەتیوە کردی لافاوێکی زێراب بێت وهەمو دنیای پیس کردبێت , ڕەشەبایەکی بۆگەن بێت وهەموو ئاسمانی گەناندبێت ,.من کە ئێستا بیرلەزنجیرەی ڕوداوەکان ئەکەمەوە هەموو شتێك تێئەگەم تەنها ئەو ژوانە سەرپێیە نەبێت کە ئەو هەرای نایەوە ."..

هەر ئەو شەوە بەخێراییەکی سەیر لاشەی لەخوێنا شەلاڵی چیمەنیان لەکۆڵ کردەوە ...تۆخۆتت کردبوە ماڵداو ئەترسایت لەوەی بێیتە دەرەوە, ترسێکی بێ هۆکار چنگی لەقوڕگت گیردبوو , وەفات بۆهاوڕێیەتی چەند ساڵەتان پێکەوە وەك دوو ( ماکەو ) یجوانکیلەلەوماڵەدا وای لێئەکردیت بەسەرەتاتکێ وە سەیری دواچرکەساتەکانی لاشە هەنجن کراوەکەی بکەیت, بەلاَم دوای چی ..ئەوەندە خێرا دەریان کرد فریای هیچ نیگایەکی ماڵئاواییانە نەکەوتیت , شەریف سوێندی خواردبوو هەرکەس دەنگی لێوە بێت و بێدەنگیەکە بشکێنێت بەدەردی چیمەنی ئەبات , بێدەنگیەك بووزیکەی سیسەرکەکانیشیتیانەئەبیسرا, شەوە خوێناویەکەش سامی لێنیشتبو , ئەو ژورەی چیمەنی تیا تەور هەنجن کرا پرژی خوێن وگۆشت هەمو شتە کانیتیا سواق دابو , پێشەی پەنجەکانی پەڕیبونە سەر کلیلەکانی کیبۆردی کۆمپیوتەرەکە , دەیویست هەربەردەوام بێت لەنوسینی نامە نهێنیەکانی ,ئەونامانەی لەدوتوێیدا خوێن وکارەساتێك خۆی مت کردب و , هەردوو گلێنەی چاوەکانی پەڕیبونە سەر ئەو پەنجەرەی کەڕوی کردبوە ماڵی ئەو هەتیوەی بەم ڕۆژگارەی گەیاند , ئاوێنە گەورەکەی پڕکردبو لەدرزی ورد

وناسـك بـێ ئـەوەی كوتەكانیوەریبنـە سـەرزەوی , كاتژمێرەكـەیش دەمـە تەورێك بەری كەوتوبوو هەر ئەو كات وەستا بوو .كاتژمێر ( 1:11).
هێـشتامانگێك تێنەپـەڕیبو بەسـەر كارەسـاتەكەدا هـەواڵی چـەقۆكوژكردنی شـەریفی برایـان لـەناوبازاڕدا بۆهێنانـەوە , براكـانی هەلاڵـە ناوێـك كـەهاوڕێی فەرمانگـەی بـوو هـەوڵیان دابـو بیكـوژن , گوایـە پـەنی داوە بەهەلاڵـەداو ئامادەیش نەبووە مارەی بكات , لەبەرامبەر ئەمەشدا بۆسەندنی تۆڵەی ئـەتك كردنی خوشكەكەیان ئـەو دوای نیوەڕۆیـان بەهـەل زانیـب و لەسـەد مـەترێكی خـوار دەرگـای فەرمانگەكـەدا بەسـیانیانەوە پـەلاماریان دابـو بـێ ئـەوەی تێـی بگەیەنن كێشەكە چیە .تالەخەستەخانەش هۆشی نەكردبووەوە هەرنەیزانی بو بۆ وای لێئەكەن , دوایی باجیەكی خزمـی دایكـی پێـی وتبـوو " ئـەڵێن لەسـەر هەلاڵــەی ..., براكــانی ئــەو وایــان لێكردویــت " . ئێــستا شــەریف پەشـیمانەلەوەی كەلاساری كـرد وخۆیـشی و هەلاڵەیـشی بـەم ڕۆژگـارە گەیانـد , پەشـیمانە لـەوەی بەهەلاڵـەی وتبـو " ئـەڵێن باوكـت لەسـەر داوێـن پیـسی كوژراوە من چۆن تـۆ مـارە ئەكـەم " , هەرچـەندە ئـەو گریـابو تكای لێكردبـو بەلاَم ئەم هەر لەكەلە ڕەقی خۆی كۆڵی نەدا بوو ...براكانیهەلاڵە دوای ئـەوەی خوشـكەكەی خۆیـان لەتاریكـە شـەوێكدا بەبرینـداری خـستبوە چـاڵێكەوەو بــەخۆڵ دایــان پۆشــیبوو,كەچــی وایــان زانیبــو مــردووە بــەلاَم دوای لەڕاپۆرتەپزیــشكیەكەدا دەركــەوتبو دوای ئــەوەی بــەخۆڵ دایانپۆشــیوە ئەوسـامردووە . هــەردوای ئەمــەیش كەوتبونــە پــلان گێــڕان بۆكوشــتنی شەریف,تائەوەبو لـەناو بـازاڕدا بەسـێ كەسـە وە بەچـەقۆتێی بـەربون , دوای

ئەوەیناوسکیان درِی و رِیخۆڵەهەڵدراوەکەیکوتێکی بەدەم چەقۆکەیانەوەلکاو پاشەرِۆکانی ناو گەدەی هەڵرژایەسەرزەویەکەوبەبێ هۆشیلەسەردەم کەوت, خەڵکەکەش دەستیانی گرت وئەوانیش کۆڵیان لێدا بەئومێدی ئەوەی کەتەواو کوشتویانە .

ئێستا کەشاردویانەتەوەو تیماری برینە کانی ئەکەن , هەموو شەوێك مۆتەکەی چیمەن ناهێڵێت کەسیان بنون ,هەر کەچاوی چووە خەو چیمەن دێت بۆلای ,جارێك بەدەم سەماکردنەوە ,جارێك پەلاماری ئەدات وهەموو دوگمە کانی کراسەکەی ئەبرِێتەوە ,جارێك نەسرەدینی خاڵی و مەلای دراوسێیان و دایکی ئەپێچێتەوەو ئەیانخاتە بەر دەم دادگایەك کە خۆی دادوەریەتی , ئێستا هەموو خێزانەکەیان سەرقاڵی قوتارکردنی شەریفن لەم گرفتەی , ئەیانەوێت لەئاگری تۆڵەی براکانیهەلاڵە بیپارێزین , ئەیانەوێت براکەیان لەم کێشەیە دەربازکەن .

ئەیلولی / 2004

★★★

# یادگاریە هەڵپڕوسكاوەكانی من وتۆ

لەونامەی کەبە ئیمەیلەکەمدا بۆت ناردم نوسیبوت : " ڕۆژی 2006/3/16 لەفڕۆکە خانەی هەلێر چاوەڕێم بکە , حەزئەکەم پێش هەمووکەسێك تۆببینم . ئەزانم داواکەم چەند ناسازە .. بەلاْم بمبورە , تەمەنێك لە هاوڕێیەتی و , چارەنوسێك لەبرین و زامی قوڵ قوڵ وەهام لێئەکات داوایەکی وات لێبکەم ...

تائەو کاتەی دێیت و یەکتر ئەبینینەوە

بەهیوای سەرکەوتنتم

برات ... "

ویستم خۆم بۆ پێشوازی کردنت ئامادەبکەم , بەلاْم ترسام لەوەی نەتوانم .. بڕیارمدا لەڕوی دەرونیەوە خۆم سازکەم بۆ تەوقەو لەباوەشگرتنەوەت . کەچی هەر دوودڵ بوم لەبازدان بەسەر ئەو کەلێنە قوڵەی ساڵەکانی ڕۆیشتنت لەنێوانماندا دروستی کردبوو ..

ئەزانم پێویست وایە ئەرکی هاوڕێیەتیم بەجێ بێنم , ئەمەك و وەفایە بەرلەهەموو کەسێك لەوێ چاوەڕێت بکەم و جانتای غەریبیت لەکۆڵ گرمەوە .. بەلاْم ... خۆت باش ئەزانیت چەند گرانە ... چەند گرانە هاوڕێم بینینت دوای ئەو هەموو پەشیمانیەی ڕۆژەکانی هاوڕێیەتیمان , ئەوەی من و تۆبە هاوڕێیەتی ناودێری ئەکەین و خەڵکانێکی تریش بەهاوسەنگەریەکی ناچارانە .

بمبورە ... ئەگەر نەمتوانی بێم بڕیارم داوە ئەم یادگاریە هەڵپڕوسكاوانەت بۆبنێرم , ئەو یادگاریانەی ماوەیەكی زۆرە گینگڵی پێوە ئەدەم , ئەوسا بڕیارمدا بینوسمەوەو لە فەرامۆشبوون ڕزگاریان كەم , دڵنیابە كەس وەكو یاداشتەكانی هیتلەرو چیرۆكە ڕاستەقینەكانی گیڤارا بەپارە نایكرێت , چونكە هەردووكمان چاك خۆمان ئەناسین . بۆیە ئەینێرم بۆئەوەی لەڕێگای هاتنەوەتدا بیانخوێنیتەوە , ئەوكاتەی دوودڵنیت لەگەڕانەوە بۆنیشتمان , نیشتمانێك كە هەمووجارێك بەدەم فشەكردنەوە ئەمان وت لەپێناویدا خۆمان بەكوشت ئەدەین , بێئەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان سەرەڕۆییەكمان لەپێناویدا كردبێت .

( چەند گوناهبوون ئەو خەڵكە خۆشباوەڕانەی وەك قارەمان تەماشایان ئەكردین).

ئەمەویت بەشێك لەو چیرۆكانەت بۆبنوسم كەمن و تۆ بەو پەڕی گەمژەییەوە كارەكتەرە سەرشێتە كانی بوین .. تكایە بیخوێنەرەوەو هەر هیچ نەبێت تا ئەوكاتەی جارێكی تر یەك ئەبینینەوە فەرامۆشی مەكە . تۆخۆت باش ئەزانیت ترسی فەرامۆشكردن لەئەمڕۆدا چەند ترسێكی سەختە , چەند زوو هەموو چیرۆكە ( مەزنەكان و هیچ و پوچەكانیش ) مان لەبیرئەچێتەوە , بەوانەیشیانەوە كەقەت نابێت بیرچونەوە زەفەریان پێ بەرێت . ئەمەوێت پێش بینینی ڕوخسارە گۆڕاوەكانی نیشتمان , ماڵە وێرانبوەكەی دەستی براكان , من ڕابردووت بیرخەمەوە , ئەو ڕابردووەی

گەربێتو هێزی فەرامۆشی لێمان داماڵێت ئیتر هیچ مانایەك بۆبونی من و تۆ نامێنێتەوە .

وامەزانە من بێئاگام لەو ئایندە پەرستیەی كەژیانی خۆرئاوا فێری كردویت .. نەخێر ..! بەلآم دڵنیام هەرگیز بەبێ تارماییەكانی ڕابردوو تۆناتوانیت بۆئایندە بژیت , چونكە ڕابردووی ئێمە وەك كۆمەڵێك تارمایی وایەو هیچ پێچێك لەژیانمانا نەماوەتەوە سێبەری خۆی لەسەر دانەنێت .. تكایە پێش خوێندنەوەی ئەم یادگاریانە تەماشای هیچ شوێنێكی ولآت نەكەیت , هیچ كام لەشەرگە كۆنەكانی خۆمان .. دڵنیام دوایی توشی ئەو گەڕیە ئەبیت كەئەیوبی خاوەن سەبری دارژان ...

من و تۆ هاوڕێی ڕۆژگارێك بوین كە هیچ بوارێكی بەهاوڕێیەتی نەئەدا , ڕۆژگارێك ئەوكات واهەستمان ئەكرد جیهانی لێكردوین بەقەفەسێك لەتەلی دڕكین . ڕاستە من هەموودەرگاكانم لێ دانەخرابوو , وەكوو یەك ڕوبەرە فراوانەكانی دەربازبونمان ئەزانی , كوێرە ڕێكانی هەڵهاتن و قاچاخچیە درۆزنەكانی شارمان ئەناسی , بەلآم من وەك تۆ هەلی ڕۆیشتنم بۆهەڵنەكەوت , نەمتوانی هەڵبێم و مامەوە ...

★★ ★★

## یەكەمین هەڵهاتن :-

هەڵهاتیت بێ ئەوەی بواری‌ماڵئاوایی كردنی هیچ كام لەهاوڕێكانت هەبێت , ئەوانەی وا هاوڕێی ڕۆژەتاڵەكانمان بوون .. ڕۆیشیت و جێتهێشتن وەك ئەوەی كەسیان لێنەناسیت .. ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە ناوبانگی بێوەفایت دەنگیدایەوە ..

نەك هەر تۆ , لەو ڕۆژانەدا هەمومان بۆنەرجسیەتی خۆمان ئەژیاین , هەر بۆئەوەی گیرفان و زك و ناوگەڵمان تێرکەین .. ئیتر بێباك لەوەی ئەو تێرکردنانە لەسەر حسابی کێ و چ دەبێت . یان ئەو نرخەی کەئەبوایە لەپێناوی ئەو تێرکردنانەدا بیدەین چەندە گران لەسەرمان ئەکەوێت..

بەڕەحمەت بێت تائەو ڕۆژەی بەحەسرەتی تۆوە مرد دایکت هەر گلەیی ئەوەی لێئەکردیت " ڕۆیشت بێ ئەوەی دوامالْئاوایم لێبکات , نەئەبوایە ئەو کوڕەی من وابێئەمەکانە جێم بهێڵێت .." بەلاْم تۆبێباك لەهەمووشتێك گەشتەکەی خۆت کرد .. ببورە ئەڵێم گەشت , زیاتر لەسەر هەڵگرتنی کەسێك ئەچوو لەگوندەکەیخۆیدا پەنێکی گەورەی لەدەست قەومابێت .

بەیەك جار ڕۆیشتیت و ئیتر هەمووشتێك تەواو ... هەمووشتێك کە ڕۆژێك لەڕۆژان تۆی بەئێرەوە بەستبێتەوە . بۆیەکەم جار لەو ڕۆژانەوە زانیت خەڵکانێکی زۆرهەیە چاوەڕێی ئینتماو وەفات لێئەکەن , خەڵکانێك هەرئەوەندەی پشتت لێ هەڵکردن ئیتر چاوەڕێی بیرکەوتنەوەو نامەی ژیاندنەوەی یادگاریەکانت لێئەکەن .

لەوڕۆژانەدا تەنها خەونێکی هەموومان هەڵهاتن بوو , هەمووومان بەبێ ڕیزپەڕ , بەپاڵەوانەکانیشمانەوە , ئەوانەی خۆیان بەخاوەنی شەرعی ولاْت ئەزانی و ڕۆژنامەکان شانامەی شکۆداریان بەبالاْیاندا ئەوت , شاعیرە ماستاو چیەکان پەخشانە شیعری ناسکو .. گۆرانی بێژە بازاڕیەکانیش گۆرانی ..

★★ ★★

## لەغوربەتەوە – یەکەمین چیرۆ کنامە :

نوسی بووت " تاقەتم نیە وەکو خەڵکی تر بەسڵاو دەست پێ بکەم , لەنێوان من وتۆدا گەلێك شتی گرنگتر هەیە ئەوتۆزە ڕوبەرەی کاغەزەکەی تیا ڕەش بکەمەوە , ئەم ڕۆژگارە ئەوانەیش وا ڕقیان لەیەکترە هەر بەسلاو هەڕەشە نامەو جنێو نامەکانی خۆیان دەست پێ ئەکەن , بڕیارم داوە ئیتر شێوازی دەستپێکردنی نامەکانم بگۆڕم .. من ئێستا لەشوقەیەکی بێ کەمو کوڕی گەڕەکێکی کەناری شاری لەندەنم , لەهیچ پێداویستیەکم کەم نیە . دراوسێی پیرەژنێکم کەلەم جیهانە بەرینەدا هیچ کێشەیەکی تری نیە ڕازی کردنی دڵی پشیلەکەی نەبێت , هیچ ئارەزویەکی تری نیە یاری کردن لەگەڵ پشیلەکەی نەبێت , هیچ هونەرێکی تریشی نیە ڕازاندنەوەو مکیاج کردنی پشیلەکەی نەبێت , خۆی واتەنی ئەو بۆپشیلەکەی ئەژی , لەڕێگای ئەو پشیلەوە واتایەك بەبونی خۆیشی ئەدات . بەم پشیلەیە شەڕی تەنهایی ئەکات , وەك چۆن من بەهەڵهاتن شەڕی پێکەوە بونی ئێوەم کرد .

ئەو وەکو من نازانێت لەدەست بەتاڵیدا سەرنجی هەواڵە گەرم و گوڕەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بدات , لەجیاتی ئەوە ئەچێت پشیلەکەی ئەشۆرێت .. ئەو کەسی نیە بیری لێبکاتەوە , هیچ یادگاریەکی نیە لەکاتەکانی تەنیایدا فرمێسکی چاوەکانی بۆببارێنێت , لەسەری ساڵی زاینیشدا لەیەکێك لەکچەکانیەوە پۆستکارتێکی جوانی بۆدێت . من و ئەم ژنە لەمانگێکدا دووجار توشی یەك ئەبین , ئەویش تەنها هەر(hi) یەکی لێ ئەبیسم . ئەزانم ئەو سەرسوڕماوە بەو دڕدۆنگی و بێئارامیەی من لەتەنیاییەکەم , وەك چۆن منیش سەرسامم لەئارامی و ماندونەناسی و توانای بایەخدانی ئەو

بەپشیلەكەی .. ئەو ئامادەیە هەموو كاتەكانی خۆی بەپشیلەكەیەوە خەرج بكات , وەك چۆن خۆمان لەنیشتمان هەمووكاتەكانی خۆمان بەكوشتنی یەكترەوە ... ئەوكەسی دەست نەكەوتووە خۆشی بوێت بۆیە پەنای بۆ پشیلەیەك بردووە . ئێمەیش خۆمان دابەشكردبووە سەردووبەرەی دوژمنداو بەدرێژایی ساڵ یەكترمان ئەكوشت , لەهەمان كاتدا هاوسەنگەرەكانی خۆیشمان خۆش نەئەویست . چەند سەیرە ناكۆكیەكانمان ...

گەر خواكردی لەنامەكانی ترمدا زیاترت بۆئەنوسم دەربارەی ناكۆكیە سەیرو سەمەرەكانی خۆم و ئەم پیرەژنەی دراوسێم , دڵنیابە بەم زووانە تەواو نابێت " .

دوای خوێندنەوەی نامەكەت ترسام لەوەی ئەم خەیاڵانە , ئەم بیرۆكە شێتانە , بتخاتە ونگەیەكەوە قەت سەری لێ دەرنەكەیت .. زۆرترسام دوركەوتنەوەت لەچیرۆكە گەرمەكانی خۆمان توشی سەرگەردانیت بكات , چیرۆكی ئەو ڕۆژانەی هەمیشە هابەدوامانەوە .. هەمیشە سێبەرێكەو ئەیەوێت ڕوی هەتاوی دوارۆژمان لێبگرێت .

چ ژیانێك بوو تەمەن لەو ڕۆژگارەدا هاوڕێم , چ شەرمەزاریەك بوو جوامێریەكانی ئەو عەیامەمان , چ خوێڕێتیەك بوو نەبەردیەكانی ئەو سەنگەرانەی بەشانازیەوە خۆڕاگریمان تیائەنواند .

★★ ★★

## سەنگەرەكانی شەرافەتمەندیمان :

بۆیەکەم جار هەموومان لەم سەنگەرانەدا فێری ئەوەکراین چۆن بەبێ ترس و بەبێ دوودڵی چەقۆ بنێین لەملی براکانمان , بۆئەوەی دواتر سەعاتەکەی و کلکەوانە ئاڵتونەکەی و هەرچی لە گیرفانەکانیدا هەیە تاڵانی کەین . فێرکراین چۆن چاڵی مەرگ بۆبرادەرو هاوسەنگەرەکانمان هەڵکەنین ( وەك بەشێك لەو هونەری شۆڕشگێڕیەی عەریف عارف فێری کردین ) , چۆن بەخوێنی ئەو دیلانەی زەلیلانە لێمان ئەپاڕانەوە بۆئەوەی نەیان کوژین تابلۆی سوریالی دروست بکەین , بۆیەکەم جار هەر لەو سەنگەرانەدا ئەوەمان فێرکرا : چۆن کچەکانی سنوری قەڵەم ڕەوی دووژمن ئەتك بکەین , ئەویش بۆخۆی هونەرێکی ئاڵۆزبوو , تافێری بوین ماوەیەکی زۆری ویست { هەر لەوێوە کەسەرەتا ئەیخەیتە سەرپشت – دواتر لەدواوە هەردوو دەستی ئەبەستیتەوە – گەر پێویستی کرد هەردووقاچیشی – ئینجا لەسەر پشت ئەیخەیت – تەواو ڕوت و قوتی ئەکەیتەوە – گەر زانیت کاردانەوەی هەر توندەو چارناکرێت ئەوا چاویشی ببەستە – دواتر بەکامی دڵ تێی بەربووە ...}

لەهەمووی گرنگتر لەو سەنگەرەدا بۆیەکەم جار عەریف عارفمان ناسی , شارەزا ترین مامۆستای تاکتیك و ستراتیجمان . لەناو سێ شۆڕش و حەوت بەرەی دژەشۆڕشدا خەباتی کردبوو , ئەزمونێکی فراوانی کەڵەکە کردبوو , تەنهامامۆستایەك بوو کە فێری هەمووشتێکی کردیت , هەمووشتێکی باش بەتێگەیشتنی ئەو ڕۆژانەت و خراپ دوای ئەوەی لەغوربەتدا باش بیرت لێکردەوە .. هەندێك جار ئەڵێن مەنفا باشترین بوارە بۆبیرکردنەوە

لەڕۆژەكانی ڕابردووی نیشتمان . بەلاٌم تۆڕۆژێكت نەبوو كەبەهی خۆتی بزانیت و بتوانیت یادی بكەیتەوە . تاكوڕی نیشتمان بویت . خاوەنی مرۆڤبونی خۆت نەبویت : یان منداڵێكی ئەدەب سزی دایك و باوكت بویت , یان خوێندكارێكی گوێ ڕایەڵی مامۆستا كەلەشەقەكەت بویت , یان قارەمانێكی جوامێری فەرماندەكەت بویت .. هەمووجارێك تۆژمارەیەك لەژمارەكانی ئەوانی تر بویت .. ئەوانەی خاوەنداریێتی تۆیان ئەكرد .. هەر ڕۆژێكیش بیانویستایە ژمارەكەتیان ئەسڕیەوە .

ئەفسانەیەكی گوندەكەی ئێمە هەیە ئەڵێت " هەموو مرۆڤێك ئەستێرەیەكی لەئاسمان و گلاٌیەكی بەدارەوە و ماسیەكی لەناو زەریاكاندا هەیە , هەر ڕۆژێك مرد ئەستێرەكەی و گلاٌكەی هەڵئەوەرێت , ماسیەكەیشی لەلایەن ماسیەكی گەورەترەوە قوت ئەدرێت " وادیارە مردن لەو سەردەمەی من وتۆدا ئاسانتر بووە لەزەمەنی ئەفسانەكانی گوندەكەمان .

چەند ئاسان لەو ڕۆژانەدا ئەیانتوانی ژمارەكەمان بسڕنەوە , بەهەمووئەو واتایانەی سڕینەوەی ژیانێك هەڵگریەتی . ئەبوایە بەچركەو خولەك چاوەڕێی ئەو قەدەرەبكەین ژمارەی بونمان ئەسڕێتەوە , یان هەوڵی هەڵهاتن بدەین ... هەڵهاتن لەهەمووشتێك . بڕیار بوو پێكەوە هەڵبێین , كەجێت هێشتم دواتر مانەوەی خۆم , وەك هەر ( شۆڕشگێڕێكی كەلەڕەق ) بەهەڵوێست ئەفرۆشتەوە برادەرەكانی ترمان .

لەبیرتە ئەو ڕۆژەی عەریف عارف یاداشتەكانی خۆی بۆگێڕایتەوە , باسی هاوڕێ وەفادارو بێوەفاكانی , خۆشەویستی و ئەتك كردنەكانی , ئەوانەی

وائەیوت " ئەوساهاوڕێی سەنگەرم بوون و ئێستایش بەپۆلێك پاسەوانەوە , بەئۆتۆمبیلی جام تاریکەوە , بەدەیان عاشیقەی ناسکەوە , بەکۆشکی هەشت نۆ قاتەوە , ئەمڕۆیان ئەگوزەرێنن " . عەریف عارف بەئێرەییەوە باسی نازو نیعمەتەکانی ئەکردن . وەك بیەوێت نیشانماندات خۆی لەئەوان کەمتر ئەیخوات و شایستەی ئەوەیە.. ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانی , عاشیقەکانی , پاسەوانەکانی , قادرمەی باڵەخانەکەی , لەهی ئەوان کەمتر نەبێت .

تۆڕۆیشتیت و دەربازبویت , ئیتر خەمێکت نەمایەوە بۆهەلاَتن , چونکە گەیشتیتە ئەو پەناگەی من و هەزارانی تری وەك تۆیش خەونمان پێوە ئەبینی , تائەو ڕۆژەیش نامەکەتم پێگەیشت هەر بەتەمابووم کەڕۆیشتیت شتێك لەپەشیمانیت تیا زیندووبێتەوە , شتێك لەوەفات تیا بێدار بێتەوە , بەلاَم ئەفسوس , نامەکەت بەوە دەست پێکردبوو

— " بۆمن ئیتر هەمووشتێك تەواو , لەئەمڕۆوە من ژیانێکی تر دەست پێئەکەم , ژیانێك خاڵی لەتارماییەکانی ئەوێم , خاڵی لەدۆست و دژمنەکانی ئەوێم , بۆمن هەمووشتێك لەسفرەوە دەست پێئەکات , هەمووشتێك لەبێڕەنگی و لەچەرموێتی خۆیەوە دەست پێئەکات .. لەم ڕۆوە , هەموولاپەڕەکۆنەکان ئەدڕم و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵئەدەمەوە ... ئیتر من بەبێ تەماشکردنی دوا ڕۆژ تەنانەت یەك هەنگاویش نانێم , هەر سەیری دوارۆژو ساتی بەدیهاتنی ئارەزوەکانم ئەکەم , بۆمن تەنها ئامانجێك تێبکۆشم لەپێناویدا ئەو ئارەزوانەیە و ..هیچی تر"

★★ ★★

## ئارەزوەکانمان :-

ئـارەزوی هـەمو کەسـێك ئاوێنـەی خولیـاو بیرکردنەوەکانیـەتی , گـەر دەرون ناسـێك بوایـەم و ڕفتـارم شـیبکردایەتەوە لەتەماشـاکردنی هەرکەسـێکدا هـەر سەیری ئارەزوە کانیم ئەکرد , ڤیروسیا هـەمووجیهانیش پێـی بوتایـەم شـێت , من هەر لەسۆنگەی ئارەزوەکانەوە سەیری کەسایەتیانم ئەکرد . ئێستا کەبیرلە ئارەزوەکانی ئەو ڕۆژانەی خۆمان ئەکەمەوە , تێگەیشتوم ژیانمان چەندە لەبێ ماناییدا ئەخولایەوە , چ زەلکاوێکی بۆگەن غەرقی کردبوین .

ئـارەزوی ئـەوەی کەلەسـەرێك لـەو بـەرەوە سەردەربێنیـێت و بەگولەیـەك تەپڵـەکی سـەری هـەلگرین , بـەس بۆئـەوەی دەسـت و نیـشانی خۆمـانی پـێ بنـوێنین .. ئـارەزوی سـەرەڕۆیی کـردن بەژیانـەوە بۆبەدەسـت هێنـانی ئافـەرینێکی سـەرۆك .. ئـارەزوی دروسـت کردنـی ئەوقاڵـەی ئـارامی گەڕەکـە ماڵێکی تێك ئەدا , ئـارەزوی ئەوتوانجـە ناشـیرینەی ڕوخـساری کـچۆڵەیەکی لـێ گرژ ئەکردین , ئارەزوی مەغرور بوون ئەوکاتانەی گیرفانمان ئەکەوتـە پـڕی .. ئـارەزوی وێنـەگرتن بـەتاقم و تفـەنگی بـەرەکانی جەنگـەوە... , تـەواوی ئـەو ئارەزوانەی ترکە ژیانی ئەو سەردەمەمان بۆی ئەژیاین .

ئارەزوەکانمـان گەرواناشـیرینیش نەبوایـە گەلـەك بـچوك بـوون ... بینینێکـی دوربـەدوری دڵخوازەکـەمان , هەنـدێك ڕۆژ تێرخـواردن لەجگـەرەی گـرێڤن و پۆشینی ڤاتێکی جوان ...

تەنها مەزنیەك ئێستا بیرم بێتەوە , ئەوساتانەیە کە حەسرەت و ئـاخی بـەدی نەهاتنی ئەو ئارەزووە نابووت و بچوکانەمان تیا ئەکێشا..

★★ ★★

## دوارِۆژ :

لەویٚ فێربویت بۆدوارِۆژ بژیت , هەمووجارێك لەنامەكانتدا چەندجارێك ( دوارِۆژی خۆم ) ت ئەنوسی , رەونەقی وشەكانت خەیاڵی پیاوێكی دوارِۆژ پەرستی نیشان ئەدا .. من و تۆیش پێشتر هەر لەوتارەكانی سەرۆكەوە وشەی دوارِۆژمان ئەبیست , وام ئەزانی هەر ئەوان بۆیان هەیە قسە لەسەر دوارِۆژبكەن , بەڵكو دوارِۆژ ئەو چارەنوسەیە تەنها ئەوان ئەتوانن رەنگرِێژی بكەن . هەر بۆیە تائەو رِۆژەیش تۆ لەنامەكانتدا باسی پیلانە دوارِۆژیەكانی خۆتت بۆئەكردم , من هەر وام ئەزانی تەنها بۆدۆزە سیاسیە گەورەكان ئەكرێت وشەی دوارِۆژ بەكاربهێنرێت . لەبیرتە سەرۆك چۆن هەموو جارێك باسی دوارِۆژی نەوەكانی داهاتومانی ئەكرد , هەووجارێك بەڵێنی دوارِۆژی پرشنگداری ئەدا بەگوێی ولاٚتە داماوەكەماندا , بەتایبەتی لەو كاتانەی ئەیویست رامانكێشێت بۆ سەر سندوقەكانی دەنگدان , بۆهەڵبژاردنە فول دیموكراسیەكەی خۆی و دارو دەستەكەی , یان ئەوكاتانەی ئەیویست رِەوانەی شەرِگەكانمان بكات .

.. خودایە چەندجوان وێنەی دوارِۆژی ئەخستە پێشچاومان .. چەندە شاعیرانە وشەی دوارِۆژی بەئیقاعێكی خۆش دەرئەبرِی.

هەر لەوكاتەوە زانیم ئیتر تۆ بەشێكیت لەیادەوەری ئێمە , بەلاٚم ئێمە جێگەی خاڵێكی سفریشمان داگیرنەكردووە لەیادەوەری تۆدا .

★★ ★★

بەسنگی ناولەپت هەڵمی سەرجامی فرۆكەكەت ئەسرِیت , وانازانیت دایكێكت هەیە باوەشت بۆبگرێتەوە , دڵسۆزێكت هەیە پێت بڵێت غەریبیمان كردیت . دڵتەنگی چنگ لەبەربینت گیرئەكات , گریان تەواو خۆی لەمەلاشوتدا خرِئەكات .. چەند خۆشە رِێگەت بدەن تێربگریت ئەوكاتەی گریان زۆرت بۆدێنێت , ئەو كاتەی ئازاری دڵ كانیاوی چاوەكان ئەتەقێنێت .. ئەم كاتانە لەدەست نەدەیت , ئەمەدەرفەتە زێرِینەكانی گریانە , تەنها دوای تێپەرِبونی بیری بۆئەكەیتەوە و ئەزانیت چ كاتێكی بەنرخت لەدەست داوە بۆگریان , وامەزانە مرۆڤ كەی بیەوێت ئەتوانێت كاتەكانی گریانی خۆی هەڵبژێرێت , هەندێك جار سێیەكی تەمەنمان خەرج ئەكەین بێئەوەی ئەوساتانەی گریان ببینین وا رِۆح زاخاوئەداتەوە .

★★ ★★

## دواهەلی گریان :

هیچ تەماشای دوارِۆژە چاوەرِوانكراوەكەت مەكە , گەر لەحیكمەتی ئەوگریانە تێبگەیت هەرگیز بەپولێكی قەڵبیش نایكرِیت .. ئێستا تۆ بارودۆخێك ئەژیت پێویستە ئاورِ لەرِابردووە بریندارەكەت بدەیتەوە , ئەو رِابردووەی كەگریانی لە گەروتدا گیركردووە , پێویستە بگریت هاورِێم .. پێویستە ... , بگریت بۆئەو هاورِێیانەی لەنیوەی رِێگەدا فەوتان و جێیان هێشتین , ئەوانەی لەسەنگەرەكانماندا گولەیەكی گەرم ساردی كردنەوە , ئەو كچە نەشمیلانەی بەبەڵێنە درۆینەكانی ئێمە ئەخەڵەتان و برا بەشەرەفاكانیان سەریان ئەبرِین .. خۆكەژاڵت دێتەوە یاد .. ئەوكچەی بەرلەئەوەی عەشق بێتە ناوژورە

تاریكـەكانی ڕۆحتـەوە ئـەو خـۆی پیـاكرد .. وەك ئـەو كـچانەی ئەیانویـست وێرانەیـەكمان تیائـاوەدان بكەنـەوە كـە بـەئاوەدانیش هـەر كـەڵكی نـەمابوو .. یـادی هـاوڕێ شـەرەف گرانـەكانی خۆمـان بكـەرەوە , ئەوانـەی دوای ئـەوەی خوشكەكانی خۆیـان ئەكوشـت ئەهاتنـە ڕیـزی فەرماندەییەكـەی سـەرۆكەوە .. پێم سەیرە گەر تۆبتوانیت بێ گریان ئەو ڕۆژانـە یادكەیتـەوە .. پـێم سـەیرە ..هەڵنەلـەرزیت لەبـەر تارمـایی ئـەو گوناهانـەی مێـژووی ژیـانی ئـەو سـەردەمەمان پێـی كـردین .. گـوزەرانی ژیـانی ئـەم ماڵـە پەڕپوتـەمان توشـی كــردین .. ســەنگەرەكەی ســەرۆك (...) , خۆشــباوەڕیەكەی كــەژاڵ و هەمووكەژاڵـەكانی تـریش , ئـەو كەژالأنـەی خوێڕیانـە لێئەگـەڕاین تـابرا بەشەرەفە كانیان لەپشتی ملەوە سەریان ئەبڕین .

★★ ★★

## سیحری مێژووەكەمان :

گـەر دوای سـالأنێكی تـر مێژووناسـێكی خـاوەن ویـژدان بیەوێـت وەسـفی مێژووەكـەمان بكـات لەوانەیـە بڵێـت : وەك ڕوخـساری سـۆزانیەكی پیروایـە كەتاسـەیری خـۆی نـەكات وائەزانێـت شـاجوانە , هـەر كەخۆیـشی بینیـەوە لەئاوێنەیەكـدا , ئـیتر ڕوی ئـەوەی نامێنیـّت خـۆی پێـشكەشی هـیچ یـەك لـە مـشتەریەكانی بكـات .. ببـورە ئاوێنەكـەی مـن وای نیـشان ئـەدات , تـۆیش ئارەزوی خۆتە .

گـەر لـەم گەڕانەوەتـدا بـواری بیركردنـەوەت هـەبوو مـەرج نیـە هـەموو یادەورەیـەكانت زیندووكەیتـەوە , دڵنیابـە زۆربـەی هـەر بۆئـەوە باشـە

بیمرێنیت .. فەرامۆشی كەیت .. بەلاَم بەداخەوە لەبیركردنیش توانایەكی میتافیزیكی گەورەتری ئەوێت , توانایەك دڵنیانیم كەئایا لای تۆ دەست ئەكەوێت یان نا .

ئەوەتادایكەت دێتەوە پێشچاو , بەبەرگە ڕەشەكەیەوە , ئەو بەرگەی كەلەولاَتدا سیمبوڵی جگەرسوتانە , ئالاَی ئازیزمەردەكانە . ئەوەتا هاوڕێكانی منداڵیت هەریەكەیان قەدەرێك بەدوای خۆیدا كێشی كردوون .. ئەمیان ئەفسەرێكی وەزارەتی ناوخۆیە , ئەویان پزیشكێكی شارەزاو , ئەویتریان تازە بەرپرسێكە كەبەگەندەڵی ناوبانگی دەركردووە , ئەوانەیشیان وا لەشەڕە بێهودەكانی خۆماندا بونە قوربانی ئێستا دایك و باوكیان موچەی شەهیدانەكەیان وەرئەگرن .

من سالاَنێكی زۆر زووتر چاوەڕێی ئەم ڕۆژەم لێكردیت , ئەمزانی ڕۆژێك دێت پەشیمانی حاسڵ ئەكەیت , ڕۆژێك دێت ئەڵێیت خۆزگە وا نەچوایەم . بەلاَم تۆ زۆركەلەرەق تر بویت .. هەر كە ڕۆیشتیت ئیتر ئاوڕت لەدوای خۆت نەدایەوە . وات نەئەزانی ڕۆژێك دێت یادەوەری ئەو كچە بێچارەیە ئازارت ئەدات , ئەو كچەی كەهەتاماویت وەك تارماییەك هابەدیار یادەوەریە بریندارەكانتەوە , ئەو پاك بوو .. پاكتر لەهەموو پاكییەك .. جوان بوو .. جوانتر لەهەمووجوانیەك .. ئەو دەستخەڕۆی بەڵێنە درۆینەكانت بوو , گیرۆدەی فرووفێڵە دۆزەخیەكانت بوو , بەبۆنەی تۆوە نەفرەتی كرد لەڕەگەزی پیاوو كۆتایی بەهەمووچیرۆكەكانی خۆی هێنا ..

تۆ هەر بەدرۆ خۆتت كردە شۆڕەسواری خەونەكانی ..نەتزانی دەشێت ڕۆژێك بێت ئەو درۆزلانەی تۆ ژیانێك وێران بكات .. نەتزانی یاری كردن بەسۆزی عاشقێكی ڕاستگۆ هەتاهەتایە لە گوناهەكەی پاك نابیتەوە , خرا پتر لە هەزارگوناه لەو گوناهانەی واكتابە ئاسمانیەكان ناویان هێناوە , یان بیریان چووە ناوی بهێنن ..

★★ ★★

## لەكەناری سیروانا :

لەبیرتە لە كەناری سیروانا پێكەوە شەرابە كۆنەكەمان ئەخواردەوە ...

ئەویش لەشوێن دانیشتنەكەی ئەو ئێوارانەی خۆماندا , هەر لەو كەنارە نسرمەدا گریاو دوا ڕازەكانی خۆی بەدەم ئاخ وناڵینەوە پێ وتم .

سیروان ئەو ڕۆژانەی لەهەموو كاتێك زیاتر وردە شەپۆلی ڕەوانەی كەنارەكان ئەكرد , ئەمبەرو ئەو بەر ئەهات و هاژەی ڕۆیشتنێكی بێباكانەی دەرئەبڕی , ئەو ماوەیەك بوو فێری خنكاندنی مەلەوانەكانی خۆیشی بوبو , فێری قوتدانی ئەو ڕێبوارە وێڵانەیش كەرێكەوتێك ئەیهێنان و ئەویش لەلای خۆیەوە سەرنگونی ئەكردن .. لەوە ئەچێت دڵڕەقیەكەی ئەو ڕۆژگارە سیروانیشی گرتبێتەوە , چونكە فێری لەبیركردنی هەمووشتێك بوبو , زۆر ڕوو سەختانەو بێباك قوربانیەكانی لەباوەش ئەگرت و سەرنگونی ئەكردن .

سۆزی گریاو من فرمێسكەكانیم نەسڕی ...

ئەو گلەی كردوو من نەمتوانی دڵی بدەمەوە ...

ئەو وتی " ئیتر من دوابڕیاری خۆم ئەدەم و ... " منیش دەستیم نەگرت ,

چ چرکه ساتێکی سەختبوو هاوڕێم ... هەرگیز لەبیرم ناچێت ...دواجار بەپێشچاومەوە نوقم بوو .. هەر یەك جار خۆی فڕێدایە ئاوەکەوە و ئیتر نەمان بینیەوە .

وامەزانە دەفتەری یادەوەریەکانمان ئەو خیانەتەی تۆی لەبیرئەچێتەوە .. وامەزانە دەفتەرەکۆنەکانی مێژوو کەئەمڕۆیان لەهەمووڕۆژێکیان تڕۆترە ئەو غەدرەی تۆیان لەبیر ئەچێت ..نا..نا .. ئەگەر مانایەك مابێت بۆیادەوەری .. ئەگەر قەڵەمێك و شوشەیەك مرەکەب مابێت بۆمێژوو , ئەو غەدرەی تۆ هەر وا بەزیندویی ئەمێنێتەوە . هەرئەبێت ڕۆژێك لەڕۆژان دەستێکی ئەمین بێت و بینوسێتەوە , ( لەو دەستانەی کەبەڕاستگۆیی چیرۆکی ئەو عاشقە درۆزنانە ئەنوسنەوە کەئەڕۆن و خۆشەویستەکانیان جێ ئەهێڵن .. ئەڕۆن بێئەوەی ئاوڕێك لەدوای خۆیان بدەنەوە ).

جامی فڕۆکەکە پاك مەکەرەوە , بۆتۆنیە دنیا بەبێ تەڵخ ببینیت , چونکە ئەوانەی چاوەکانیان بێ ڕتوش شت ئەبینێت وەك تۆ دەستیان لەگوناهە گەورەکاندا نیە , وەك تۆ ناویان لەدەفتەری یادگاریە بێ وەفاکاندا نیە .

★★ ★★

## هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تر :

من نازانم بەلای تۆوە چ شتێك پێویستە لەبیرکرێت..

چ شتێك تواناکانی تۆ بۆلەبیرچونەوە دەرەقەتی دێت و , چ شتێکیش نا .

حیکمەتەکانی ژیان ڕێگە بەهەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی ئەدات دوای ڕەشکردنەوەی هەزاران لاپەڕە بەخوێنی غەدر . تاوانکارەکان لەو کەسانەن

کەهەمیشە حەزلەهەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ ئەکەن .. کەس هێندەی ئەوان تامەزرۆی هەڵدانەوەی لاپەڕەی نوێ و لەبیر کردنی لاپەڕە کۆنەکان نیە . لەپێناوی هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕە نوێیەش زۆرجار ڕێگایەك هەڵئەبژێرن کەپشتی هاوڕێکانیانی تیا ئەکەنە پردی پەڕینەوە ..! وەك ئەوڕێگانەی لەو ڕۆژگارەدا هەموومان پیائەڕۆیشتین .

ناهاوڕێم .. هەرگیز تۆناتوانیت بە سانایی وێنەکانی خۆت بگۆڕیت , هەموو شتێك قابیلی بیرچونەوە نیە ..

★★ ★★

## پەراوێزێك کەپێویست نیە تەواوی کەم :

جامە کە مەسرە .. کێ نالێت ڕۆژگاری داهاتوت بەتەمێکی خەستر لێڵ نابێت نەك ئەو هەڵمە خاوێنە , تەمێك لەڕابردووە شەرمەزارەکانەوە هەڵئەسێت , غوبارێك لەسەنگەرە ناجوامێرەکانەوە هەڵئەکات ... تائێستایش نازانم بەکێدا ئەم چیرۆکە هەڵقرچاوانەت بۆبنێرم .. مەگەر بە باڵندە کۆچەرەکاندا , تەنهاخێرای گەیشتنی ئەوان ئەتوانێت ئەم بێووارەی من بەجێ بگەیەنێت . ئەزانم پۆستەی هیچ شارێك ئەو خێێراییەی نیە ئەم ئەرکە قورسەیمن جێ بەجێ بکات , مەگەر ئەو باڵندە کۆچەرانەی هەمووتەمەنیان بەدەم گەشتە وێڵەکانەوە ئەبەنەسەر .. زۆرپێویستە هاوڕێم بەرلەدابەزینت لەفڕۆکەکە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانەت تەواو کردبێت . کەهاتیت لەوەناچێت من بتوانم باوەشت بۆبگرمەوە , فڕۆکەخانەکە هێندەی خەڵك تیا ئەبێت بۆتۆ بەس بێت , من تائەوکاتەیش هەربیری لێ ئەکەمەوە . بەڵام لەوەئەچێت زۆر

سەخت بێت ئەو بڕیاری هاتنەم جێ بەجێ بکەم کەلەهەر خولەکێکدا چەندین جار لێی پەشیمان ئەبمەوە .

★★★

# پاكنامەی پیاوێكی شەرەف خاوێن

من خۆم باوكی ڕوبار نیم , هەرگیز ئێرەیی بەو باوكایەتیەی ئەویش نابەم , بەلاّم ئەتوانم لەحیاتی ئەو چیرۆكە سەرسوڕهێنەرەكەیتان بۆبگێڕمەوە , ئەتوانم بەشێكی نهێنیەكانتان پێبلێم ..ئەو نهێنیانەی گەر من نەبم ئەبێتە ژێرغوبـاری زەمەنـەوە , هەرگیزنەبـەئێوەو .. نەبـەهیچ كەسێكی تـر نادۆزرێتەوە .

( ڕوبار + باوكی )

ئەمانە هەردوو پاڵەوانە تەنیاو بێوێنەكانی ئەم چیرۆكەو بەشی هەرە زۆری كتێبی ( پاكنامەی پیاوێكی شەرەف خاوێن )ە . لەوانەیە بۆ ڕوبارلەگەڵم نەبن و بڵێن وەك هەمووكچەكانی تر ئەویش لەو ڕۆژگارەدا جەستەی ناسكی خۆی ئەكردە بەرتیل و ئەیدایە دەرخواردی بەرپرسە دڵتەڕەكانی ولاّت , بەلاّم باوكی پیاوێكی پاكتر بوو لەوەی گوناهە بچوك و خوێڕیەكانی ڕۆژگار پیسی بكەن . ئەوان وەك هیچ باوك و كچێكی تر نەبوون , بەباوەڕی خۆیان لەخێزانێكی نمونەییدا , نمونەی باشترین پەیوەندی باوكی و كچی كۆی كردونەتەوە .

ڕوبار زیاد لەپێویست نازداربوو , نەك هەر لەبەر ئەوەی کچی گەورەی خێزانەکەی بوو ,یان هەموو جارێك باوکی ئەیوت " لەبونی ئەو دا فریشتەیەکی پیرۆز بەدی ئەکەم , فریشتەیەك تائەو پەڕی ساکاری و بەرائەت " . بەڵام ئەوان پاکی ڕۆژگاریك بوون کەهەموو شتێك تیایدا بەرەو پیس بوون ئەچوو , هەمووبەهاکان وردە وردە خاوێنی خۆیان لەدەست ئەدا .
باوکی ڕۆژێکیان بۆی دەرکەوت سەرتاپای شار گەندەڵ بووە , کچەکەی ئەویش خۆی خستۆتە زەلکاوی ئەو گەندەڵیەوە , هەر ئەو ڕۆژە هەڵوەرینی پەیکەری شوشە ئاسای ڕوباری بینی , بەچاوی خۆی بینی چۆن بۆگەنی کوتی پەیکەرەخاوێنەکەی , وەك بۆنی لاکی سەگە تۆپیوەکان دەورو بەرێکی هەراسان کردووە , ئەو سەگانەی کەلەسەر جادەکانی کەناری شار ئۆتۆمبیلی شۆفێرە هەڵەشەکان لێی ئەدات و لاکەکەیان فرێئەدرێن تا بۆگەن ئەکات ..
خۆیشی و ڕوباری کچیشی .. بەجیاو هەریەکە لەلای خۆیەوە , هەڵپەیان بوو چۆن بتوانن لەو کێشانە دەرباز بن کەلەڕێگەی دامەزراندنی ڕوباردا دروست بوبوو .
خۆی زۆرجار ئەیان گەیاندە لێواری نائومێدی ...
بەلاّم ڕوبارهەر ئەیوت
- " باوکەگیان خەمت نەبێت هەر بۆم جێبەجێ ئەبێت ... ئەمەوێت بزانم ئەنجامەکەی بەکوێ ئەگات ... من هێشتا هەمووتوانای خۆمم لە کارەکەدا نەخستۆتە گەڕ ..."

باوكە سەری سورمابوو ئەبێت ئەو توانانە چیبن لای ڕوبار هەیەو ئەو نیەتی . ڕوبار هەمیشە ئومێدێكی بەسەركەوتنی ئەنجامی هەوڵدانەكانی هەبوو , بەلاَم باوكە زۆربەی ڕۆژەكان نائومێدیەكەی زیاترو تاڵتر ئەبوو ..

من و تۆو ڕوبارو باوكی ڕوباریش , بەڵكو هەمومان , بەجۆرێك لەپەیوەندی ئەژین كەپێی ئەوترێت متمانە : متمانە لەنێوان ڕوبارو باوكی , من و باوكم , تۆو باوكت .. هەمومان لەدامێنی ئەم پەیوەندەیەو ئارامیە ڕۆحیەكانیدا ئەژین . لەقولاَیی متمانەیەكی لەم جۆرەدا ڕوبار نازدارترین منداڵی ماڵ بوو , تاتەواو گەورەیش بوو لە ئامێزی ئەو متمانە بەتینەدا بوو كە باوكەو هەمو منداڵەكانی ترو دایكیشیانی كۆكردبووەوە . ئەوەتا ڕوبار گەورە بووە .. هێندە گەورەیە كەپێویستی بەكە س نەبێت خەمی بخوات .. نا .. ئەو هێشتا هەر لەخەم دەرنەچووە , باتەواو گەورەیش بێت و چەند ئاستێكی خوێندنیشی بڕیبێت .. چونكە " ئەو كچەو دامێنی خۆی دوژمنیەتی " , یادی بەخێر هەموو جارێك نەنەخانی وەهای پێ ئەوت .

باوكی ڕوبار هیچی لەبارەی دەرونزانی فرۆیدەوە نەبیستبوو, نەیئەزانی فرۆید چۆن غەریزەی سێكس بەیەكێك لەهۆكارەكانی بونیادنان و كاولكردنی شارستانیەت ئەزانێت , گەرزانیاری لەو جۆرەیشی هەبوایە كێ ئەڵێت بڕوای پێئەكرد ,یان ئەیزانی كەڵكی لێوەربگرێت . ئەو پیاوێك بوو لەژیانەوە فێر ئەبوو , مەرج نیە بۆئەوەی نەخشی سێكس لەژیاندا بدۆزینەوە هەر ئەبێت فرۆید بخوێنینەوە , بۆئێمە ژیان لەو سەردەمەدا هەر ڕۆژێكی هێندەی كتێبی ( دڵەڕاوكێ لەشارستانیەتدا ) (★) ی فێر ئەكردین , ئەو بەحیكمەت و

شارەزای خۆی گەیشتبووە ئەو باوەڕەی سەردەم سەردەمی سێكس بازیە . تەنها جەستەی جوان و وروژانەكانی ناوگەڵە لە هەموو شوێنێكی ولاَ تدا ئاراستەی شتەكان دیاری ئەكات ,گەیشتبوە ئەو بڕوای ولأت تەواو ڕەنگ و بۆی سێكسی وەرگرتووە . لەتەلەفزیۆنەوە هەمووشەوێك دراماى ئەو پادشای نیشان ئەدا كەهەر ڕۆژەو كچێكی جوانی ولأت خۆی بۆئەكردە دیاری , ئەویش لەلای خۆیەوە سەرتاپای زەرد ئەكرد لەزێڕداو ...

هەموو ڕۆژنامەكان وازیان لەبلاَو كردنەوەی ئەو هەوالأنە هێنابوو كەئەچوونە دەرەوەی سەرەڕۆی نێوان عاشق و مەعشوقەكانەوە ...

هەمووبازرگانەكان وازیان لەبازرگانی كردن بەكالأكانی ترەوە هێناو دەستیان كردبوە بزنسی لەشفرۆشی , پێكهێنانی بارو هۆڵی تیاترۆخانە ...

بەچاوی خۆی ئەیبینی كەچۆن ڕوخساری جوان وناسكۆڵە كاری لەبەر ئەڕوات , چۆن قەدو بالأی جوان گرنگی حیكمەتی هەزاران ئەفلاتو ن و سەدان ساڵ ڕابردووی پڕجوامێری هەیە .

★★

كەوتە دوای كارەكەی ... لەم فەرمانگەوە بۆئەو فەرمانگەو ... لای ئەم بەڕێوبەرو كاربەدەستەوە بۆلای ئەو ... هەندێك جار زۆربەباشی ئەخرایە ڕێ , بەجۆرێك كەتێر سوپاسگوزاریان ئەكرد , هەندێك جاری تر توشی فەرمانبەرێكی میزاج ناخۆش ئەبوو , كێشەو گرفتێكی زۆریان ئەخستە

ڕێگەی كارەكەی و تاخۆی لێدەربازئەكرد گیانیان ئەگەیاندەوە كونە لوتی ..خۆی بەسروشت پیاوێكی لەسەرخۆ و بەسەبر بوو , ئەیزانی چۆن چاوەڕێ بكات تانۆرەی چونە ژورەوەی دێت ,تاكاتی تەواو بونی كارەكەی دێت , تا...

ئەو ئێستا بەشێكی زۆری كارەكانی تەواو كردوەو بەس پێویستی بەئیمزای بەڕێوبەری گشتی (..) هەیە . ڕۆژ خەریكە لەگەرمای نیوەڕۆدا خۆی سورئەكاتەوە , ئەمیش زۆری مەبەستە هەرئەمڕۆ ئەم ئیمزا بەدەست بێنێت و نەكەوێتە سبەینێ ... بەپەلەپەل لەتەكسیەكە دابەزی و خۆی كردە فەرمانگەی ( X ) دا , تەكانیدا بۆبەردەرگای ژورەكەی بەڕێوبەر ...

★★

سالآنێكی دواتر كە وەك تەنها پیاوێك بەداوێن پاكی , لەزنجێكداو لەكەناری شارێكی پیسی سێكساویدا مابووەوە , تەنها مانەوەی بەو خاوێنیە لەو شارەدا كردیە پیاوێكی ئەفسانەیی , پیاوێكی پاك وەك فریشتەبڕوادارەكانی ئاسمان , كەهەندێك ئەیانوت لەنەوەی ( خدری زیندو ) ەو , باسی ئەوەیش هەبوو هەموو شەوانێكی چوارشەمە نور لەزنجە بچكۆلەكەی هەڵئەسێت , ئێمە پێمان سەیر بوو ئەو زنجە ی كەبە قامیش و چیخی قەڕەم دروست كراوە چۆن بەگڕی ئەو نورە ناسوتێت ..!! گشت دۆست و برادەرانی هانیاندا بیرەوەریەكانی بنوسێتەوە , بۆئەوەی تۆمارێكی مێژوویی راستگۆییانەمان پێش كەش بكات , لەشارێكدا كەكەس گومانی لەكاول بونی هەمو ئەو بەهانە

نیە کەوەك ڕاستی و پاکی و جوانی ڕۆژگارێك ڕەواجی خۆیان هەبوو . لەبەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانیدا کەساڵی 2033 بەشێوەی کۆمەڵە وڕێنەیەك بلاّوی کردوە , وەها باسی ئەو ڕۆژەئەکات - " من لەپەلەپەلی هەرچی زوجێبەجێکردنی کارەکەی خۆمدابوم , بێئاگالەهەموو شتێك سکرتێرەکەی ڕێگەی چونە ژورەوەی لێگرتم و وتی :

-" جارێ چاوەڕێ بکە تاخۆم ئەتکەمە ژورە وە "

پاسەوانە تایبەتیەکەیشی وتی

-" بڕۆباڵەولاتر بتپشکنن ... ترسمان لەوەیە ئەو ڤایرۆسە کوشندەی لەشاردا بلاّوبۆتەوە , وەبۆنەی خەڵکانی وەك ئێوەوە بگاتە جەنابی بەڕێوبەریش "

هەر یەك جار وای وت , ئیتر تانزیکەی یەك کاتژمێرچاوەڕوانیم نەکرد لێی نەپرسیمەوە. ئەوە نەبێت من لەو جۆرە کەسانە بم کەیاساو ڕێسای کار بەڕێکردنی فەرمانگەکان نەزانم , بەش بەحاڵی خۆم هێندە شارەزای لۆژیکی فەرمانبەرەبەرتیل خۆرەکانیش بووم کەیەکسەر لەئاماژەکانیان تێبگەم , ئەو کاتانەی کەئەڵێن " کاکە یارمەتیمان بدە .. ئێمەیش یارمەتیت ئەدەین ... مادام ئەتەوێت زوو بکەویتە ڕێ ئێمەیش ... ", من لەقوتابخانەی ژیاندا فێری ئەو وانە گرنگانەبووم , هەمویم بەنەشتەری ئازارلەناو مێشکمدا وەك زانیاریەکی بەنرخ هەڵکۆڵیبوو . بەلاّم ئەم سکرتێرە لەبەرتیل خۆرەکان نەئەچوو ... نەوەك ئەوان ڕوخۆش و زمان شیرین بوو , نەئەیوست بانگم کاتە لاوەو بچپێنێتە گوێمدا , نەهەوڵی ئەدا بۆم بسەلمێنێت کارەکەم کارێکی

زەحمەتەو ... لەڕاستیدا من هەر تەنها واژویەكی لای ئەمانم مابوو ..چاوەڕێ نەبوم ئاوابەو جۆرە خەریكم كەن ... چونكە دوونامەی خاتردارانم لەگیرفاندا بوو ... هەمو كارەكەی منیش دامەزراندنی ڕوباری كچم بوو كەئەو ساڵ تازە خوێندنی زانكۆی تەواو كردبوو .

لەڕواڵەتدا سەیریكەی كارەكەمان كارێكی ئاساییەو هیچی ناوێ , بەلاَم چونكە بۆمان جێ بەجێ نەئەكرا هەم من و هەم ڕوباریش كەوتبوینە هەڵپەوە ...چەند خەڵكی دەستڕۆیشتومان ناسیبێ چووین بۆلای و داوامان لێكردووە ... هەریەكەمان لای خۆیەوە خەریك بوو ...

هەرچیم دەكرد ڕێگەم نەئەدرا بچمە خزمەتی ئەو عالی جەنابەی كەدەبوایە ئیمزاكەی بۆبكردایەم و لەنزیكەوە لەهۆكاری نەكردنەكەی تێبگەم .

ئێوە تەماشای من و سكرتێرەكە بكەن : لایەنی سەرنج ڕاكێشی حكایەتەكە :- پێكەوە ڕۆژانی هەرزەكاریمان لەیەك داواناوەندیدا بردبووە سەر , لەبەر ئەوەی لەیەك گەڕەكیشدا بوین , پێشتر لەخوێندنی سەرەتایشدا هەر لەیەك قوتابخانە بوین , هەمیشە مەرحەبایەكی هاوڕێیانەمان لەنێواندا هەبو . لەو كاتەوە دامەزراوە بەسكرتێرەیی , پۆشتە ترو جوانترو بەویقار تر دەرئەكەوێت , بەلاَم سالاَنێكی زۆری لێكدابڕانمان وای لێكردین كەكەسمان هەواڵی ئەم دواییانەی یەكتر نەزانین , ئەمزانی مێردی كردوە بەكابرایەك و ئێستا ... دیاربوو بەو كەشخەییی و ویقارەوە جۆرێك لەبەختیاری و خۆشنودی دەستگیربووە , بەختیاریەك هێندە ببێت كە هەر ئافرەتێكی شارەكەی خۆمان لەشوكردندا بەئاواتی ئەخوازن ...

سەلامێكم لێكرد وچاوەڕێ بوم وەك یەكێك لەهاوڕێ كۆنەكانم بەگەرمی بێتە دەممەوە , بەپێچەوانەوە زۆرسارد بوو , ساردتر لەوەی كە عەقڵ گیربێت , هەركە بینیمی پەشۆكاو نیشانەكانی نائارامی لەڕوخساریا دەركەوت , من و ئەو لەهەموو تەمەنی هاوڕێیەتیماندا بێكێشە بوین , هیچ ڕۆژێك شتێكی وا لەنێوانماندا ڕوینەداوە تائێستا ئەو هەڵسوكەوتە نائاساییەی وەك كاردانەوەیەكی ئەوە بزانم ... ئەوەتا ئەمڕۆیش هاتومەتە بەردەستی هیچ عەیبێكم نیە تائەو وەها سڵم لێبكاتەوە , پیاوێكم ئەزانم چۆن بەشوێن جێەجێبونی كارەكانمدا بڕۆم , لەهەمو ئەو خەڵكانەی تر لێرەدا وەستاون , لەهەموو ئەوانەیش پێشتر هاتون و ڕابردوون , باشتر ئەزانم فەرمانبەرەكان بدوێنم و بەقسەی خۆش ..., بەلاَم پێم سەیرە بۆچی ئەو سكرتێرە جوان و خان و مانە ئەو ڕۆژە وەها بێ ڕێزی كردم ..! من تائێستایش هەر وائەزانم شایستەی ئەو بێڕێزكردنەی ئەو نەبوم . من چاوەڕێی ئەوەم لێئەكرد وەفام بەسەردا ببارێنێت , وەفای بۆڕۆژەكانی هاوڕێیەتیمان وەهای لێبكات كارئاسانیم بۆبكات نەك ...

ئیوەئەگەر تڕۆبونتان بەدەستی كۆنە هاوڕێیەكی خۆتان نەبینیبێت , بێگومانم ناتوانن لەو تورەیی و ئازارەی ئەو ڕۆژەی من تێبگەن ..هەركەسێك كۆنە دراوسێی خۆی سوكایەتی بەرامبەر نەكردبێت , لەلایەن هاوڕێی منالیەوە بێڕێزی بەرامبەر نەكرابێت , نازانێت من توشی چ شۆكێك بووم . ئەمویست تێبگەم لەو نهێنیانەی لەپشت هەڵسوكەوتو هەڵچونەكەی ئەو ژنەوەیە , كەچی هیچم بۆڕون نەبووەوە , زۆر گەڕام بەدوای ئەو هۆكارانەی

لە تورەیی مرۆڤ ئەكۆڵنەوە , ئەوانەی هۆكارەكانی لوت بەرزی وبێرێزكردنی بەرامبەر شی ئەكەنەوە , هەرچیم كرد نەمتوانی پاساوێك بۆئەو بەدەمەوە هاتنە ساردەی بدۆزمەوە ..

( ئەمە نهێنیەكە وەك چۆن من تاهەمووشتێك تەواو نەبوو بۆم ئاشكرا نەبوو .. ئێوەیش تەنها دوای خوێندنەوەی ئەم بیرەوەریانە , بمبورن ورێنانە .. لەوانەیە بتوانن سوسەیەكی بكەن .. یان گومانێكتان لابێتە یەقین , كەدورنیە هەردوای نیو كاتژمێر بەگەمژە ترین گومانی تەمنتانی بزانن ... )

پێش ئەوەی من قەواڵەی خۆم بخوێنمەوە , شەرحی تەواوی كارەكەی خۆمی بۆبكەم , سكرتێرە خانمەكە چووبەگژما .. قیژانیە سەرماو وتی

- " دەباشە كاكە ... ئەو خەڵكەیش هەموو وەك تۆكاری هەیە ... كەسمان لەدەست بەتاڵیدا نەهاتوینەتە ئێرە ... " .

لەسەر لاپەرە زەردەكانی كتابێكی بەرگ رەقی گەورە , كەلەكتێبخانەی ناوەندی شاردا بە ( پاكنامەی پیاوێكی شەرەف خاوێن ) ناونرابوو , ئەم روداوەی ئەو رۆژە وەها گێررابووەوە .

لەم كاتەدا كەباوكی نازانێت روبار لەژورەوەیەو لەگەڵ جەنابی بەرێوبەردا خەریكی ....نن . بائەوەیش بزانین كە ئەمە سەرەتای كارنیە بۆ روبار , ئەو پێشتر دەستی پێكردبوو . هاورێ و هاوتەمەنەكانی خۆی ئەیان وت لەشەوێك لەشەواندا , لەیەكێك لەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانەی كە بۆسەرگەرم كردن , بۆجوان نیشان دانی روخساری مەدەنیانەی شار , میوان داری كچە

شۆخ و شەنگە نیمچە ڕوتەکانیان ئەکرد , جارێکیان کە ڕوباریان کردۆتە میوانی بەرنامە وتویەتی

- " من ڕۆژگارێکی زۆر پێش ئەو ڕۆژە ی باوکم پێی زانیم دەستم پێکردبوو , هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی نیشانەکانی پێگەیشتنمەوە , لەگەڵ هەڵتۆقینی سەر سینەمدا , لەو کاتانەوە هەستم بەوەئەکرد خەڵکانێك هەیەو ئەیانەوێت هۆگرم بن ..یەکەم جار... بەڵێ ..یەکەم جارم ئەوڕۆژەبوو کەلەگەڵ مامۆستا ( J ) دوای تەواو بونی محازەرەکەی ڕێکەوتین و چوین بۆ پشتی یەکێك لەگردەکانی دەرەوەی شار و لەوێ ..."

★★

درێژەی چیرۆکەکە وەك ئەوەی لە { پاکنامەی پیاوێکی شەرەف خاوێن }دا هاتبوو بەم جۆرە ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژەی تەواو کردبوو " دەمم بوبەتەڵەی تەقیو , کێشەکەم ئەوەبوو نەمئەزانی لەچیدا هەڵەم کردووە و بێ ئسلۆبیەکەم لە چیدایە ... دوای کەمێك سکرتێرەکە لەژوری بەڕێوبەرەوە هاتە دەرو بەڕەنگێکی هەڵبڕوسکاوەوە کەئەیویست تۆزێك هێمنی نیشان دات وتی

- " داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر ئەوکاتە باش وەلأمم نەدابێتەوە ... بەڕاستی ئەوندە ماندوو ئەکرێین لە بەڕێخستنی کاری ئەو خەڵکە دا ...

جـەنابی بەڕێوبـەر ئەڵێـت ئـەمڕۆ نـاتوانم بیبیـنم ... ئـەتوانیت فایلەکـەت جێبهێڵیت و سبەینێ بێیتەوە , ئەوکات هەموو کارەکەت تەواو کراوە " .

کەسکرتێرەکەم بینی بەو جۆرە ئارام بۆتـەوە , لـەو مـاوەی کاتـژمێرو نیـوە چاوەڕوانیەدا ئاوا خێرا گۆڕا , بـیرم کـردەوە سـبەینێ دوایـن ڕۆژی هەفتەیـەو ئەگەر ئەمڕۆ کاری ئێرەم تەواو نەکەم ئـەوا زۆر لـەو مـاوە زیـاتر دوائەکـەوم کەبۆم دانراوە ..

پێم وت " نا...چاوەڕێ ئەکەم .. پێویستە هەر ئەمڕۆ بیبینم .. بۆبـەیانی کـاری تـرم هەیـە پێیـەوە خـەریك بم " , بەشـێوازە خانمیەکـەی خـۆی زۆر هەوڵی دا ڕازیم کات بەڕۆیشتن .. بەڵام هەر سور بووم لەسەر بینینی بـەڕێو بەرو تەواو کردنی هەرئەمڕۆی کارەکەم ...

نەم ئەزانی ئەبێت نهێنـی پـشت ئـەو هەوڵانـەی سـکرتێرەکە چـیبێت .. باشـە بۆهەر بەتەنها لەگـەڵ مـن وا هەڵسوکەوت ئـەکات , خۆچەندکەسـێکی تـریش لەوێبون کەهەمویان زۆرئاسایی ئەخرانە ڕێ ... ئەم خەیاڵانـە تـەواو توشـی سەرە گێژەی کردبوم , بیرم لەهەموئەگەرەکانی تر ئەکردەوە جگە لە ڕوبار .. هەرپیێنـج خولەك جارێك گلاسێك ئاوی ساردم ئەخواردەوەو زیاتر سورئەبوم لەسەر تەواو کردنی هەر ئەمڕۆی کارەکەم ...

زەنگی بەڕێو بەر لێدراو سـکرتێرەخان چووە ژورەوە ... هاتەدەشـتەوەو هـەم چوەوە ... هـەر دووسـێ خولـەك جارێـك کەسـێك ئەکاتـە ژورەوە و ... منـیش هەر چاوەڕێم ...پێم نابەجەرگی خۆمداو وتم

- " ئەگەر بواری چونە ژورەوەم نیە ئەوا ئەڕۆمە دەرەوە , نیو كاتژمێرم پێئەچێت و دێمەوە ..." فایلەكەم لای سكرتێرەكە جێهێشت و هاتمە دەرەوەی فەرمانگەكە .. زانیم شتێكی پەیوەندی دار بەمنەوە هەیەو ئەو سكرتێرە ئەیەوێت بیشارێتەوە .. ئەمەش ئەوەندەی تر سوری كردم لەسەر ئاشكرا كردنی نهێنیەكەو ...

هاتمەدەرەوە لەبەر دەرگای فەرمانگەكەدا دانیشتم , ئەو هەڵوێستە خراپەی سكرتێرە خان تەواو شڵەژاندمی , كەلەدواجاردا بۆم دەركەوت خۆیشی چەندە نارەحەتە بەو جۆرە هەڵسو كەوتەی بەرامبەرم كردی .. ئەو كاتانەی كەنۆرەم ئەهات ورێگەی نەئەدا بچمە ژورەوە , ئەمویست هاورێیەتیەكەی ڕۆژانی خوێندنمان بخەمەوە یادی , بەلاّم بەر لەوەی پێی بڵێم تۆ تادوێنێ هاوپۆلم بویت , ئەویش وەلاّمی خۆی ئامادە ئەكرد

-" ئەزانم و ڕێزم هەیە بۆت , بەلاّم من هیچم بەدەست نیەو بەڕێو بەر خۆی نایەوێت بتبینێت ".

ئەمویست تێمبگەیەنێت لەهەڵوێستەكە ..كاتێك ڕوخساری پڕئەبوو لەپەشیمانی ,ئەیویست ئەوەم نیشان دات كەپڕبەدڵ ئەیەوێت هاوكاریم بكات و بەلاّم كارەكە بەو ناكرێت . كاتێك بەهەناسە قوڵەكانی گوزارشی لەو بێزاریە ئەكرد كە پەشێوی هەڵوێستەكە بۆی دروست كردبوو , ڕوخساری غەمناكی كپ ئەبوەوە لە تەریقی هاوڕێیانەیدا بەرامبەرم . هەمووی گومانی ئەوەیان دروست ئەكرد كەسكرتێرەكە لەشتێكەوە گلاوە كەخۆی بەهیچ جۆرێك نەیخواستووە . من باش ئەمزانی خەریكی چ پێچ و دەورانێكە ,

چۆن شەیتان ئاسا ڕاستی هەڵوێستەكەم لێ ئەشارێتەوە . بەڵام تەواو سەرم سوڕمابوو , ئەبێت چ گرفتێك من و سكرتێرەخان و بەڕێوبەرەكە پێكەوە كۆبكاتەوە ؟!

هەركە لەڕێوە پێم وت ئەم كاتەت باش , ئەو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا , وەك ئەوەی سەرچاوەی ترسێكی گەورە ڕوی تێكردبێت .. ئەیشمزانی كەئەو نایەوێت بەدڵشكاوی لەفەرمانگەكەی بێمە دەرەوە , چونكە ناكرێت ئەو هەموو ساڵەی هاوڕێیەتی لەبیرچوبێت .

بەڕێوبەرەكەی لەو تازەبەڕێوبەرانە بوو كەگوایە لەپرۆسەی قەڵاچۆكردنی گەندەڵی ئیداریدا خرابوە شوێن بەڕێوبەرەگەندەڵەكەی پێشتر , بەرلەوە ناوبانگیم لەدورەوە بیستبو , ئەمزانی مێبازێكی كارامەیە , لەناو هاو كوڕو ناسراوەكانی خۆیشیدا بەسێكس بازێكی بەهەیبەت ناسراوە , پێشینەیەكی ئاشكرای هەبو لە ڕاوە كچدا . لەناو هەموو چین وتوێژەكانی كۆمەڵدا گەوادی تایبەتمەندی خۆی هەبوو , سبەینان پێش ئەوەی بچێتە سەر كارەكەی فەرمانی ئەدا چ جۆرە ئافرەتێكی بۆ بێنن , مواسەفاتی لەش و لارو جوانیەكەی چۆن بێت . لەلایەن چەند كۆمپانیایەكی نێو دەوڵەتیەوە ڕاهێنەری شارەزای ئەهێنا بۆڕاهێنانی گەوادەكانی , ساڵانە چەند جارێك دەورەی كچ بەگیر هێنان , كچ پەروەردە كردن , زانستی ڕازیكردنی دایكی كچان , زمانی موحیبەت و نەرمونیانی و دڵنەرمكردنی بۆئەكردنەوە , سزای مەرگیشی دانابوو بۆئەو گەوادەی كە پابەند نابێت بەیاساكانی پاراستنی

(نهێنی پیشەوە ) . ئەم کابرایە بەلای هەمو خەڵکی شارەوە ناسراوبوو بەهۆی ئەو سروشتە تایبەتەیەوە .

بەلاَم من هیچ شتێکی تایبەتم نەبوو لەگەڵیدا , باش ئەمزانی پێشتر لای کەسێك زەمم نەکردووە تاگەیاندبێتیانەوە دەستی و ئێستالەسەر ئەوە سزام بدات , ئەو هەر لەبنەڕەتدا منی نەئەناسی , پێش ئەوەی بزانێت من هاتوم بۆلای , سکرتێرەکە خۆی ڕێگەی چونە ژورەوەی لێگرتم ( کەواتە ئەم ماسە مویەکی تیایە ) هەر بۆیە دڵنیام کە بەڕێوبەر هیچ شتێکی تایبەتی لەگەڵما نیە , هەرچیەکیش هەبێت لەم نێوەدا لەژێرسەری سکرتێرەکەیدایە , کە لەسەرێکەوە ئەیەوێت ڕازیم کات و واز لەبینینی بەڕێو بەر بهێنم , لەسەرێکیی تریشەوە ئەیەوێت دڵم نەشکێنێت وبەنیگەرانی فەرمانگەکەی جێ نەهێڵم .

لە دەرەوەی فەرمانگەکە , لەبن سێبەری باڵەخانەیەکی ئەو نزیکانەدا دانیشتبوم , بەبێزاریەوە کەوتمە چاوەڕێکردنی تێپەڕینی کات , بۆئەوەی کە گەڕامەوە بەڕێوبەر ببینم و ... ,

پێش ئەوەی بگەمەوە بەرئەو هۆڵەی سکرتێرەکەی لێ دانیشتبوو , تەماشام کرد ڕوباری کچم , کچە نازەنینەکەی خۆم . کە بۆدامەزراندن لەفەرمانگەی ( W ) تێئەکۆشا , لەژوری بەڕێوبەرەوە هاتە دەرەوە , بەدیمەنێکی شپرزەی نائاسییەوە , هەردوو ڕومەتی زیاد لەشێوەی ئاسایی خۆی سوربونەوە , قژەجوان وسفتەکەی تێك چوبون , تەنانەت لەپەلەپەلدا دوگمەی دووەمی کراسەکەی دابوولەشوێن دوگمەی یەکەمی سینەکەی , بەپەشۆکان و

شـپرزەییەكەوە (بـای بـاێكی ) ... لەسـكرتێرەكە كـردوو بـەرەو دەرەوە خێـرا دەرچوو .. شێوەی بای بای كردنەكەی ئەوەی نیشان دام كەئەمە یەكەم جاری نیە دێت بۆژوری ئەم بەرێو بەرە , بۆئـەوەی نـەم بینێـت خـۆم خسـتە پـەنای دارەكانی ناو باخچەی فەرمانگەكەوە ..نەمدەویست لەو كاتەدا هیچ كێشەیەكی لەگەڵ دروست بكەم , چونكە بەبینینی دەبوایە بموتایە ئەو هەمو كاتە چیت كرد لەژوری بەرێوبـەردا , كـەتۆ خـۆت ئـاوا بـەرێو بـەر ئەناسـیت بۆئـەو سـەر ئێشەت توشی من كرد .

بینینی ڕوباربەو دیمەنەوە تەواو دڵمی پیس كرد , ( ئێستا ئـەزانم هیواكـانی سـەركەوتنی لەكارەكـەدا لـەكوێوە سەرچـاوەی گرتـووە ) , ئـیتر تێگەیـشتم كەئامادەیی ئەوو لەژورەكەی بەرێو بەردا وای كـردووە نـەهێڵن بـچمە ژورەوە ,گـەر بەشـێوەیەكی ئاسـایی كارەكـەی مـن تـەواو بكرایـە , ئـیتر ڕوبـار هـیچ كەڵكێكی نەئەما بۆئەوان .

وشك وەستام و تەماشای ئەفسانەی درۆینـەی پـاكی خێزانەكـەم ئـەكرد , بـۆم دەركەوت چۆن ڕوبار خۆی هەڵژەندۆتـە زەلكاوەكـەداو منـیش پـێم نـەزانیوە , تەقەی پێیم پێ گوناهبار بـوو بەسـەر زەویـە بێدەنگەكـەوە ,ئـەو هەناسـانەیم پـێ حـەرام بـوو كەلـەئاسمانێكی پاكـەوە هـەڵی ئەمـژی , چـونكە لـەم دووخەسـڵەتەیاندا زەمـین و ئاسمـانیش زیـاتر بەبەرائەتـەوە دەرئەكـەون . هەستم كرد دارو باری قاچەكانم خەریكە تواناى ڕاگیركردنی لەشمی نامێنێـت , تێر تێر لەدواوە سەیری ڕێكردنی پەلەپەلی كـچە كـەی خـۆمم كـرد , كـەوەك كەسێك لەمەترسیەك هەڵبێت دیاربوو ئەیویـست بـەخێراترین كـات ئـەو نـاوە

جێبهێڵێت... بیرم كردەوە ئەگەر ئامادە بونی كچەكەم لەژوری بەڕێوبەردا هەروابۆكارێكی ڕۆتینی ئاساییە چ پێویست بوو بەو جۆرە لێمی بشارنەوە ..!! ئەم جارەیان كەگەڕامەوە سكرتێرەكە بەڕوخۆشیەوە پێی وتم هەر ئێستا ئەتنێرمە لای جەنابی بەڕێو بەر .منیش وتم – " .... "

یاداشتە كانی ئەم پیاوە پاكە بریندارکراوە هەر بەمەوە ناوەستێت , بەلاّم ئێمە هەموی بەیەكجار ناخوێنینەوە , پێویستە هەر ڕۆژە و حكایەتێكی لێ باس بكەین ,حیكمەتێكی لێوەفێربین..

2005 /8

............................................................

★: یەكێك لەكتێبەكانی سیگمۆند فرۆیدەو جۆرج تەرابشی کردویەتیە عەرەبی

★★★

# دوای ڕۆیشتنم

" ئەگەرئەو هەتیوە هەڵەوەڕە نەبوایە من ئێستا وەها دڵتەنگ نەئەبوم . ئەو ئەوەی پیێ وتم كەمن نەمتوانی بەرگەی بیستنی بگرم , هەرچەندە ڕاستیش بوو ..

ئەگەر ئەو خۆفشكردنەوەی سەرەتای بەڕێ كەوتنە كەم نەبوایە , بۆچی ئێستا واخۆم بەدۆڕاو و تێكشكاوئەزانی .؟

ئایا مەرجە لەهەموەهەنگاوەكانمانا سەركەوتوبین ؟, نەخێر.. گێلێتیشە لەهەموهەنگاوێكماندا خۆمان بۆسەركەوتن ئامادەبكەین .. ڕۆژێكیان یەكێك لەمامۆستاكۆنە چەپ و تازە واقع بینەكانم فێری ئەم حیكمەتەیان كردم ..

لەو شارە پڕلەهەراوهوریادا حەزم ئەكرد دەنگی كەس نەبیسم , بڕۆم و پیاتێپەڕم و كەس نەڵێت ( كابراكەرەكەت بەچەند ) لەكوێوە دێیت و بۆكوێ ئەچیت ... وردە وردە هاتم , لە تەنیشت گەراجەكەوە دابەزیم , مرۆڤگەلێكی ماندوم ئەبینی , هەستم كرد هەمویان سەرقاڵن , هەركەسەو لەوێڵی خەمی خۆیدایەو بەتەواوی غەرقی ناودنیا تایبەت وپڕسەرقاڵیەكەی خۆیەتی . نەئەوانەی بەدوای خەمێكی تایبەتدا وێڵبون و نەئەوانەیش كە خۆیان نەیان ئەزانی وێڵی دوای چین , هەموان دەسوڕانەوە وەك ئەوەی ژیان بەبێ ئەو سوڕخواردنەی ئەوان ئیدی سوڕی خۆی ڕابگرێت , هەناسەی ماندویی مرۆڤەكان و دوكەڵی شینی ئۆتۆمبیلە كۆنەكان تێكەڵ بە بۆگەنی ئەوقەسابخانەیەبوو كە نزیك گەراجەكەبوو , حەشاماتێكی دەبەنگم ئەبینی .. بەدڵنیاییەوە ئەگەرتۆیشم لەگەڵدابوایەی هۆی ئەو دەبەنگیەت ئەگێڕایەوە بۆئەو بۆگەنە پیسە .. "

ئەمەچیرۆكی ئەیادە , خۆی وەهای بۆگێرامەوە .. ئەو كورە بزێوەی كە هاورێی منداڵی وگەرەك و خوێندنگا و بازارو حیزبایەتی و ... ی هەموومانە . پێئەچێت تۆبیناسیت و وێنای بكەیت , لەوانەیە نەیشزانیت كێیە ... دوورنیە وایشبزانیت كەخۆتیت , من ئێستا گفتوگۆی ئەوەت لەگەڵ ناكەم ..هەڵی ئەگرین بۆدوایی...

بەدرێژایی تەمەنی هێندەی ئەو رۆژە نائومێدو رەشبین ولەژیان بێزارنەبوو , ئەترسا لەوەیتوشی دۆستێك, ناسراوێك , هاورێیەكی ...ببێت و لەوكاتە پرناخۆشیو شپرزەییەدا بیبینێت , حەزیەكرد زەویەكە هەڵدرێت و بەژێریدا تێپەرێت , تێپەرێت بێئەوەی هیچ كەسێك بی بینێت . بەتەواوی ئەو چركەساتەی دەگوزەراند كەمردنی بەباشترین دیاری ژیان دەخواست .

ئەو خۆی وەهای بۆ گێرامەوە " هەركە سواری پاسەكەبوم لای جامەكەم گرت , چونكە زۆرتاسەی بینینی ئەو دیمەنانەی رێگاكەبوم كەلەدەستپێكی بەرێكەوتنەكەمدا وادام نابو تاسالآنێكی ترنەیبینمەوە . بەویقاری كەسێكەوە تەواوبێ ئاگابێت لەو شكست و بێز لەخۆهاتنەوەی من هەستم پێئەكرد جگەرەكەم داگیرساند , بەدڵخۆش كردن بەو قسەباوەی جگەرەبەخەم رەوێن دائەنێت , هەرچەندە من بەدرێژایی تەمەنی جگەرەخواردنیشم رۆژێك لەرۆژان بەراستم نەزانیوە . زۆردەكۆشام بۆئەوەی ئەو سەرزەنشتەی هاورێی سەفەرەكەم لەبیربچێت كاتێك وتی " ترحێو .. دایكت دڵی خۆشە كورەكەی بەجانتایەك دۆلارەوە بێتەوە " , هەرچیم دەكرد نەمتوانی ئەودیمەنەی خۆم لەبەرچاو ونكەم كەبەسەركزی وشەرمێكی قورسەوە , قورستر لەشەرمی

زۆڵخەرەوەیەك كەدوای ساڵانێكی خۆشاردنەوە بێتەوەڕوو , خۆم ئەكەمە ماڵەوەداو ئەڵێم دایكە ئەم جارەش هاتمەوە , نەك لەبەرئەوەی بیرم كردیت , یان ئەو هەستەی دایكێكم جێهێشتووە ئازاریدابێتم ..نەخێر.. خۆم قاچی ڕۆیشتنم نەبوو , ڕێگاكانی رۆیشتنم لەبەردەمدا گیرا .

دانیشتم و هەناسەیەكی قوڵی گرێگرێم هەڵكێشا . لەچاوەڕوانی پڕبونی پاسەكەدا بوین گوڵەبەڕۆژە فرۆشەكە پێی وتم :

– " چیە ئەڵێی خەوتویت و بەخەبەریشیت , خۆزمانت نەبڕاوە یان بڵێئەیكرم یان نا؟ " .

ئەمەی وت بێئەوەی بواری ئەوەم بداتێ پێی بڵێم ببورە هیچم لێنەبیستی .. تادەهات خۆرەكە زیاتر كەشەكەی گەرم ئەكرد , من كەسەرمای ناو بەفریچیاكان و ڕێگادورو تاریكەكان هێشتا هەرلەجەستەم دەرنەچوبو گەرما تەنهاشتێك بو چێژم لێئەبینی , ڕێك لەو كاتانەی خەڵكانی دەور و پشتم باوەشێنی خۆیان ئەكرد حەزم ئەكرد تێرسەما بكەم لەبەر گەرمی خۆرەكەداو پڕبەفراوانی باوەشم خۆرلەئامێزبگرم . گورەی مەكینەی پاسەكە وریای كردمەوە , وەك وریایی ئامادەكردنت بۆئەوەی پێت بڵێن هەموی دووكاتژمێری تر نابات ڕوبەڕوی هەموو ئەو هەلۆێستانە ئەبیتەوە كەلەترسیا ڕەش داگەڕاویت . لەكشپەی بەڕێكەوتنی پاسەكەدا دڵخۆشبوم بەوەی كەوتنە ڕێیەكی ترم دەست پێكرد , بۆكەسێكیش كە هیچ ئارامی وسەقام گیریەك لەم دنیایەدا بەختیاری نەكات هەمو بەڕێ كەوتنێكی تازە دەرگای هیوایەكی نوێی

بـەڕودا ئەكاتـەوە , گـرنگ نیـە بۆكـوێ بـچیت .. بـەس دەرچـیت وبـەڕێ بكەویتەوە , بابۆ دۆزەخیش بێت , بەسنیە لەجێگیربون دەرئەچیت .
چاوم چووە خـەو , بینـیم لەپاسـێكی باڵـداردابن , خێراخێـرا بـەلای گەواڵـە هەرورەكانـدا تێئەپـەڕین , بـان پـشتی قەلەڕەشـەكانمان لێوەدیـاربو كـە لـە كلدانەكـەی دایكـم ڕەشـتر بـوو , مـن هەرتامـەزرۆی ڕۆیـشتن بـوم , دوایئـەو تامەزرۆییەشم بۆبەرێكەوتن من تەنها سەرنیشین بوم لەناو پاسە كەدا كە نەم دەهێـشت بـەرەو بـاكور بـڕوات . ئەگەرچـی هـەموان ئـارەزوی كۆچـی ڕولـە باكوریان ئەكرد , نەم دەهێشت بڕوات ...هەرگیزنەمدەهێشت.., لام لێئـەگرت بـەرەوخوار , خـوارتر لـەوەێی لێیـەوە هـاتوم .. كەهـەموان ڕویـان گرژكـرد لـەكردەوە بێزاركەرەكـەم دەسـتم كـردە ڕونكردنـەوەی هەڵوێـستەكەم " باسـی ئەوەم كرد كەچۆن باكوربۆئیمە ئەو بەهەشتە نیە كەتێی گەیشتوین , گەرئەو بەهەشـتەش بێـت ئـەوا هەرگیزبۆئێمـە دەسـت نـادات , لەئەزمونـە تاڵەكـەی خۆمـەوە دەسـتم پێكـرد و دواجـار پـەنام بـرد بۆئـەو بـیروڕا كۆنەخوازانـەی كەهەمیشە باكوروباكوریەكان بەسەرچاوەی هەموو حیـزی و نـاموس ڕوشـان و بەدڕفتاریـەكانی دنیـا ئـەزانن .: پـێم وتـن " بەهـەوادا ڕۆیـشتن بـۆلای ئـەوان بۆئێمــە ناشــێت , بابگەڕێینــەوە بــۆلای خۆمــان , بۆئــەوەی هێلانەیــەكی پڕبێنـەوایی وئازارەكـانی ژیـان هەڵبـژێرین , لـەجیاتی ئـەوەی ئـەو دەریـاو كیشوەرا ئەبڕین بابگەڕێینـەوە بۆكاوولـە گەرمـەكانی خۆمـان , چونكە ئـەوان بێبەرامبـەر بـەختیاری خۆیانمـان لەگەڵدا دابەشـناكەن ..ئامـان مـن لـەئێوە باشتر باكورئەناسم " .

بـڕوام پـێ بکـەن لەگـەڵ قـسە و هەسـتەکانی خۆمـدا ڕاسـتگۆم .. دڵنیـام ئەگەرئێوەش بوایەن لەجێگەی من لەوەباشـترتان نەئـەوت .. گـرنگ ڕاسـتی و ناڕاستی ئەوە نیە کە ئەم وت , بەڵکو بۆئێوە ئەوەندە بەسە کەدڵنیابن لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆبوم.

لەتەقـەو ڕەقـەی پاسـەکەدا بێداربومـەوە , یەکسەر وتم خۆزگـە فـڕین لـەناو چوارچـێوەی هەڵبژاردنـەکانی مرۆڤـدا بوایـە , بەدڵنیاییـەوە ئەوکاتـەش نـەدەفڕین و نـەدە ڕۆیـشتین لەسـەر ڕیتمـی پەلـەورەکان , ئـەزانیت بۆچـی ناتوانین بفڕین.؟ چونکە هەربەبێچویی شاباڵەکانمان دەقاچن .

دوای هیلاکیەکی زۆریڕێگاکەودەنگدانەوەی گوڕەی بزوێنەری پاسەکە لەناو مێـشکمدا , بازگەکـە ڕای گـرتین , بینـیم (هیـوا ) ئـەو هـاوڕێ تەمەڵـەی خوێندنگام کەتاوازیشی هێنا هەر شـەڕی ئـەکرد لەگـەڵ مامۆسـتاو قوتابخانـەو دارو بەردا , هاتە ژورەوە , نیگایەکی وای تێگرتین هەرکەسـەو خۆمـان ئامـادە بکـەین داوای ناسـنامەمان لێبکـات . بـەبینینی مـن ڕاچـەنی و بزەیـەك کەوتـە سەرلێوەکانی و وتی

" ها..بەخێربێیتەوە خـۆمن دووسـێ ڕۆژێکـە زانـیم تـۆیش بـۆی دەرچـویت , وادیارە تۆیش وەکو a..k..x.. کـە دوێنێگەڕانـەوە , بـەخت یارتـان نـەبو " . قـسەکانی وەکونەشـتەربرینیلەجەرگم دروسـت ئـەکرد , ڕوانینـە پێکـەنین ئامێزەکەی شەقی لەغروری پیاوەتیم هەڵئەدا , منـیش بەزۆرلەخۆکردنێکەوە لێی هاتمە وەلام

- " دەیخەمت نەبێت , ئەم جارە ناجارێکیتر , تۆخۆش بیت هەرئەگەین . "

هەرچەندە خۆیشم بڕوام بەم قسەی خۆم نەبو , بەلاًم پێویستم بو بۆئەوەی ڕوپۆشی ئەو بارو دۆخە پڕشکستەی ئەوکاتەمی پێبکەم , بابەدرۆیش بێت کێشەیەك نەبو بەلامەوە , گرنگ ئەوە بو لەو کاتەدا شتێك لەغروری درۆینە بۆخۆم دروست بکەم .

کەلە گەراج دابەزیم نامۆییەکی سەیرم هەست پێکرد , نامۆییەك کە قەت نابێت لەشارێکدا هەستی پێبکەیت کە منداڵیەکی بەشخوراوانەت تیا بەسەربردبێت . دەمبینی کۆلاًنەکان و شەقامەکان و ئەو خوێندنگایەش کەبەهی خۆم دەزانی دەیان وت ( بۆهاتیتەوە ). کە ئێمە ونمان کردیت و لەبیرمان کردیت بۆچ گەڕایتەوە . دیارە نامۆبون ئەو کاتە دەست پێ ئەکات کەهەستی پێ ئەکەیت , کەهەستیشت پێکرد گرنگ نیە شوێن کوێبێت ,کوچەو کۆلاًنەکانی منداڵیتە یان دورترین ولاًتی جیهانە , گرنگ ئەو هەستەیە وابزانیت هەمو کەسێك و هەمو شتێکی ئەم جیهانە ناتناسن .

یەکێك لەمامۆستاکانمان کەبەشەق تێی هەڵئەداین بۆئەوەی فێری ئادابی گوێگرتنی ناو پۆلمان بکات , بەجۆرێك وەلاًمی سلاًوەکەمی دایەوە وەك ئەوەی وەلاًمی مەریخیەکی دابێتەوە , نەك خوێندکارێکی خۆی کە هەموی سێ وچوار مانگێکە نەیبینیوە . زۆرتێفکریم ...نەمزانی کەتەکسیەکم ڕاگرت بلێم بۆچ گەڕەکێکم ببات , ئەمزانی بەرلەسەفەرەکەم ناوی گەڕەکەکەمان یەکەم پیتی بە{کاف} دەستی پێئەکرد , بەلاًم ئەیهوی گەرەکە تابێتەوە یادم

. پێش ئەوەی بەڕێ بكەوم مشت ومڕمان زۆركرد لەسەر كرێی قاچاخچیەكە , تابەحاڵێكی خراپ و بەبێ ڕەزامەندی دایكم توانیمان خانوەكەمان بخەینە ڕەهنی پارەی قاچاخچیەكەوە . تەنانەت یەكەم بەیانی بەڕێكەوتنەكەم , كەبەدواهەمین بەیانی ژیانی ناو شارەكەم ئەزانی , جانتاكەم كردە شانم بەئومێدی ئەوەی ئیتر تەواو .. لەو بەیانیەوە هەمو شتێكی من وئەو شارە خۆلأویە كۆتای پێهات .. ئەوبەیانیەم بە كۆتای ئامێزان بونی خۆم و وئەو شوێنە دەزانی . ماڵ ئاوایی یەكجارەكیم كرد , وەك چۆن بمەوێت پێیان بڵێم لانی كەم 10 ساڵێكی تر نامبیننەوە , كەسواربوم بەلای خۆمەوە ئیترچیرۆكی من وئێرە كۆتای هات , ببڕای ببڕ .. ئیتر ئەو كوڕە نیم كەهەمو جارێك باوكم ئەیوت ڕۆڵە تۆناتوانیت دوودیناری جگەرەكەی خۆت پەیدابكەیت .

هەرگیز نەم دەویست بڕوابەخۆم بهێنم كەلەوانەیە دەرنەچم و...و...و .. ئەوەی چاوەڕێم دەكرد هیچی وانەبوو , هەرگیز چاوەڕیی ئەوەم نەدەكرد كەگەڕامەوە كەسێكم دەستناكەوێت بە پیریمەوەبێت , بڵێت یادمان كردیت , بیرمان كردیت , بێتۆیمان ناخۆشبو . ئەم دابڕانە كورتەم بەتەواوی من و هەموو ئەوانی تری بەیەك نامۆ كرد , هەرگیزنەمدەزانی دەكرێت ڕۆژێك بێت ئاوا پەراوێزكەوتوو لەبیركراوبم , ئەمەئەو شۆكە سەختە بووهێندەی ترمن وئێرەی جارا نمی لێكتردورخستەوە. چاوەڕێ بوم كەدام لەدەرگا هەڵهەڵەلێدانی دایكم وخوشكە قەیرەكەم لەم دڵتەنگیە دەرم كات وئامێزی گەرمم بۆبگرنەوە , ئەوكاتە تێگەیشتم باوەشی دایكم نەك هەربۆمندالی بەڵكو لەگەورەیشدا پێویستم پێی ماوە . بەلأم هەرچیم كرد و بۆهەركوێچوم

هەرنائومێدی بو دەرگاکانی خۆی بەڕودائەکردمەوە . گەیشتمە کۆڵانەکەی خۆمان و پورە تاوسی دراوسێمان بەهەیکەلە درێژوناڕیك و پێکەکەیەوە وەستابوو لەبەردەرگاکەی خۆیاندا , بەساردیەکی بێدەربەستانەوە بێئەوەی لەجێگەکەی خۆی جوڵەبکات وتی :

– " ڕۆڵەبەخێربێیتەوە , ئایتە چیت کرد ..خانوەکەشت بەوداماوانە فرۆشت , دەی هەرخۆت خۆشبیت "

– بۆپورەگیان ...

– ئەرێ وەڵا کوڕەکەم ئێستالەوپەڕیشارەوە کرێچین .. کەنائومێدبوم لەوەی باوەشی دایکم بمگرێتە خۆی , تێگەیشتم کەوتومەتە چ گرفتێکەوە , تێگەیشتم کەئیتر ناتوانم دەرچم لەوچوارچێوەی بۆم دیاری کراوە . بەلۆژەلۆژ کۆڵانم تێپەڕاند . زۆرئەترسام تواناى هەڵگرتنی جانتاکەم نەبێت تائەگەمەوە بازاڕ , ئەگەڕام وسەرم ئەکرد بەهەمو کون وقوشبنێکی شاردا , ئەچومە ئەوکۆڵانانەوە کە ئەوسەری گیرابوو , ئەچومە ئەوشەقامانەوە کەئەیبردم بۆدەرەوەیشار , سواریتەکسی ئەبوم و ئەسوڕامەوە تا تەواوهیلاك ئەوبوم , دوایی شۆفێرەکە پێی ئەوتم " کاکە ئەم شوێنەی تۆبەمن نادۆزرێتەوە , لەوەئەچێت لەشارێکی تربێت " . وڕبوم ئەوەندەگەڕام , پرسیام ئەکرد لەناسراوودۆستەکانمان وپێیان ئەوتم هائەوەیە لەبەردەمتا ..ئەودەرگا ....کەچی ئەمدالەدەرگاو ژنێکی نەناس بۆی ئەکردمەوە , هەرئەگەڕێم و نایدۆزمەوە , تائێستایش هەرئەگەڕێم ... خۆزگە ئێوەش ئەتانزانی و ئەتان توانی نیشانم دەن . خۆزگە دەستمتان ئەگرت و پێی ئەتاندا لەدەرگاکەی

**خۆمان , ئەگەڕام وماندو نەئەبوم لەگەڕان , بەلای گۆڕەپانی تۆپێنكردنەكەی خۆم و هاوڕێكانمدا ڕۆیشتم , بینیم هیچ شوێنەوارێكی یاریگاكەی ئەوسایی تیا نەماوە , بەوكۆڵانەداتێپەڕیم كەئێوارەپیاسەمان تیائەكرد , هیچ كام لەو كچە جوانانەم نەبینی كەچاوباشقەڵانێیان لەگەڵدا ئەكردین ...هەمو شوێنێك گەڕام وكەسم نەدۆزیەوە , تائێستاش هەرئەگەڕێم و............**

★★★

# كۆمپیوتەرەكەی خاوەنشكۆ

كەلەڕەقانەخۆی سوركردەوەو وتی : " حەیام هەیەو ئەم ولأتەیش جێ ناهێڵم "

ئاوەها جوابی ئەو هەڵەوەڕی فرەوێژەی دابووەوە كەتا دوێنێ چای بۆ دائەنا ..

عەیبی چیە ؟.. مەگەر هەر ڕۆژنامە نوسەكەی جاران نیە ؟.. چ شتێكی لەئەوسا كەمترە ؟ هەرلەبەرئەوەی پۆشتەیی وكەشخەییەكەی ئەوسای نەماوە ...؟ ڕۆژگارەكە گۆڕاوە بەقیرو سیا , ئەمیش توانای خۆگۆڕینی هەیە لەگەڵ هەموو ڕۆژگارێكی جیاواز و هەمو بارودۆخیكی پڕلەناكۆكی . بەهەرحاڵ پێویستە ئەمیش بۆئەمرۆی خۆی بژی ,مادام ئەزانێت بەهەمووبا یەك خەرمانی خۆی شەن بكات , چی داوە لەسەر ئێشەو زمان درێژی و... نازانم..

ڕەخنەو هەراو بەزمی ئەوقسە تازە بابەتانەی ئەمرۆبۆتە مۆدە , پێویستە بیر لەژیانی ئەمرۆی خۆی بكاتەوە نەك هیچی تر .

بێكارو بەتاڵ ڕۆژەكانی ئەداتە دەم شەوەكانیەوە و هەرچی ئەكات ناتوانێت خۆی لەم تەنگژەیە دەربازكات , ناتوانێت بڕوابكات ئەوەئەوە وای بەسەر هاتووە . لەو ڕۆژەوەی چایچیە هەڵەوەڕەكەی دەرگاوانی خاوەن شكۆ ڕوخاوەكەی ئەوسا پێی وت – " بەخوا ئەگەر حەیات هەبێت ئەم ولاّتە جێ ئەهێڵێت " .. لەو ڕۆژەوە ئەویش لەبەرخۆیەوەو بەدەم ئازارەكانیەوە هەرئەیلێتەوە . ئێستا وای لێهاتووە هەركەسێك دەم ئەكاتەوە هەر قسەی ڕەق ئەداتە چاویا ...گوێ بگرن هەرئێستاخانمە نازدارەكەی خۆی قسەی بۆ ئەكات ..گوێی لێ گرتووەو مرو مۆن تەماشای ئەكات , هەرچەندە قسەكانی وەك نەشتەرێكی كول كەلەناو دڵیا گیرسابێتەوە ئازاری ئەدا ,بەلاّم بێدەنگی بەباشترین هەڵوێستێك ئەزانێت بەرامبەری .. ئەو هەر بەردەوام بوو لەقسەكردنی خۆی بەبێئەوەی ڕەچاوی كاردانەوەی ئەم بكات , وتی – " بەتەما مەبە هەروا دابنیشیت تامندالّەكان لەبرسا ئەمرن , هەرشتێك باش بو لەماڵەكەدا فرۆشتت . بڕۆبەشوێن كارێكی تردا بگەڕێ , تازە ژیانی تۆ وەها ناڕوات ..ئیتر بەس بە یادگاریە ڕوخاوەكانت بژی , دەشێت ئەم دنیایە دەرگایەكی تری تیابێت تا تۆ پیایا تێپەڕیت ...", ئەم قسانە هێندەی تر دڵتەنگ و بێ هیوای كرد , زانی ئەم قسەیەی هاوسەرەكەیهەربۆئەوەنیە توڕەیی بوروژێنێت , بەڵكو بڕێكیزۆریش ڕاستی تیایە . بەدەم جگەرەخواردنەوە بەپەنجە گەورەكەی سمێڵی خۆی شۆڕ ئەكردەوە

بەردگانەكانی وئەی جاوی , هاتە وەلامو وتی - " ژنەكە چەندم پێ وتی تۆتەمێی من مەكە, ئەمە كاری خۆمەو بەس ... " .

وەك ماران گەستەیەك بەدەم ئازارێكەوە كەهەمو گیانی گرتبێتەوە هەستاو لەناو حەوشەكەدا خۆی دایە خۆرە كە , كۆتاییەكانی پایزێكی ساردبو , خەڵكی شار تادواراده ساردو ڕوگرژو بێئەمەك و بێ دەربەست و بێ ڕێزببون بەرامبەری , لەباوەڕێكدا بوو گەرئاگریشی تێبەربێت كەسی دەست ناكەوێت بیكوژێنێتەوە .. تەواو گۆشەگیر بوو . ڕۆژگاری بەتەواوی تێپەڕی بوو , هەمو گۆڕانكاریەكانی ئەم دواییە بەزەرەری ئەو شكابوەوە . دووجارمەرحەبای كۆنە ماستاوچیەكی ئەوسای خۆی ئەكرد تاجارێك بیسێنێتەوە .كەبیری ئەكردەوە لەو ڕوداوانەی بەم دەردەی گەیاند و زنجیرەی ڕوداوەكانی ئەهێنایەوە پێشچاوی‌خۆی : چۆن بەیەك ڕۆژ كۆشكە مەزنەكەی خاوەنشكۆو هەموو دارودەستەكەیشی ڕوخا , ئەو ماشینەجوانانەی بێشۆفێر بۆخۆیان ئەڕۆیشتن , ئەو كەنیزەكە جوانانەی بەفیزەی ساختەوە لەبەهەشتەوە هێنرابونە وڵاتەوەو هەمویان حۆریان كردبووە پێشگری ناوەكانی خۆیان { حۆری ئایشێ و حۆری‌خەجێ وحۆری گوڵنازو ...}چۆن گشتیان بەتاڵانبران , چۆن هەمویان لەلایەن حیزو دزەكانەوە ئەتك كران , بەكۆمپیوتەرەكەی خاوەنشكۆیشەوە ,ئەو كۆمپیوتەرە بلیمەتەی كەهەركاتێك سەفەری بكردایە بۆدەرەوەی وڵات تائەهاتەوە ئەو كاروباری وڵاتی بۆبەڕێوە ئەبرد , بیستبوی كە ئاگاداری هەڵسوكەوتی ئەو هەمو كەنیزەكانەیش ئەبێت وتەنانەت ژوری خەوەكەشیان لەژێركۆنترۆڵیدایە .جارێكیان خۆی وەهای بۆگێڕامەوە ,

ڕێکوڕەوان ئـەوەی بەچـاوی خـۆی بینیبـوی " ڕۆژێکیـان بـۆلای دەرگـاوان ئەچوم لەکاتێکدا خاوەن شـکۆ سـەفەری کردبـو بۆیـەکێك لەوڵاتـە جوانـەکانی ئەوپـــەڕی دنیــا , بینـــیم دەرگـــاوان خـــەڵکێکی زۆری خرکـــردووە و بـــەدەم قیرەقیرێکی ناسازەوە خەریکی خوێندنەوەی نوسراوەیەکە . وەك قەلەمون بان مینبەرەکـەی لێگرتـوون وئـەوانیش لـەخوارەوە بـەدەم گوێگرتنـەوە هـەلاۆی گەرم لەدەمە داچەقاوەکەیان هەڵئەسا : " ئامادە بووە بـەڕێزەکان , گـوێبگرن با وتەیەکاتان لەسەر تاوانی ئەم ناپاکە بۆ بخوێنمەوەو ئێوەش دوایی نەفرەتی خۆتـانی لێبکـەن , ئـەم خائینـەی پـاش چـەند خولـەکێکی تـر کۆمپیوتـەری مەزنی کۆشك فەرمان ئەکات بەیەکەی کۆنترۆڵی وزەی کارەبا , ئـەویش لـەلای خۆیەوە ئیزرائیل ئەینێرێت بۆگیان کێشانی ... ئـەم شـەواڵ پیـسی چاوحیزە هـەروا بەهەڵواسـراوی تاهاتنـەوەی خـاوەن شـکۆ ئەیهێڵینـەوە , چـونکە ئـەم نمەك حەرامە کۆمپیوتەرەکـەی کۆشـك کەشـفی کـردووە کەچۆن ویـستویەتی بچێتە باخچەی مەحرەمـەکانی خاوەنـشکۆوە و ...چۆن چلێسانە ویـستویەتی دەسـتی شـەهوەت وپیـسی بخاتـە نـاو دەسـتی یـەکێك لـەخانمانی ... " . دوای تەواو بونی کردەی هەڵواسینەکە هەردەرگاوان خۆیبانگیکردمە ماڵەوەو پێـی وتم " بتبیـنم چـۆن وتـارێکی لەسـەر بنوسـیت , ئێمـەئاوەها عەدالـەت جێبەجێئەکەین " .

ئێستا کەبـەراورد لـەنێوان بـارودۆخی ئەوسـاو ئێـستاکەی ئـەکات , ناتوانێـت ئەوهـەمو گۆڕانکاریـە هـەزم کـات ...لەڕۆژنامـە نوسـێکیناوداری ولاتـەوە بـۆمرۆڤێکی بـێ ڕێـزی پەراوێزکـەوتوی لـەبیرکراو... هەمیـشە بیرلـەم گۆڕانـە

پڕنــــە هامەتیەئەكاتـــەوە . بیرئەكاتـــەوەوئاگری داخ وخەفـــەت هـــەناوی ئەبرژێنێت . نازانێت چۆن بتوانێت لەم بارەناهەموارەدا هەڵبكات ؟

ئێوەش وەرن بابەهەمومانەوە ڕێگایەكی گونجاوی بۆبدۆزینەوە . ..

بەیانیان كەلەخەو هەڵئەسا قۆزو پۆشتەو پەرداخ بەبۆنی گوڵاوێكی ناسكەوە خـــۆی ئەگەیانـــدە دەرگـــاوانی خاوەنـــشكۆ , كوڕنوشـــی ڕیزگـــرتن ودوبـــارە كردنـــەوەی پابەنـــدی بۆئـــەبرد . ئامـــادەیی خۆیـــشی دەرئـــەبڕی بـــۆ نوســـینی هەرشتێك كەئەو پێی بفـەرموێت , خـۆش خـۆش زەردەخەنەیـەكی درۆینـەی بەلێوەكانی دروست ئەكرد و , بێوچان ئەیوت " قوربان ڕاست ئەفەرمویت .. بەسەرچاو .. هەمیشە لەخزمەتدام .. " ئاسودە و دڵخۆشبو , ڕۆژانـە ناوەكـەی خۆی لەگەڵ ئەوناونیشانانەی دەرگاوان بۆی دیـاری ئـەكرد ئەبینیـەوە لەسـەر لاپــەڕە ســەرەكیەكانی ڕۆژنامــە فەرمیــەكانی دەوڵــەت , لەناخــەوە هەســتی بەهێزوو سەركەوتن ئەكرد . هەر ڕۆژێك دەرگاوان بیوتایـە ئـەمڕۆ خاوەنـشكۆ چاوێكی بەنوسینەكەتدا خشاندووە , زۆردڵخۆش ئەبو , وەك ئـەوەی گرەوێكـی مەزنی بردبێتەوە .

ئێـــستا بەســـێو چـــوارگێرفانی بەتاڵـــەوە كـــە لـــەبازاڕدا ئەســـوڕێتەوە زۆرلەبرادەرەكانی جارانی خۆیان لەسەلام كردنیشی ئەشارنەوە . وەك ئەوەی سەدان مێزی ڕازاوەی ڕەنگین بـە خۆشـترین مـەزەو هـەمو جـۆرە شـەرابێكەوە پێكەوە كۆی نەكردبێتنەوە ... لۆژە لـۆژ دێـت وئـەڕوات لـەنێوان بازاڕوماڵـدا , ئەگەڕێت بەدوای ناونیشانی هاوڕێ كۆنەكانیدا , ئەگەڕێت بـەدوای چـارەنوس , شوێنی كار , هەموشتێكی نادیاریاندا كەچـی هیـچیانی بۆنادۆزرێتـەوە . وەك

كوانویەك ئاوی ناوەختی بەسەردا كرابێت هەرچی بەهرەیەكی نوسینی هەبو كوژایەوە .

كەدەستی قەڵەمی گرت فێری ڕاپۆرت نوسینێكی چاك بو , دەیان سەردانی تایبەتی ئەكرد تاچواروشە لەزاری ناڕازیەكەوە دەربهێنێت وبیكات بەڕاپۆرتێكو بینێرێت بۆ... ,هەرلەوێوە بەهرەی نوسینی خۆی دۆزیەوە...

ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی ئەوكات هەمویان وەكو یەك وابون , یەكناوەڕۆك بوون تەنها شێوەیان جیاوازبو ,گەورەترین ڕوداو تابچوك ترینیان بەیەك جۆر هەواڵ دائەبەزاند , یەك هەڵوێستی سیاسی هەبو بەرامبەری , یەك وتار هەمو ڕۆژێك خۆی دووبارە ئەكردەوە , بەلاَم چەند ناوێكی جیاجیا ئەنوسرا لەسەری , وێنەكان هەروێنەی یەك كۆبونەوەو یەك سەردان بوون , هەمو شتێك هەریەكبوو , نەئەبو زیاتر وجیاوازتر بێت, لەڕۆژی لەدایكبونەوە تامردن هەریەك شێوە ژیان هەبو , بەئامادە كراوی وبەرنامە ڕێژكراوی ,یەك ... و یەك ... هەمووشتەكان لەیەكێتی خۆیاندا توابونەوە , هەمو دنیاو ژیان بەگشتیش هەرلەبەر ڕەحمەتی یەك خاوەنشكۆدا بوو . زۆرهیلاك نەبو تا كلێشەیەكی هەڵوێستە باوەكەی دەرخ كرد , ئیترفێربوو چۆن بنوسێت , بنوسێت بۆئەوەی خەندەی لێوەكانی دەرگاوان ببزوێنێت و دۆست وئەحبابەكانی خاوەنشكۆش ئاسودە بكات . هەموجارێك كەئەیبینی دەرگاوان و دەست و پێوەندەكانی لەتەنگژە و دڵەڕاوكێدان , خۆزگەی ئەخواست بیتوانیایە وەهابنوسێت كەلەئاستی ئاسودەكردنیاندا بوایە . بەلاَم ئەیشی زانی

تائاژاوەی تابوری پێنجەم و منداڵ ومەزم بمێنێت ئەم بەختیاریە بەدەست نایەت .

بەدەرگاوانی ئەوت - " هاتوم بۆئەوەی بزانم بەلای جەنابتانەوە چی پێویستی بەلەسەرنوسین هەیە .. مەترسیەكانی ئەمرۆی سەرولآت چین . پێویستە گەل لەچ نەخشەو پلانێكی دوژمنان ئاگادارکەینەوە " ئەویش بەساردیەكی پرلەبێرێزیەوە بابەت وناوەرۆك وئەنجام گیری بۆدیاری ئەكرد , پێیشی ئەوت بازمانەكەت پاراوبێت , وشەی بێگانە نەخەیتە ناو زمانە شیرینەكەمانەوە , چونكە خاوەن شكۆ پێی قەڵس ئەبێت.

ئەمیش ئەیوت - " باشە گەرورەم بۆهەربەبیرتیژیو خەیاڵەناسكەكەی خۆت ناونیشانێكی جوانم بۆ دانانێیت "؟

هەندێك جارئەویش ناونیشانی هێندە نارێك و دورلەبابەتەكەی بۆ دائەنا بەراستی ئەحەپەساو دوو سێ رەنگی ئەگۆری تابەلێوەلەرزەوشەرم وترسێكی زۆرەوە ئەیوت :

–گەورەم ئەڵێم ..

–دەی بزانم چی ئەڵێیت .

ناكرێت بەرێزت بیرلەناونیشانێكی تربكەیتەوە .

ئەویش لەبەر بێبایەخی نوسین وبابەت ونوسەریشەوە بێدەربەستانە ئەیوت - " دەبرۆخۆت چیت پێباشە ئەوە بنوسە ".

بەڵام ئەو ئێوارانە هەرلەگەڵ گەردەلولەكەدا هەمو شتێك گۆرا , گەردەلولێكی پرلە نەگبەتی بوو دووبست لەخواری زەردەی خۆرنیشینەوە هەڵی كردو هات

, هات بەخۆی وتەپوتۆزە سورەبۆگەنەكەیەوە هەمو ولأتی داگیركرد .هەرئەو ئێوارەیە ئاژاوە گێرەكان سەركەوتن و دەرگای هەمو كۆشكەكانی خاوەن شكۆیان لەبێخ دەرهێنا ,گەنجینەجوانەكانیان تالأن كردو بەدارو بەرد بەربونە وێنەو پەیكەرەكانی , هەریەكەیان باڵی كەنیزەكێكی جوانیان گرت و لەباخچەی مەحرەمەكانی خاوەنشكۆ دەریان هێنان , ئەوانیش زۆربێ ئەمەكانە نەرمە ڕایان ئەكرد بەدوایاندا , بەدەم راكردنەكەوە هەموو گیانیان عیشوەی لێئەباری , سمت و كلۆك و پوزیان تاماوی ئەخستە دەمی پیاوەوە , مەمك و شلكەی كەفەڵ ونەرمەی ڕانەكەیان ئەلەریەوە , بەدەم تریقانەوەو پێكەنینەوە خۆشحاڵی خۆیان پیشانی ئەو حەرامزادانە ئەدا , خۆشحاڵیەك شەهوەتی لێ ئەچۆڕا .. ئای چەندە بێوەفا بوون , چەندە زوو سەرجێ خەوتنەكانی خاوەن شكۆیان فەرامۆشكرد , هەرئەو ڕۆژە هەمو شتێك تەواو بوو .

" ڕەشەبایەكی گلاٌو بو هەموو دنیای پیسكرد " , ئەمە قسەی ئەو مەلا بو كەموفتی تایبەتی خاوەن شكۆبوو , هەموو جارێك وەها باسی ئەو ئێوارانە شومەی ئەكرد .

ئەم داماوەش لەو ڕۆژەوە بازاڕی نوسینەكانی نەماوە ,كەپێنوسەكەی ئەخاتە سەركاغەزە سپیەكان یەكسەرمرەكەبەكەی وشك ئەكات , بڕیار ئەدات ئەم شەو نەخەوێت وبنوسێت , بەدەم نوسینەوە خەوی لێئەكەوێت و لەقیژەی شەمشەمەكوێرەكاندا بێدارئەبێتەوە , لەهەمولایەكی پەنجەرەكانەوە شەمشەمەكوێرەكان هێرشی بۆ دێنن و بەسەرسەریەوە كەپرێك دروست

ئەكەن , میز بارانی ئەكەن و دەستنوسەكەی تەڕ ئەبێت . خەوی دێت وبڕیارئەدات سبەینێ بنوسێت , سبەینێش تاقەتی نوسینی نامێنێت ... هەمووجارێك لەبەر خۆیەوە ئەیوت :- بەڕاستیكەوتومەتە ڕۆژگارێكی شومە وە , هیچ شتێك نابینم ئومێدێكی تازەم پێ ببەخشێت , هەمو دەرگاكانم بەڕودا داخراوە..

هەركاتێك بەلای كۆشكە ڕوخاوەكەی سەرۆكدا ئەڕوات هەردەرگاوانە سەرزلەكەی دێتەوە پێش چاو , هەربەردەوامە لەترساندنی و ئەیترسێنێت ... هەرچی ئەكا ناتوانێت لەتارمایەكانی دەربازبێت .

بەبەردەم كۆشكی پادشاتازەكاندا تێئەپەڕیت , لەهەمو لایەكەوە تارماییە زەبەلاحەكانی دەرگاوان هێرشی بۆ دێنن , لەناو ماڵی خۆیاندا , لەژوری نوستنەكەیداوەختێك دەرگاكە كلۆم ئەدات , دەبینێت تارماییەكەی دەرگاوان لەپشتیەوە وەستاوە ..

جاران هەریەك خاوەن شكۆهەبو , یەك كۆشكی شانشین , یەك دەرگاوان , یەك جۆرنوسین هەبو, ئەم دەیتوانی كاری خۆی بەڕێوە ببات . ئێستا هەمو ئەو یەكانە بووە بەدەیان وئەویش وڕو كاس لەنێوانیاندا ئەسوڕێتەوە . وەك ئەوەی مانای هەمو وشەیەك گۆڕابێت و ئەو زمانە تازەكەنەزانێت , یاساو ڕێسای نوسین گۆڕابێت و ئەو یش زمانی دایكی خۆی لە بیر چوبێتەوە , ئەو پاشخانە ڕۆشنبیریەی بەدرێژایی چل ساڵی تەمەنی كۆی كردۆتەوە ڕەوانەی خەڵكی سەرئەستێرەیەكی تر كرابێت , بەشەوان تادرەنگێك ناخەوێت , خۆی شۆڕئەكاتەوە سەر مێزی لەسەر نوسینەكەی و جگەرەبەجگەرە دائەگیرسێنێت

..دەیان فنجان قاوە ئەخواتەوە ..هەرهیچی بۆنانوسرێت .بڕیارئەدات ئیتر لەترسی دەرگاوان خۆی قوتارکات , نا ..ئەی ئەو هەمو دەرگاوانانەی تر سبەینێ چاوەڕێی ئەکەن ,ناتوانێت بەکۆلانێکدا تێپەڕێت و وێنای چاوسورکردنەوەکانی دەرگاوان نەکات ..ناتوانێت بۆچرکەیەکیش بژی وچاودێریکۆمپیوتەرەکەی خاوەنشکۆ فەرامۆشبکات , بڕیارئەدات ئیترنەترسێت و بیرلەهیچ ترسێکیترنەکاتەوە , بەلاّم هەرکەبڕیارەکەی بیرچووەوە دووبارە ترسەکانیئەوسای سوار سەری ئەبنەوە .

تارۆژی ڕەش نەبوو , تاقەڵەمەکەی لەخزمەتی بەردەوامی ... دابوو نوسینەکانی وەها دەست پێئەکرد " خاوەنشکۆ خوا بیپارێزێت لەفەرمودەیەکیدا ..., ئەو ئاژاوە گێڕەخائینانەی ..,ئەو مەترسیانەی ولاّتەکەمانی گەمارۆداوە .." هەوڵ ئەدات هەموو ئەو سەرەقەڵەمانە بسڕێتەوە و وەکو مۆدێلەکانی ئەمڕۆ بنوسێت , نازانێت و شکست دێنێت , مێشکی خۆی ئەگوشێت وبڕیار ئەدات بێترس بێت وئیتر سڵ لەهیچ شتێك نەکاتەوە .لەسەر ئەو کێشانە ئەنوسێت هەر ئەمڕۆ چەند ڕۆژنامەنوسێکی تر لەسەر یان نوسیوە ... دیسانەوە هەم ڕەشنوسەکەی لول کردو خستیەوە ناو تەنەکەی خۆڵەکە , بەتوڕەییەکەوە کەتای گیانی گەرمتر کرد قەڵەمەکەی شکاندو وردیکرد , خۆی کردە ژێرجێگەی نوستنەکەیدا , دیسانەوە دەرگاوانی بینیەوە , وەکو کەسێکی نائاسایی ڕەشی زۆر زلە , لۆچەکانی ناو چاوانی لەجاران زیاتر بوو , ڕوگرژو توڕەتر . حەبێك ئەخوات بۆئەوەی خەوی لێ بکەوێت . سبەینێ ئەڕوات وئەگەڕێت بۆئەوەی بزانێت نوسەرەکانی ئەمڕۆ چ

بابەتێك سەرقاڵیان ئەكات , ئەو هەمو گۆڤارو رۆژنامەیە , ئەو هەمو هەڵوێستە ناكۆك و نەگونجاوە , هیچ ماقولْ نیە بەبێدەرگاوانێك ئەوكارانە رایی بكرێت .

چووە بەر دەرگای هەمو چاپەمەنیەكان , نامەی چەند برادەرو خاتر جەمێكی برد , كەچی هەروا بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە .هەتائەو ئێوارەیە.. ئەو ئێوارە ساردەی كەتازە بای پاشبارانێكی سارد هەڵی كردبو , لەبەردەرگای یەكێك لەرۆژنامە تازەكاندا بەخەتێكی ڕەشی گەورە نوسرابو " هیچ سانسۆرێك قبولْ ناكەین ئازادیمان بەرتەسك بكاتەوە " ئەویش وەستاو چاویلكەكانی كردە چاوی و یەك دووجار خوێندیەوە ... لەدڵی خۆیدا وتی تۆبڵێی ئەمانە دەرگاوانێكیان نەبێت پێیان بنوسێت .. ئەبێت دنیا وەهاگۆڕابێت ومن پێم نەزانیبێت ..فزولْیەتی ئارامی لێبڕی و خۆی كردبەژوردا .

سەرنوسەری ڕۆژنامە تازەكە پێیوت

-" سەرۆكەكانی ئەمڕۆخۆیان پێت ئەڵێن ڕەخنەیان لێبگرە .. بەڵێ..خۆیان .. بەلاْم بەمەرجێك كەباسی گەندەڵی دەرگاوانەكانیت كرد نابێت ناوی كەس بهێنیت . دەبێت ئەوان هەمیشە بكەری نادیاربن , دەبێت ئەوەندە بەگشتی قسەبكەیت كەس نەزانێت لەگەلْ كێتە .گەرهەمو ولاْت تالاْن كرا ئاساییە تۆهەڵوێستی خۆتت هەبێت , بەلاْم لەبیرت نەچێت نابێت ناوی هیچ تالاْن چیەك بهێنیت , ئەبێت باسی دیموكراسی و ڕەخنەی بونیادنەرو خەباتی مەدەنیانەو دەسلاْتی چوارەم و... لەم زاراوە تازانە بكەیت . چونكە

سەرۆکەکانی ئەمڕۆ ئەزانن پێویستە کلێشەکۆنەکان بگۆڕرێت , هەروەها بەرنامەی خۆشیان هەیە بۆتوشکردنی ئاگایی خەڵك بەپەتای گەمژەیی , ئەوان هونەری تایبەتی خۆیان هەیە لەدەم چەورکردنی خەڵکدا , هەرکەسێکیش داروەدەستەکەی سەرۆك دەمیان چەور کرد ئیتر توشی ڤایرۆسێکی هێمنی زۆرلەسەرخۆی مەدەنی ئەبێت , ڤایرۆسێك وای لێبکات هەمو هەستەکانی بینین و بیستن و هۆشیاریشی بشێوێت , ئیتر هیچ کاری لێناکات ودەبێتە دەبەنگێکی چەپڵەلێ دەر بۆ دەسکەوتە گەورەکانی سەرۆك .. هاوڕێم بۆئەو خەڵکەی ئەمڕۆ بنوسە ئەگەرئەتوانیت , کەئەیشنوسیت ترسی سەرۆك لەخەیاڵی خۆتدا دەرکە . چونکە سەرۆك خۆی شتێك نەماوەتەوە لێی بترسێت , ئەو بەتواناترە لەهەمو ترسێك , ئەی تۆنازانیت لەتاقیگەی دیوەخانەکەی خۆیدا هەمو جۆرەکانی ڕای گشتیت بۆدروست ئەکات , هەموو جۆرە نوسەرو شاعیرێکی خەیاڵ ناسکت بۆدروست ئەکات . ئەم سەرۆکانە زۆرلەسەرۆکەکۆنەکەی ئەوسای تۆ لێزان ترو دیموکراسی ترن لەم شتانەدا . ئەگەر ئەتەوێت نوسەرێکی دیاری ئەمڕۆبیت خۆت فێری ئەوە بکە بۆئەو ڕای گشتیەی ئەمڕۆ بنوسە . بنوسەو بیرلەترسی کۆمپیوتەری هیچ خاوەنشکۆیەك مەکەرەوە . ئەمڕۆئەوان بێباکن لەوەی تۆیش و هەرکەسێکی تریش چی ئەڵێن , چونکە ئەوان هەموو خەڵکیان توشیپەتای سڕبونی ئازادی کردووە . هەستی حەوتەمیان بۆخەڵك داهێناوە کەپزیشکەکان خۆیان ناویان ناوە هەستی گێلێتی .ئێستا هەوڵبدە لەم دنیاتازەیە تێبگە " .

سڕو سكون گوێ قولاخی قسەكانی سەرنوسەری ڕۆژنامە تازەكە بوو ..ئەو هەردەیوت و ئەمیش خۆش خۆش سەری ئەلەقان ..ئەو هەربەردەوام بوو لەوتن وئەمیش هەربەردەوام بوو لەبەڵێكردن ...

★★★

# لەپەنای گا بەردەكەدا

گوڵاڵەبەشوێن حەکایەتێکدا وێڵبو کەهەزاران حکایەت خوانی هەبوو ,بەلاّم هیچکامیانی دەستگیرنەئەبوو ,حەکایەتێك لەژیان زیندوتر بوو ,لەمەزنی هەمووەمەزنیەك مەزنتربوو , دورنیەبڵێم هەموودنیا لەگۆشەیەکی یادەوەری یەکێك لە حەکایەتخوانەکانیدا جێگای ئەبووەوە ,دواجار ..دوای تەمەنێك لەگەڕان گولاڵەیەکێك لەوهەزاران حکایەتخوانە کەنەفت وپەككەوتەی دۆزیەوە تابەنیوەوناچڵ حکایەتەکەیان پێبگێڕێتەوە .

★★

بەبەردەمدا خۆی دابوە سەر مێزەکەداوهەردو ناولەپی خستبوە ژیرچەناکەی و زۆربەکوڵەوەلێی ئەپاڕایەوە و بە(مامە) بانگی ئەکرد , بۆئەوەی هەرنهێنیەك هەبێت لەو کوشتنەداکەتائێستا پێی نەزانیوە بۆی بگێڕێتەوە .ئەویش وەکوکەسێك کەبێزاربوبێت لەچەند بارەکردنەوەی داواکەی,بە هێمنی وخۆگرتنێکەوە ,بەدەم سەیر کردنێکی چاو حیزانەوە لەدرزی مەمکەکانی ( کەوەك درزی قاژەکانی پرتەقاڵێك لەیەخەی کراسەکەیەوە دەرکەوتبو ) دەستی بەگێڕانەوەکەی کر " زانینی ئەم نهێنیانە کەبوغزو قین بەهێز ئەکەن کەسێکی ئەوێت توانای بەرگە گرتنی هەبێت ,گەرماوسەرمای ڕۆژگارەکانی دیبێت ,ئەو گەمانەی بینی بێت کەبە گولەکان وخوێنی براکان ئەکرێت .. گولەیەکی سەرشێت بو هاتوو لەسنگی باوکت چەقی ,گولەیەکبوو یان زیاتر ئەوە نازانم , چونکە ئەوەی من بیستم هەرئاخێك بوو,ئاخێك

کەدوای ماوەیەکی زۆر ئەوسا زانیم جیاوازە لەو ئاخە ئاساییانەی تر کە ڕۆژانە لە بۆنە جیاوازەکاندا دەری ئەبڕین..."

بەوریاییەکی تەواوە گوێی لێگرتبوو , سورایی ڕومەتی ئاڵتر دەینواندلەژێرئەوئارەقە تەنکەدا کەحەسرەتی چاوەڕوانی پێی کردبو , هەرکە کۆتایی بەهەر ڕستەیەك دەهێنا خێرا دەیوتەوە ئەی دواتر..., ئەویش ئەیوت

- " نازانم چیت بۆ بگێڕمەوە گوڵاڵە ,ئەزانم گێڕانەوەیەکی سەختەو هەمومان ئازار ئەدات ,ئەوەی تۆ دەیپرسیت تائێستایش هەرخوێنی تاوانێکی قێزەونی لێئەچۆڕێت ,لەپشت هەرپرسیارێکتەوە تاوانێك لەوپەڕی گەورەیداو , گورگێك لەو پەڕی دڕندەیدا خۆی حەشار داوە , ئەزانم وشەیەکم نابێت ڕاچەنینت لادرو ست نەکات ,هەناسەیەکم نابێت وەك تەمی شەوی شەڕەکە وێنەکانت لاتەڵخ و لێڵ نەکات ,ئەوەی من دەیگێڕمەوە دانپیانانی تاوانێك نیە کە دەمانتوانی نەیکەین ...نا.نا...ئێمە داشی دامەیەك بوین هەمیشە دەستەکانی پشتەوەمان دەیجولاَندین .

ئێوارەیەك بوو جیاواز لەئێوارەکانی تر ,هەموشتێکی جیاواز بو ,سەرماسەختەکە ,ئاوابونی خێرای خۆرەکە ,ئەو تاریکیەی کەگومانمان هەبو بەخوێنێك ڕەنگ کرابێت ,ئەو سڕبونەی لە ترس و لەسەرما قیژەی بایە قوشەکەی لێکردبوین بەزەنگی مەترسی ..تاریکی هەمووشتێکی لەناو خۆیدا بزرکرد ,وەك پەردەیەکی ڕەش کەون کردنی ناڕێکیەکانیژیانی مەبەست بێت

, هات وهەمو ڕوناكیەكی لە بینایمان دزی , ئێمەیش هەركەسەو هاورێ زۆرنزیكەكانی خۆمانمان دۆزیەوە,چونكە ئەمە ئەو كاتانە بو پێویستمان بە هاوڕێبوو ,هاورێكانیشمان یان گابەردێك بون كەخۆمان ئەدایە پاڵی , یان سەنگەرێك ,دۆڵێك ,پاڵ بنچكە دارێك ,یان هاورێیەكی وا كەچاوەڕێی ئەوەی لێبكرێت چەند تەنگانەش بێت لاشەكەت جێ نە هێڵێت . شەماڵێكی سارد بەسەر بەفرە تازە باریوەكەدا خۆی پێگەیاندین و كەوتە تەزاندنمان , وەك نوكی گولە گەرمەكان دەیبڕین و هەرچی بزوتن هەبو لەلەشماندا وەستاندی ,دیاربو ئاسمانیش ئەم شەڕەی پێخۆش نەبو كەئێمە ئەمان كرد , ئەمان بینیسەرماكەو گولەكان دەكەوتنە پێشبڕكێوەو لەنەشتەر تیژتر ئەهات و ئەیبڕین و ڕومەتە تەزیوەكانی دەرزی ئاژن ئەكردین. ئەستێرەكانیش ئەدرەوشانەوە لەپشت ئەو پەردەی تاریكیەی كەجارناجارێك گڕی گولەیەكی گڕدار شەقی ئەكرد,كەگولەكان زۆربون ئەستێرەكان وگڕی گولەكان تێكەڵ بون وئاسمانیان زەرد كرد , وەك ڕوبەری مانگێكی گیراو كەلەلێڵیدا سوربكاتەوە .هاڕەی گولە كان و هەناسە بڕكێ و چرپەی ڕاو ڕاوێنی ئەوانەی دەیان ویست ئەمجارەش لە گولە دەربازبن ئارەقەی ترسی پێئەكردین .. سەرسم دان لەو لاشانەی كەتانەكەوتایەین نەمان ئەزانی لاشەی هاورێیەكی نزیكمانەو ,لەو كۆترە دارانەی لەبەر كۆنی خۆیان تەواو ڕزی بون ئەوسا كەوتبون هێزی ڕاكردنی لێبڕین . دوای كەمێك ماندوبون كپبوینەوە ,هێمنییەكی وا بالی كێشا بەسەر كەشەكەدا كەئەتوت خاكی گۆڕستانی

بەسەردابێژراوە , ماوەیەكی كەم بوو لولە ماندوو گەرمەكانی تفەنگەكان دەیانویست پشویەك بدەن .

ئەزانی بۆگولاڵە ...؟چونكە ئەویش ئامێرێكەو پشودانی پێویستە , بۆئەوەی كەمێكی تربتوانێت چالاكانە دەست پێبكاتەوە . فەرماندەكەمان كەسەدمەترێك لەدوای من وباوكتەوە بو هەرخەریكی هاندانمان بو , ئەویش كپ بووەوە .. هەموان دەیانویست پشوبدەن,پەلەوەرەكانیش كەئێمەلانەی ئاراممان تێكدابون نەفرەتیان لەماندونەناسیمان ئەكرد,ئەو چنگ لێكردن وبێزلێهاتنەوەی گورگ وچەقەڵەكانیش بابوەستێت , كەبێشەرمانە ئەمان بینی وهیچی لەهەڵوێستەكەشمان نەئەگۆڕی . هەموشتەكان تینوی هێمنی وپشودان بون چیارەشەزەبلاحەكەو دۆڵە تاریكەكەیش ...دارو بەردی ئەو ناوە دەیانویست پشویەك بدەن و ساتێكیان بەئارامی و دوور لەتەقەبحەسێنەوە , تاتۆزێكی تر بتوانن بەگیانێكی پڕتر لەئەهریمەنەكانی (هابیل و قابیل ) دەست پێبكەنەوە .

ئەزانم گولاڵە گوێچكەكانت پڕبەئاوەلآیی‌خۆیان كراونەتەوە تاچیرۆكەكەم ببیسێت ,ئەزانم چاوەڕوانی ئەوە نیت ئەو تڕۆهاتەم لێ‌ببیسێت كەدەبو زوتر بۆم بگێڕایەیتەوە , ئەزانم حەزناكەیت وێنەكانی ناو خەیاڵت بە ڕشانەوەی ئەم حەقیقەتە تاڵانەم ناشیرین بێت .بەلآم ئەمە حكایەتی نەبەردیە خوێرپەكانمانەو نابێت تۆ نەیبیسیت . وردە وردە تەقە لەوبەرەوە دەستی پێكرد , وردە وردە ئەو ئارامیەی كە ساتێكی كەم بوو ڕۆحی شەكەتی‌هێمن كردبووین كەوتەوە هەڵفڕین .. سەرۆكەكەی ئێمە كەهەمیشە زاناترو

بەشەهامەت ترو زیرەك ترلەسەرۆكەكەی ئەوان دەرئەكەوت , یان بابڵێین چاوەكانی ئێمەوەهای ئەبینی , ئەمەش بۆخۆی ئیلهامێكی ئەبەخشیەئێمە , بەتایبەتی دوای ئەوەی چەند شەوێكی پێشتر بینیمان لەیەكێك لە كەناڵە تەلەفزیۆنیەكاندا برِێكی باش هەرِەشەی كرد لەدوژمن و ئەو مەملەكەتەیش دوژمن ئۆكسجینی لێوە هەڵئەمژێت ,ئەمەیش وای لەئێمە ئەكرد بە جۆرێك وەلاَمیان بدەینەوە گەرمتر بێت لەهەوەس ساردی شەرِكەرێك بەناچاری و بێخواستی خۆی راپێچی بەرەكان كرابێت . خۆم مت كردبو لەپەنای ئەو بەردەی كەرِەنگە هێندەی هەمو ژیانم قەرزاری بم , چونكە تائێستایش واهەست ئەكەم ئەوە ئەو بو نەیهێشت بەر لەباوكت ببمە شەهیدی رِێگای گەل وپاراستنی دەسكەوتەكان . دوژمنیش هەروای ئەوت بەشەهیدەكانی خۆیان !!!..ئەزانم پێكەنینت دێت بەو گەمژەییانەی كەنابێت بۆت نەگێرِمەوە ,بۆئەو مەیمون بازارِیەی كەوەكو مێژوویەكی پرِسەروەری تۆمارمان ئەكرد.. بەلاَم چی بكەین رِۆژگارێكەو دەبو رِامان بواردایە ... تازە بەفرێكی فشۆڵ باریبو ,سایەقەی دوای بەفرەكەش هەرِەشەی سەرمایەكی سەختی لێئەكردین, سەخت ترلەهەرِەشەی لولەی تفە نگەكانی دوژمن ..دارەكان چەتری سپیان هەڵكردبو , درێژو نارِێك بەدیارسەرمانەوە وەستابون , لەوەئەچوو ویستبێتیان لەو تاریكیە وەی شومەدا شایەتحاڵێكی ئەوشەرِەنگێزیەی ئێمەبن, تەنگانەیەكی زەحمەت بو , قەپاڵی ئەو گورگانەی لەدواوە دەیانویست بمانگەزن ودەستی ئەو هاورِێیانەی لەخوێنا سوربون و داوای گرتنی یارمەتیەیان دەكرد لەیەك جیانەئەكرایەوە بۆمان . لەناو ئەو هارِەوگرمەدا

تەنها دەنگ كەبیستم دەنگە ناخۆشەكەی فەرماندەكەمان بوو كەجنێوەپیاوانە كانی دەستپێ كردبو " لێیان دەن ئەو ...,دایكیان ...,وەك سەگ ... " , وەك خووی هەمیشەیی هەمووجارێك بەو جنێوانە بە شەڕەكانەوە ڕای ئەبوارد ,دەیویست زیرەكیمان بەو قسە قۆڕو پیسانەی بوروژێنێت ,چونكە زیرەكی ئێمە ئافەرینی ئەوی تیابو . دەیویست بەوجنێوانەی نیشانماندات لەمردن وگولە ناترسێت ..ئەزانی بۆ ...؟ چونكە ئەو گەورەپیاوی ساتەكانی تەنگانەمان بوو.. یەكەم ڕۆژكەهێنامانی بۆئێرە بەماشێنەتازەكەی خۆی پێش كاروانەكە گەیشتبو .كەدابەزین بینیمان لەپاڵ ئەو بەرپرسەی بەرەكەدا دانیشتبو كەشەڕ كردبویە سۆپەرستاری دەزگاكانی ڕاگەیاندن وبڕێكی تر لەپاڵەوانەكانی بەرەكە , ئێمە سور ئەمانزانی ئەو زوگەیشتنەی هەربۆئەوە بو كەنیشانمان دات لە هەمو شتێكدا لەئێمە بەتواناترە .. ئەوە ئێمە بوین گولاڵە هەمو جارێك شەڕەكانمان ئەكرد , كەچی ئەیانوت فەوجەكەی كاك ..., هێزەكەی خاڵە ....,لەوڕۆژگارەدائێمە ونیشتمان وپرەنسیپەبالأكانی { ...} یش لەبەرژەوەندی ئەمانەدابوین , كەئێمەی بینی هات بۆلامان ,سلاڵوی كرد و وەك باوكێك قسە بۆكورە گرگنەكانی بكات دەیویست فشمان كاتەوە بەوەی لەتوانای ئێمە بەدەربو , ئێمەیش گوێلەمشتی فەرماندە بوین هەرشتێكی بووتایە , تەنانەت ئەو كاتانەیش كەلیكی گێلێتی لەدەم ئەچۆڕا. باسی ئازاییە گەورەكانی هەڤاڵەكانی خۆمانی بۆكردین كەپێشتر لەم بەرەیەدا نواندویانە , هەروەها ترسنۆكی وخۆڕانەگری دوژمنیش .ئەو ڕۆژە وەك ئێستای شڵەژاو نەبو , وەك ئێستا دەنگی دانەنوسابوو,ویقارو كەشخەییەكەی لەدەست نەدابو

,ئێمەش وابچوك و داماوو بودەڵە نەهاتبووەپێشچاومان .واتێنەگەی ئەوپیاوە زەبلاحانــەیش شــەڕپەرپوتیان ناكــات ,نــا .نــا...هەنــدێك جــار زەبونیــان زۆرلەزەبونی كەسێكی ئاسایی زیاتر بەزەیت ئەوروژێنێت .

بەتەمانــەبوین بــەوجۆرەی كــەهاتن لێمــان نزیــك ببنــەوە ,وەهاتێكــەڵ بــوین كــەگڕی لولــەی تفەنگــەكانیانمان ئــەبینی ,دیــاربو ئــەوانیش فەرمانــدە یــەكیان هــەبو كەبەهانــدان وجنێــودان ڕەوانــەی كــورەی شــەڕەكەیان بكــات . تەقــە گــەرمبوو , هــەڵیان كەنــدین لــەپاڵ ئــەو بــەردەی كەبۆســاتێكی كــەم باشــترین پەناگــەم بوكەتائێــستا لــەیادم مابێــت .مــن وباكــت وكەســێكی تــریش كەپــەنای ئەوبەردە كردیە هاوڕێمان دەمانویــست بگەڕێینــەوە ئەوچاڵاییەی پــشتەوەمان كەنزیكتربو لەڕەبایەكەیخۆمان ودورتریش بــو لەچــەقی ئاگربارانەكــە , گــزەی بڕێــك گولــەوئاخێكمان بیــست . ئەڵبەتــەدوای تــەواوبونی هــەمو شــتێك ئەوسازانیم ئەوئاخە باوكتە ,كەلام كردەوە زانیم سیانەكەیەكێكمان دەنگــی هــا سكە ها سكی دێت و ئەوی تریان جێماوە , بــەڵام وامەزانــە هێنــدە بێئەمــەكم كەدەمتوانی لەجێهێشتنی زیاتر هیــچی تربكــەم ,دەبوایــە لــەنێوان ژیــانی خــۆم وهێنانــەوەی ئەوتەرمــەدا یــەكێكیان هەڵبــژێرم . لــەو شــڵە ژانــەدا بــەڕاكردن هاتینــەخوارەوە بــۆ تەختایەكــەی بنــاری چــیاكە , ئاراســتەی ڕاكردنەكــەم لێتێكچو , نەمدەزانی بەرەو ناو دوژمن ڕائەكەم یان بۆناو هاوڕێكانی خــۆمــان , ئەچــوینە بــان دارەكــان و وەك مــەیمون بێئارامانــە هــەڵقونكێ مــان ئــەكرد,دائەبــەزین و دەچــوینە ســەردارێكی تــر و هــەم دائەبــە زینــەوە و... , ئەچوینەبەردەرگای هێلانەپاساریەكان و بــەزۆرخۆمان ئــەكرد بەژورداولــەبن

باڵیپاساریەكداخۆما ن مەلاس ئەدا , كەچی هەرخۆمان بۆ نەئەگیرا. دەمانویست بچینە كونی كەروێشكەكانەوە و وەرنەئەگیراین ,دۆڵی چەقەڵەكانەوەو خێرادەرئەكراینەوە , لەهەرلایەكەوە گزەی گولەكان زیاتربونایە ڕامان ئەكرد بەرەو لاكەی تر .. ئاه گولاڵە ..ئەوشەوە لەو شەوانە بو كەس دۆست و دوژمنی خۆی نەئەناسی ,هەرئەوەمان پێ ئەكرا بڵێین " تۆجەماعەتیكێیت ...؟ جەماعەتیخۆتانم ... " , بەم جۆرە داستانە مەزنەكانمان تۆمارئەكرد ,ئاوەها بوین بەكوڕە بەجەرگەكانی نیشتمان .. بەیانی كەبەماندویی گەڕاینەوەو هەمومان لەدەوری ڕادیۆكە كۆئەبوینەوە و بەدەنگێكی زولاڵ باسی داستانە مەزنەكەمانی ئەكرد , شەرمەزاربوین بۆئەو هەموو ئازایەتیەی بەدرۆ پێی ئەبەخشین وشانیئێمەش هەڵی نەئەگرت . ئەوجۆرە شەوانە هەروابەسانایی كۆتای نایە , دوای هەمو شەڕو تەقەیەك , كەئەگەڕێیت بەدوای هاوڕێ كانتدا و سمۆرەیەك لەبندارێكدا ڕاتئەچڵەكێنیت , سەرسم دان لەبەردێك كەبەدەمدا ئەیخستیت ودەمت ئەچەقیە قوڕەكەدا, هەتاكۆتای ڕۆژی دوایی كەهەواڵی شەڕەكەت ئەبیست جیاواز لەوەی تۆی تیا بویت هەر ئازاری ئەدایت ,ئەمە ئەو شەوانەبوهەمو شتەكان ناشیرین دەر ئەكەوتن ,خۆشترین چێژ بە ناخۆشی ئەبینرا , فریشتەكان هەمویان دیاربون بەلاق شكاوی و لارە لار ڕوی ئاسمانیان لێ ناشیرین كردبوین و هەریەكەو ڕۆحی لاوێكی بەدەستەوە بووئەی فڕاند ,گولەكان وفریشتە ڕۆح بەدەستەكان وەكو كەپرێك ڕوی ئاسمانی لێداپۆشتین , وەخت بو ئاسمانیش ڕەنگی تەیرێكی لا قشكاوی لەخوێنا سوربو وەرگرێت .

گولاڵە وتی

- " ئیترهەرئەمەو بەس ..ئەی بۆ ...ئەیدواجار...ئەی باوكم... "

ئەیویست چیرۆكەكەیپێ تەواو بكات , چاوەكانی زاق زاق سەیریان ئەكرد وەك ئەوەی بارگاوی كرابێت بەهەستی بیستن , چاوێكی نائاسای بو , گەورەترو كراوە ترلەهەرچاوێكی تر , ئەیویست ئەو وردە كاریانە ببیسێت كەدورنیە زانینیان خۆریش خوێناوی بكات , ئەمزانی هەزاران پرسیار خۆی تیامەلاس داوە دەربارەی باوكی... , دواهەمین وشە كەئەو لێی بیستبێت , دواهەمین ئاخ كە دەشێت ئەو دوژمنانە لێیان بیستبێت بە زیندویی هاتنە سەر لاشەكەی , دواساتی شەرەكە ... نەی دەویست شەرمەزاری پرسیارە روگیرەكانی بێت ,كەپێی دەوت وابوو ,واكرا ,لەوێ بوو ,ئێمەپێشتر لێماندان ,هێرشەكەمان ...,ئەو هەر دەیویست قوڵتر بچێتەناو زنجیرەی رووداوە كانەوە , دەیویست باشتر ئەو ئاگرە بناسێت كەلەوانەیە بۆهەتاهەتایە پشكێكی هەرئەم بسوتێنێت.

نائومێدانەپشتیبەكورسیەكەیەوەداو زەرد هەڵگەڕابولەداخی جێهێشتنی حەكایەتخوانەكەی , دواپرسیاری كە كوتەكوتە وبەمەیشتویپیتەكانی لەسەرلێوداهەڵوەریبوەخوارەوە بەشوێن وەڵامەكانیدا ئەگەڕا......ئەگەڕاو.....هیچیدەستگیرنەئەبوو...ئەگەڕاو...

★★★

# لەچایخانەکەدا

گوێی لێبوو وتی :

" ئەمە پیاوەکوێرەکەی دراوسێمانە کەژنێکی جوانی (...) هەیە "

ئەولەبەر خۆیەوە قسەیەکی کرد و خێرا تێپەڕی , بەلاّم دەنگی لەناو گوێی ئەمدا زرنگایەوە , دیار بوو قسەی بۆکەسێکی تر ئەکرد ..ئیدی خوائەزانێت کێیە .. بەلاّم ئەمیش چاك بیستی ...

ئەگەرمن و تۆی خوێنەریش قسەیەکی وامان بەبەرگوێدا بدرێت چی ئەکەین ؟

کام لەئێمە توانای بیستنی هەواڵێکی وامان هەیە دەربارەی کەسێك کە هاوسەرمان بێت ؟

بالێیگەڕێین و تەماشای کاردانەوەکانی بکەین , بەدوایا بڕۆین و بزانین بەکوێ ئەگات .. تۆکەتەواو ئەم چیرۆکەت خوێندەوە داوای ئەوەت لێناکەم بەزەیت پیایا بێت ... یان پڕبەدڵ حەزبکەیت بەردبارانی کەیت . ئەوە خۆت و ویژدانت بڕیاری لەسەر بدەن ...

ئەو بەیانیە لەهەمو ڕۆژەکانی تر زوتر هات بۆ چاخانەکە , چاخانەی چی.. گۆرانی ( کەتانە وکەتانەی ) حەسەن زیرەك و , تەقەی پیاڵاو ژێرپیاڵاو , شەقەی مێزی دۆمینەکردن و شەڕە سوێنی یاری چیەکان , هەراو ژاوەژاوێکی وای دروست کردبو لەهەمووبەیانیەکانی تر خۆشتربوو (بۆهەر کەسێك کەوەك ئەو خواخراپی بۆنەکردایە ) .. ئەم چاخانەیە بۆئەو وەك پانتایی هەمووجیهان وابوو , لەبارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان گرنگتر بوو , ڕۆژانە هێندەی ئاژانسێکی نێونەتەوەیی هەواڵی تیا بلاوئەکرایەوە . هەرکەهات لەسەر کورسیەکەی دەرەوە دانیشت و خۆی داوە بەر خۆرەکە , لەوەدابوو بانگی شاگردە بچکۆلە تازەکەبکات چای بۆبێنێت , کوتوپڕ دەنگێکی نەناسراوی بیست . دەنگێك ئێستا ئەزانێت چەندە ڕەق بوو , چەند ناسازو تاڵ بوو . وەکو ئاگرێکی سور کە بیەوێت هەناوی بسوتێنێت شەقەی لەدڵی هەڵساند , کاتێك بیستی ئەڵێت

" توخوا چەند گوناهە , ئەمە پیاوە كوێرەكەی دراوسێمانە كەئەو ڕۆژە بۆم باس كردیت ... ئەوە نەبوو وتم ژنێكی زۆرجوانی حیزی هەیە "

یەكەم جار بوو دەنگی وا ببیسێ , یەكەم جار بوو گوێی لەكەسێكەوە بێت ئەو گومانانەی بۆپشت ڕاست بكاتەوە كەلەماڵ دەرچونی ڕۆژانەی , میوان هاتنی بەردەوامی , ونبونی شەوانەی ناو جێگەكەی , گفتو گۆ تلیفۆنیەكانی نەسرین لای دروست كردبوو . ئەو قسەی بۆ كەسێكی تر كرد .. كەسێك بێگومان شان بەشانی ڕێی كردووە , چێژی لەگێڕانەوەی چیرۆكەكەی بینیوە , وێنای ژنێكی جوانی ناسكی كردووە كەلەپشت سەری پیاوە نابیناكەیەوە ( ...) و هەمووشتێكی تریش خۆی پێی خۆش بێت ئەیكات .

كێ حەز لەچیرۆكێكی وەها ناكات ؟.. حەتمەن دوایی پرسیاری ناونیشان و شێوەی ڕوخسارو گەڕەك وماڵیشی كردووە , ئەی بۆنا ...! , بەلآم ئەمیش قسەكانی بیست , لەم گوێیەوە هات و لەو گوێیەوە دەرچوو . تەنانەت گەرمی هەناسەكەیشی , بۆنەناخۆشەكەی دەمیشی هەست پێكرد .

خۆی بەپشتدا بردوو كۆڵنجەی شانی تن كرد لەڕەقایی پشتەی كورسیەكەی . بەقورسی هەناسەی بۆئەدرا . هەستی كرد ناتوانێت خۆی ڕاگرێت بەسەر كورسیەكەیەوە , خەریك بو لێدانی دڵی تێك ئەچوو . بیری كردەوە دەشێت زۆرشت لەپشت سەری ئەوەوە ڕویدابێت , ئەو شەوانەی جیاواز لەشەوەكانی تری نەسرین بەبۆنی گولآوێكی نامۆ و جیاوازەوە ئەخەوت ( لەو بۆنانەی ئارەزوی سیكس كردن ئەوروژێنێت ) . ئەو ڕۆژانەی خۆرئاوایەكی درەنگ

بەئۆتۆمبیلێكی تایبەت ئەگەڕاوە بۆماڵ . وردە وردە هەموو ئەو دیمەنانەی ڕابردووی هاتەوە پێش چاو كەبەهەستی بیستن وبۆن كردن پێی زانی بوو . ئێستا دەركەوت تێپەڕینی ڕۆژگارگومانەكانی لاناڕەوێنێتەوە ( وەك ئەوەی نەسرین هەموجارێك بۆدڵنیاكردنەوەی ئەیوت ) بەڵكو قوڵتریشی ئەكات ... زۆرناهەقیشی نیە , جوانیەكەی نەسرین لەوانەیە دڵی ئێوەش پیس بكات ! لەتەقەی پیالاكەدا ڕاچەنی , ئەو شاگردە منداڵەی كەتازە باوكی لەشەڕی ناوخۆدا كوژرابو , هەمیشە لە ئارەزوی گێڕانەوەی چیرۆكە تراژیدیەكەی مەرگی باوكی و ژیانی پڕمەینەتی دایكیدا بوو , وەك خۆی گوتبوی دایكی لەداماویدا لەقوتابخانەدەری كردووە بۆئەوەی لەم چاخانەدا كاری پێ بكات .. پێی وت " چاكەت بخۆ كاك... " هێندە دڵتەنگ ونائارام بوو بیری چوو چاكەی تێكدات و بەتاڵی خواردیەوە . ئەیویست بەسەر ئەو بارە دەرونیە تێك چوەیدا زاڵ بێت وهاوسەنگی خۆی لەدەست نەدات . لەتاڵی چاكەدا تاڵی ئەو ڕەوشەی هەست پێكرد كەتێی كەوتبو . بڕوای نەئەكرد .. نا . ..گەلێك زەحمەت بوو بڕوا بكات نەسرین حیز بێت , ئەو هەموو ساتە خۆشەی ژیانی هاوسەرێتیان , ئەو لوتبەرزیەی كەهەرگیز نەسرینی نەهێنایە سەرباری دڵخۆش كردن بەم هاوسەرێتیەی , ئەو شەوانەی بەرامبەری دائەنیشت وئەیویست بیهێنێتە قسە بۆ ئەوەی شۆڕنەبێتەوە ناو یادگاریە پیسەكانی .. ئەو تەنانەت لەیادگاریەكانیشی بەگومان بوو , تەواو بەخەیاڵاتی پیس و زیندە خەونی حەرامی ئەزانی , پێی وابوو هەموی یادی یەك ڕاموسان و تێك ئالانی حەرامە , ختوكەی شەیتانەو دنەی ڕۆحی ژنەكەی ئەدات . بەلام ئەگەر

ئەوسا هەر گومانی لەیادگاری و ساتە بێدەنگەکانی ئەکرد , ئێستا گومانی لەجەستەیشی هەیە , لەچرپەو هەناسەو خشەی لەعنەکانیشی . کەدەستی ئەبرد بۆجێگەکەی و لەژێربەتانیەکەدا نەئەما ئیتر وێنای هەموو شتێك ئەکات , هەموو شتێکی خراپ , هاسکەهاسك و ئۆخژنی ئەو پیاوە چاوڕەشە بالأبەرزەی کەوەك لاولاو خۆی لەبالأی نەسرین ئالأندووە و بەهەردوو دەست مەمکەکانی هەڵئەفلیقێنێت , تەمی هەناسەیانی ئەبینی بەرەو ئاسمان ئەڕۆیی , تەمێك بوو پرلەشەهوەتی گلاّو , پرلەبۆنی عارەقەی بن باڵ و ماچی تەڕ . هەربۆبازاڕ چونێکی و درەنگ هاتنەوەیەکی , هەردەرگاکردنەوەیەکی و پێشوازی کردنێکی میواندۆستانەی .. دەیان چیرۆکی لەخەیاڵە ئالۆزەکەیدا دروست ئەکرد , ( لەو چیرۆکانەی پاڵەوانەکەیان شەهوەت بازێکی ناموس دزە ). خەیالّی هەموو شتێکی ئەکرد کەڕەنگە ئەو قەت نەیی کردبێت , یان چەندین جاریش کردبێتی و ئەم پێی نەزانیبێت .

وا هەستی ئەکرد نەسرین نابینایی ئەمی وەك هەلێك قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی هەرچی ئارەزوی لێبێت بیکات . لەبێ دەسلاّتیدا گریانێکی قوڵ لەگەرویدا گیربوو.. چۆن گریانێك .. کوڵەی ناو دڵی وەخت بوو هەموو شادەمارەکانی بقڵێشێنێت , نەیدەویست ئەو بارە ناهەموارەی لێ دەربکەوێت , تورەیی وشەرم و قین وهەست کردن بەحەیا چون , دنیایان لێکردبوە تونێلێکی تەسکی تاریکی ئەو سەر گێراو .

هەستا بۆ ئەوەی چاخانەکە جێ بهێڵێت و... , کەخۆی دابەسەر دارشەقەکەدا واخۆی بینییەوە لاشەی بووە بەبارێکی قورسی ڕەق بەسەر تەنها قاچەکەیەوە

. لەو ڕۆژەوە مینەکەی پیاتەقی هەمیشە کچەگەورە هەشت ساڵانەکەی دەستی ئەگرت و ئەیگەڕاند .. هەستاوە سەرپێ و بانگی کرد ( شیلەگیان ) , هەموو جارێك هەروا بەشیلە گیان بانگی ئەکرد , دوای سێبارەکردنەوەی بانگەکەی شیلەگیان هەرنەهاتە وەلاّم , تاشاگردە بچکۆلە ڕۆح سوکەکە چوو بۆی بانگکرد . دەستی لای قاچە ساقەکەی درێژکرد بۆئەوەی شیلەگیان بۆی بگرێت , بەزمانی گلەییەوە وتی

-" لەکوێ بویت ئەوەندە بانگم کردیت ... تۆیش فیربوویت فەرامۆشم کەیت... "

-" دوورنەبوم باوکە گیان , لەبەردەم ئەو دوکانەدا بوم ..ئەوەندە بوکە شوشەی جوانی هەبوو..."

بێوچان باسی بوکەشوشە جوانەکانی ئەو دوکانەو , ئەو نرخانەی ئەکرد دووکاندارەکە پێی وتبوو , بەراوردی ئەکرد بەو بوکە شوشە جوانانەی پێشتر لەگەڵ دایکیدا لەبازاڕ بینیوونی . جیاوازی نرخەکەیان , جیاوازی بوکەکان خۆیان ...بێوچان قسەی ئەکرد .. بێئەوەی ئاگای لەوە هەبێت باوکە گوێی لێ گرتووە یان نا .. بێ ئەوەی بزانێت کەئەو لەناو جیهانە تایبەتیەکەی خۆی دا ئەبرژا . لەناکاتێکدا وتی " گەروا بڕوات بڕی ماڵ ناکەم ئەخنکێم " .

ئەو ڕۆژەی مینەکە قاچی پەڕاند زانی ئیتر ژیانی وێران بووە , بەلاّم ئومێدێکی هەرمابوو بەوەی کە ماڵ و منداڵێکی دڵسۆز و خاوێنی هەیە و دەشێت لەباوەشیاندا بحەسێتەوە , ئەگەرچی نەی ئەتوانی فەرامۆشی ئەو هەموو گومانە بکات کەنێوانی ئەوو نەسرینی کردبووە دیواری چین . ئەیزانی

قەت ڕۆژێك لەڕۆژان خۆشی نەویستووە , دەست لەملانێ و ماچێکیان نەبووە بەرۆح وناخێکی عاشقانەوە . نەسرین هەمیشە هاوسەرێتی ئەمی وەکو قەدەرێکی شوم قبوڵ کردووە . والێی ئەڕوانی کەجارێك خەندەیەکی بەم بەخشی بێت هەزاران پێکەنینی شەیتانیانەی داوەتە ئەوان . هەرئەو ڕۆژەی باوکی پێی وت " بۆت داوائەکەم , کچی وەستا ( ج ) قەرزاری خۆمە ناتوانێت بڵێت نا ..من بەپارە هەموو شتێکت بۆتەواو ئەکەم ...", بەڕاستی کردی , هەموو شتێکی بۆبەدەست هێنا بەس بەختیاری و خۆشەویستیەکی عاشقانە نەبێت , ئەو شتەی وائەوان وەك هەرژن وپیاوێکی تر پێویستیان پێی بوو .

بەدوای یەکدا منداڵەکانیان بوو :

ئەم دڵی پێخۆش بوو : چونکە وەك زنجیرێك ئەیبینی کە دڵە سەرشێتەکەی ئەوی پێجڵەو بکات , تەنها هیوایەکی منداڵ بون بوو بۆ ئەوەی بتوانێت نەسرینی پێ تەسلیم بە قەدەری هاوسەرێتی خۆی بکات .

ئەویش بەپێچەوانەوە : هەرمنداڵ بونێکی بەغەرق بوون لەگۆمێکی قوڵتردا ئەبینی , خۆی جارێکیان وتی " بونی هەرمنداڵێکم دەیەیەك لەپیری نزیکترم ئەکاتەوە ".

ئێستا بەرەوماڵ ئەڕواتەوە بۆئەوەی هەموو شتێك لەگەڵ نەسرین باس بکات . هەرکەسێك بەلایا تێئەپەڕێت و ورەیەکی لێوە دێت یەکسەر گوێ قولاخی ئەبێت بزانێت چی ئەڵێت دەربارەی نەسرین .

گوێی لێبوو هەموو شار باسی نەسرین ئەکات , هۆرنی ئۆتۆمبیلەکان هەر بۆئەو بون , شاوری پۆلیسەکانی هاتوو چۆ , بانگە بانگی دەست گێڕەکان ,

هەمووی هەر بۆئەو بون , بۆئەو قەدباریكی چاومەستەی كەبەهەموو تەمەنی هاوسەرێتیان نەیتوانی گرەوی دڵی بباتەوە .

قاچی درێژ ئەكرد بۆهەنگاو نان پێی ئەچوو بەچاڵێكدا و پڕناو كەوشەكانی ئەبوو لەچڵكاو , لەزێرابی بۆگەن , ناچار هەنگاوەكانی نەرمتر ئەكردەوە . نوكە پێی ئەیدا لە لێواری شۆستەیەك , پلەی یەكەمی قادرمەیەك ..وسەرسمێكی توندی ئەدا . هیلاك بوو .. تەواو پەكی كەوت .

لەسەرداوای باوكی شیلە گیان تەكسیەكی گرت . لەبەردەرگادا دابەزین و بێ لەدەرگادان خۆیان كرد بەژوردا , بۆنی حەوشەكەی و بەردەرگابەرزەكەی ئەوەی پێوت كەماڵی خۆیان نیە . هەرلەرێكردنە خۆش ونەرمەكەی سەركاشیەكەدا هەستی كرد بەهەڵەهاتونەتە ئێرە , پیش ئەوەی شیلان بڵێت " ویی ..باوكە خۆئەمە ماڵی خۆمان نیە " ژنی خاوەن ماڵ كەئەمانی بەسواڵكەر زانی هاتە دەرەوە , كە بینی واخەریكە بەرەو دووا ئەگەڕینەوە بانگی كردن " ڕاوەستە تاشتێكتان بۆدێنم " , هەركە گوێ بیستی قسەكانی ژنەكە بوو بەپەلە دەستی شیلانی ڕاكێشا و ویستی هەرچی زووترە ئەو ناوە جێ بهێڵن , ئەوەندە تن باڵی ڕائەكێشا , وەك ئەوەی بەدوای خۆیدا كێشی بكات ... خۆش خۆش ئەیوت .. دەخێراكە , نەیهێشت ئاوڕبداتەوە تالەو سەری گەڕەكەكەوە دەرچون .

زۆرئەترسا تائەچێتەوە ماڵ نەسرین ماڵەكە بداتە كۆڵیاو خۆی بگەیەنێتە شارێكی تر , بڕوات و ئیتر بەئازادی خۆی چی پێ خۆش بێت بیكات .

بیری كردەوە ڕێی ماڵی لێ تێكچوە , بەڵكو لەشیلانیشی تێكداوە . گەیشتە ئەو بڕوای كەزۆرلەوە كەمترە نەسرینی پێ ڕازی بێت . ئەمە دووەم جارە ڕێی ماڵ خۆیانی لێتێك بچێت , جارێكیان لەگەڵ دایكیدا بوو كەپیری گەیاندبویەپایزی تەمەن , خۆرئاوایەكی درەنگ ڕێگەی ئەو خانوەیان لێتێك چوو كەدووسێ ڕۆژێك بوو چوبونە ناویەوە , ئەو كات دەستی بەدەستی دایكە دڵسۆزەكەیەوە بوو , دڵنیا بوو.. دڵنیایی بەئومێدی ڕێگا دۆزینەوەی لەو ئێوارە تاریكەی شاردا . بەلاّم ئێستا سەرەڕای هەموو پەشێویەكی خۆی , شیلانیش ڕێگەكەی هەڵە كردووەو جارجار ئەڵێت " بەخوا تۆ لەمنیشت تێك دا , ئەگینا ..."

بەتەمابو بە دەستەكانی باوكی بەختیاریەكی ئەبەدی دابین بكات , هەربەو هیواوە وەك بازی بەخت بەسەر نەسرینەوە نیشتەوە . كەجوانی وناسكیەكەی بینی , بالاّی سەرنج ڕاكێش و كچێتیە سەرچڵەكەی بینی , كردیە جێ نیشان و وەك نێچیرێكی خۆش دەست زوو بەدەستی هێنا . بەلاّم ڕۆژەكان و ساڵەكان ئولفەتی پێكەوەبونی بۆپێك نەهێنان . هەریەكەو لەبیابانی خۆیاندا بون , هەرفریای ئەوە ئەكەوتن گومان لەخەیاڵ و زیندە خەونەكانی یەكتر بكەن , پێكەنینێكیان نەبوو ئامـاژە بۆبەدگومانی لەخیانەتی هاوسەرێتیان نەكات , ڕۆژێكیان ڕانەبوورد بێ ئەوەی درزێك بخەنە ئاوێنەی بەرهەیوانەكەوە .
دوای گەڕانێكی زۆر درەنگانێك شیلان هاواری لێ هەڵسا
" ئەمە كۆلاّنەكەی خۆمانە باوكە "

کەچوە بەردەرگاکە چاوەڕوان بوو شیلان پێی بڵێت دەرگای حەوشەکەمان نەماوە , دەرگای ژورەکان , پەنجەرکان , خاولی حومامەکە , ژێرکراس وشەواڵ کولّ و ستیانەکەی نەسرین , هەمووی بەئاسماندا دێت و ئەچێت و ڕەشە با ڕای ئەوەشێنێت , لەشینایی ئاسماندا بەدەوری خۆیاندا ئەخولێنەوە . ئەوە نەسرینەو بەڕوت وقوتی چوەتە ژورە بنینەکەو هەر دەنگی دێت و ئەڵێت نایەمە دەرەوە ...

چاوەڕێی ئەوە بوو ئێستا دراوسێکانی کۆبوبێتنەوەو بڵێن :-

" بەر لەدووکاتژمێر بایەکی زۆرتوندلەخۆر ئاواوە هاتوە و ماڵەکەی تۆی پەرتەوازە کردووە " .

پیرەژنەکەی بەرامبەر ماڵیان بڵێت :-

" مشکە نێرەکان تەنها بونەوەرێکن بەماڵەکەی تۆدا حەز لەڕاوڕاوێن بکەن , پاساریەنێرەکان بەسەر دار تێلەکەتانەوە یاری بەئەندامەکانی سێکسی یەکتری ئەکەن , پشیلە نێرەکان بەشوێن یەکدا ڕائەکەن و ئەپەڕنە کۆڵی یەکتر ".

چاوەڕێ بوو ( هەتیوە شەواڵ حیز ) ە کەی ماڵەکەی پشتەوەیان بێ بۆلای و بچپێنێتە گوێیاو بڵێت -" هیچ نیە خۆمانین "

دای لە دەرگاو نەسرین دەرگاکەی بۆکردەوە . هیچ بۆن وبەرامەیەکی نائاسایی لێ نەبیست .

ئەو هەر ژنەکەی جاران بوو .. بەس لەخەیاڵگەی ئەمدا گۆڕابوو . دەستی کردەوە بەپرسیارە دووبارەکانی هەمو ڕۆژەی " کێ هات بۆئێرە , کێ تەلەفونی کرد , کێ پرسیاری ... کرد , کێ ... ,کێ ... " ئێستا سەری سوڕماوە

, نازانێت ئەو دەنگە لەبیربكات كەلەچاخانەكەدا بیستی , یان بەڕاستی نەسرین ... , نازانێت تاكەی ئەو وەها لەم دڵەڕاوكێدا ئەژی , لەهەمووی سەیر تر, نایشزانێت هەروەكو ڕۆژەكانی ڕابردووی سبەینێ بگەڕێتەوە بۆچاخانەكەی ؟ یان كاتی ئەوەی هاتووە ئەوێیش تەرك بكات ...

ڕۆژەكانی دواتر بڕیاری یەكلایی كەرەوەی خۆیدا , بڕیاری‌ئەوەی :- باربكات و ماڵەكەی ببات بۆ ئەو گەڕەكە ڕاقیەی ناوەڕاستی شار كەبەم دواییانە بونیاتنراوە . لەم گەڕەكەدا هەموو ماڵێك دەزگایەكی كۆمپیوتەری ورد بینی زیرەكیان خستۆتە سەروی دەرگای حەوشەكەیان , ئەركی ئەم دەزگا بریتیە لە چاودێریكردنی هەڵسوكەوتی مرۆڤە مێینەكانی ماڵەوە ... ئەم دەزگانە كەبە پاسەوانی ئەمنی ئەخلاقی ناوئەبرێت خەرجی و تێچویەكی زۆرگرانی هەیە . بەلاّم لەبەر پێداویستی لەلایەن خەڵكەوە و گرنگیان بۆمانەوەی شورا شەرەفیەكانی ئەو خێزانانە , خاوەن ماڵەكان خەرجی لەدەمی خۆیان ئەگرنەوەو ئەیكەنە خەرجی ئەم دەزگا قورس و مەزنە ... ئەم جەنابەی لای خۆیشمان بڕیاری دا ڕوبكاتە ئەو گەڕەكەو بەهەر حاڵێك هەیە دەزگایەكی لەو جۆرە بكڕێت .

★★★

# حكایەتی ڕێكەوتن نامە هەستیەكە

من ئەو شەوە لەبارێکی زۆرئاسایدا بووم تاچومە سەرجێگەکەیشم , هیچ شتێك ڕوی نەدا تائەو شەوەی لەشەوەکانی تر پێ جیابکەمەوە .. هەر کە چاوم چووە خەو سەرتاپاچەرمویەك هاتە ژوورسەرەکەم و سلاٌوی کرد , دەستێکی هەتیوانەی هێنایە سەرماو گوتی :

- " گوێبگرە , تۆیەکەم کەسیت من ئەم هەواڵە گرنگەت پێئەڵێم . دواهەم کەسیش ئەبیت ... لەوانەیە تارۆژی حکایەتەکە تەمەنت درێژنەبێتەوەو بمریت , لەوانەیشە ... ئەوە جێ ئەهێڵین بۆئەوەی خودا بڕیاری لەسەربدات . من بەڕێکەوتێك کەمەگەر هەرخودا بزانێت چ حیکمەتێکی تیایە , نێردراوم بۆلای تۆ , هاتووم بۆئەوەی پێت بڵێم :- دوای پەنجاساڵی ترلەلایەن پیاوێکی قسەلەڕوی چاونەترسی ورياوە , کە زەمانێك خۆی بەڕاستگۆترین پیاوی وڵات زانیوە , حکایەتێکی ئەفسانەیی مەزنتان بۆئەگێڕڕێتەوە , ئەم حکایەتە وەك دەقێکی پڕلەتەلیسم و نهێنی مشتومڕێکی زۆری لێ ئەکەوێتەوە , ماوەیەکی زۆر خەڵکی هەموو کیشوەرەکانی جیهان بەخۆیەوە خەریك ئەکات . ڕاستە ئەم پیاوەهەر سەربوردەی ژیانی خۆیتان بۆئەگێڕێتەوە , بەلاٌم ئەشێت هێندە چیرۆکی گرنگ لەژیانیا هەبێت کەئەو هەمووساڵەی چاوەڕوانی کردن بهێنێت . ئەوشەوەی بڕیار ئەدات بێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و حکایەتەکەی بۆبینەران بگێڕێتەوە , ئەبێتە یەکێك لەشەوە مێژووییەکانی ولاٌت . لەسەرەتای گێڕانەوەکەیدا , هەموو ئەو وردەکاریانەی دەربارەی ڕۆژەکانی فەرمانبەرێتی خۆی و , هەڵسوکەوتەکانی لەچوارچێوەی ( ڕێکەوتننامە هەستیەکەی ) ناوفەرمانگەکەیدا بۆ بینەران ئەگێڕێتەوە . هەر ئەوشەوە

لەلایەن هەموو کەناڵە ناوخۆیی و جیهانی و ئینتەرنێتیەکانیشدا پەخشی ڕاستەوخۆئەکرێت , هاوکات لەلایەن دیان وەرگێڕەوە دەگوازرێتەوە بۆسەر زمانە زیندووەکانی تری جیهان , بۆ ئەوەی میللەتانی تریش بێبەش نەبن لە تێگەیشتنی ئەو  هونەرە کەم وێنەی کارگێڕی , کەوەك داهێنانێکی زیرەکانەی بەرزی وڵاتەکەی ئێوە ئەناسرێت   .

لەکاتێکدا هەموو خەڵکی جیهان چاوی لەدەمی ئەو کادیرە بەئەزمونە ئیداریە ئەبێت , چاوەڕێن بزانن ئەو حیکمەتانە چیە کەپاش تۆزێکی تر ئەیدرکێنێت , ئەویش خۆی ئامادە ئەکات بۆبەرچاوی بینەران .. زۆربەنەرمی , بە ویقاریی کەسێکەوە چاوەڕێ بێت بۆخەڵاتی نۆبلی بپاڵێون , دەست ئەکات بەگێڕانەوەی حکایەتەکانی ژیانی فەرمانبەرێتی خۆی .

ئەڵێت:-

"هەموومان لە فەرمانگەی (G.G.G) هەژدە فەرمانبەربوین , بەجەنابی بەڕێو بەریشەوە , بەڵام زیرەکانە کاری 180 فەرمانبەرمان ئەکرد , هەریەکەیشمان لانی کەم داهاتی 180 فەرمانبەری ترمان بەدەست ئەهێنا , لەوانەی وا نەیانئەزانی هونەرەکەی ئێمە بەکاربهێنن  ... ئێمە هەرهەژدەکەمان , بەسەرپەرشتی جەنابی بەڕێوبەر , وەك ئەوەی دەزگایەکی کۆمپیوتەری کارامە پێکەوەمان ببەستێتەوە , یان کارئاسانیمان بۆبکات , کارەکانمان زۆر بەجوانی ڕایی ئەکرد .

هەموومان پێکەوە ستافێکی کارامەو لێزان و هونەرکارمان لێ پێکهاتبوو , لەوجۆرە فەرمانبەرانە بووین کەهەریەکێکیان بەشی گیرۆدەکردنی وڵاتێك

ئەکات , ( وەك ئەوەی عەقڵێکی ئەلکترۆنی ورد پێکەوەی گرێدابین , بەدەم کاری یەکترەوە ئەهاتین و هەریەکەمان ئەوی ترمان تەواو ئەکرد) . متمانەیەکی سەیرمان لەنێواندا هەبوو , کەسمان خۆمان بەدرۆزن نەئەزانی , کەسیشمان متمانەمان بەهیچ کام لەهاوڕێکانمان نەبوو .. بۆگێڕانەوەی بچوکترین ڕوداو ئەبوایە تاوێکی باش سوێندمان بخواردایە تا بڕوامان پێبکەن .. بەڕێوبەرەکەمان هەرکە دەمی ئەکردەوە ئەیگوت " من زمانیشم ببڕن درۆناکەم " تەواو گومانیشی هەبوو لەوەی کەئێمە بڕوای پێبکەین .

بەتێپەڕینی ڕۆژگار , لەگەڵ سەرکەوتنمان لەهونەرەکەماندا فێری چلێسیەکی خراپی بەرتیلخۆری بوین , سەرەتا بەکەمی زۆربچوك دەستمان پێکرد , بەلاَم هەرئەوەندە خۆشبوو دەممان لێیدا , ئیتر هەموو ڕۆژێك ئەبوایە وەك هەناسە هەڵیمژین . خۆیشمان نەمانزانی چۆن لەکوتوپڕێکدا وا فێربوین . لێزانی و شارەزایمان مرۆڤی سەرسام ئەکرد ..! ( بەداخەوە زانکۆکانمان ئەوەندە دڵسۆزییان نەبوو پێشنیاری چەند تێزێکی دکتۆرای لەسەربکەن ).

وەك مامۆستا ڕۆژانە لە ڕێگای کارەکانمانەوە جەماوەرمان فێری بەرتیلدان ئەکرد , پاساوی جۆراوجۆرمان بۆئەهێنانەوە , ڕازیمان ئەکردن بەوەی گەر ئەوبەرتیلە نەبێت ئێمە ناژین , کەئێمەیش نەژیاین ئیتر کارو باری شارە خۆشەویستەکەمان ناڕوات بەڕێوە ..ئەمانگوت ئەم ولاَتە بەئێمە هابەپێوە , کەئێمە وەستاین ئیتر ژیانیش لەودا ئەوەستێت , خۆمانمان کردبووە فریادڕەسی ئەو خەڵکانەی کاریان ئەکەوتە لامان .. زۆرجار قسەمان لە سەرمەسەلەکانی وەك دڵسۆزی پیشەیی , دەستپاکی پیشەیی , خزمەتکردنی

ولآت و لەم جۆرە قسانەمان ئەکرد . لەسەرەتای ڕوبەڕوبونەوەمان لەگەڵ هەر هاوولآتیەکدا , یەکسەر کەشێکی وامان لا دروست ئەکرد کە بە سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە خۆیان بەرتیلەکەمان بدەنێ , پارەکەیان لول کەن و لەپەناوە بیخەنە گیرفانمانەوە . گەر بمانزانیایە کابرا چنگ نوقاوەو هیچی لێهەڵناکرێت , ئەوا بەمەبەستەوە دوامان ئەخست و ئەمانخستە سرەوە .. بۆئەوەی لەسرەی خۆیدا بتەزێت ..

هونەرەکەمان گەلێك پێداویستی دەرەکی ئەویست , لەوانە

{ تۆڕێك ڕۆژنامەنوسی دۆستمان پەیدا کرد , تایبەتمەندمانکردن بۆهەواڵ و چالاکیەکانی فەرمانگەکەمان . شاعیری خاوەن وشەی پاراومان پەیدا کرد ..بۆئەوەی ئەوهەموودڵسۆزیەمان بکاتە بەشێك لەکەلەپوری ئەدەبی نەتەوەکەمان}

ئێمە بەڕادەی لێزانیمان لەکارەکانی خۆماندا پێویست بوو گەلیش ڕازی کەین بەوەی گەر ئێمە نەبین کارەکانی ولآت ناڕوات بەڕێوە .

فەرمانگەکەمان زۆربە هێوری ئەم ڕەوتە ئاساییەی کارکردنی خۆی وەرگرت .. هەر دووسێ مانگ جارێك لەوەزارەتەوە , نامەیەکی ( سوپاس و ڕێزلێنان )ی فەرمیان بۆئەناردین , لەسەر باش بەڕێکردنی کارەکانی هاوولآتیان .. جەنابی بەڕێوبەر ژێربەژێر زۆربەی ئەو کارانەی ڕایی ئەکرد کەبەڕۆژو بەپێی یاساو پێڕەوی کارەکە نەئەبوو بکرایە .. خوا تەمەنی درێژکات بەرامبەر ئێمەیش زۆر میهرەبان بوو , هەمووومان پێکەوە , بەڵکو هەریەکەمان لەلای خۆیەوە

ڕێكەوتننامەیەكی تایبەتیمان ئیمزاكرد , ڕێكەوتننامەیەك كە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاوشێوەی نیە .

ڕێكەوتن نامەكەمان لەسەر كاغەز نەنوسرابوو , بەپێویستمان نەزانی ئیمزای خۆمانی لەسەر دابنێین , یان وەك نەریتی ڕێكەوتننامە بەبەند و مادەی ڕێكخراو ڕونیبكەینەوە , بەڵكو هەریەكەو لەلای خۆمانەوە پێیەوە پابەند بوین بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەكیشمان لەسەركردبێت . پوختەی ڕێكەوتننامەكە ئەمە بوو :

{ جەنابی بەڕێوبەر هەرچی كردو وهەرچی خوارد ئێمە لەخوارەوە لێی نەكەینە هەرا , بەهیچ جۆرێك لای كەسیش نەیدركێنین × لەبەرامبەردا ئێمەیش هەرچۆن بوارمان هەبوو وەرگرین و , بیخۆین و , بیخەینە لاوە و جەنابی بەڕێوبەر بێدەنگ بێت لێی .. ئەگەر پاروەكەمان گەورە بوو ئەوا بەشێكی ئەویشی تێئەخەین , گەر لەو برەیش زیاتر نەبوو كە بۆخۆمان بەرەوامان ئەزانی , ئیتر ئەویش بەمیهرەبانی خۆیەوە هیچمان لەگەڵ ناڵێت و هەمیشە چاوپۆشیەكی هاوكارانەمان لێئەكات }

ئەمە دەقی ئەو ڕێكەوتن نامەبوو , كەنەبە نوسراو و نەبە زارەكیش دامان نەنابوو , بەڵكوو بەشێوەیەكی هەستی هەریەكەو لای خۆمانەوە هەستمان پێ ئەكرد و پێیەوە پابەند بوین . تاڕادەیەكی زۆریش هەستمان بەبەرپرسیارێتی ئەكرد بەرامبەرجێبەجێبون و بەردەوام بونی , هەم ئێمەو هەم جەنابی بەڕێوبەریش ڕاستگۆیانە پێوەست بوین بەجێبەجێبوونیەوە ..

خوالەچاوی بەد بمانپارێزێت , توانیمان وەك وەلاٚمێك بەپێداویستیەكانی ئەو سەردەمە ئەم هونەرە پڕبایەخەی كارگێڕی دابهێنین .
جا گوێ بۆكۆتای قسەكانم ڕاگرن , عاقیبەتی هونەرەكەمان وەك سەرەتاكەی خێرنەبوو , بەچارەنوسێكی خراپەوە كۆتایمان پێهات , نەگبەتی سەری لەجەنابی بەڕێوبەرشێواندو نەیهێلاٚ پێكەوە (كولێرەو ڕۆنەكەمان ) بخۆین .. ئەم كابرا هەرلەخۆیەوە دەستیكردە قسەی قەبەو قەڵەو و , بەرزكردنەوەی دروشمی نەهێشتنی بەرتیل و گەندەڵی و ... , ئیتر نەگبەتی گرتی و كەوتە دوای مۆدەی ئەم جۆرە قسانە كە لەو ڕۆژگارەدا شارو ولاٚتی پڕكردبوو .. جەنابی بەڕێوبەر خۆی جیاكردەوە لەئێمە , لەئامانج و پرەنسیپی ڕێكەوتننامە هەستیەكە لایدا , ئێمەیش لای خۆمانەوە ئەوەندە تەپڵمان بۆلێدا و گەندەڵیەكانیمان باسكرد , ئیتر ئەو بەرپرسە مەزنانەی كەدوای ئێمە بوون بەهاوبەشی وازیان لێهێناو دەریان كرد لەپۆستەكەی "
ئەمە كاكڵەی حكایەتە مەزنە كەیە , ئەو حكایەتەی سەرتاپاچەرمووەكە پێی وتم :- "پێویستە پەنجاساڵی تەمەنت بەحەسرەتەوە چاوەڕێی بیستنی بكەیت . "
شەوی بینینی خەونەكەم بەدەم جگەرەخواردنەوە تابەیانی بیرم لێكردەوە , باوەڕم وابوو هەركە ئەم حكایەتە ئەگێڕێتەوە هەمووبینەران و بیسەرانی ئەبنە دووبەشەوە :-
بەشێكیان پێی وایە كۆمەڵێك قسەی پڕو پوچەو ئەوەناهێنێت تابەدیاریەوە دانیشیت و گوێی لێبگریت , یان لەوڕێنەی گێلەپیاوێك زیاتر نیە .. وەك ئەو

هەموو وڕێنانەی ڕۆژانە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بازاڕی خۆیانی پێ گەرم ئەکەن .

بەشەکەی تریش پێی وایە پڕە لەحیکمەتی بەنرخ .. پێویستە بەوردبینیەوە گوێی لێبگیرێت .

پێتان سەیرنەبێت گەر بڵێم , نەیان هێشت خەونەکەم چلەی بچێت , نەیانهێشت وەك زانیاریەکی ئەستێرەناسانە بەچوارکەسی بفرۆشمەوە . ڕۆژنامە محەلیەکانی خۆمان کردیانە هەرا , هەر ئەوەندە باشبو هەواڵی گەندەڵی یەکێك لەبەرپۆبەرەکانی شار بلاّو بوەوە , ئیتر بوو بە بیگرەو بەریمەدەیەك سەگ خاوەنی خۆی نەناسێت .. هەروا ڕۆژنامەبوو پەلاماری ئەدا و پەیامنێرو ڕیپۆرتێرەکانی خۆی ئەنارد بۆئەوەی نهێنیەکانی گەندەڵی لەو فەرمانگەدا بخاتە پێشچاوی خوێنەرەکانی . پێش برکێیەکی گەرمی کات دەستی پێکرد لەنێو ڕۆژنامەنوسە فزولێەکانی شاردا , هەریەکەو نهێنیەك , نەخشەیەك , هونەرێك , داهێنانێکی گەندەڵی لەو فەرمانگەدا ئاشکرا کرد زۆر مەزنتر لەوەی من لەخەونەکەمدا پێم وترا , گەلێك زانیاری وردیان داینێ لەسەر ئەو هونەرو وردەکاریانەی لەم فەرمانگەیەدا بەکارهێنرابوو , هەریەکەیان سەدانجار زیرەکانە تر بوو لەوەی پیاوی ناوحکایەتی سەرتاپاچەرمووەکە پێی وتم . هەرچی دەکۆشام نەمئەتوانی بارو دۆخەکە هەزم کەم , ئەوەی لەخەونەکەمدا بڕوام پێنەئەکرد لەواقعدا هاتە پێشچاوم .. من ئێستا گەیشتومەتە ئەو بڕوایەی خەونەکەم هەمووبەهایەکی خۆی لەدەست داوە .. زانیاریەکی تیانەماوەتەوە ئێستا بشێت وەك هەواڵێکی (

**كـەس نەبیـستوو )   پێشـچاوی خـەم .. شـتێكم نەماوەتـەوە بۆئـەوە بـشێت بەكەسی بڵێم ..**

★★★

# چیرۆکەکانی بازاڕ

★★★

## بازاڕ

ئەڵێن باپیرم پێش ئەوەی بمرێت وتویەتی " بۆئەوەی ژیانمان لەفەرامۆشکردن بپارێزین پێویستە هەموو ڕوداوێکمان بکەینە حەکایەت "

ئەویش هەر لەم بازاڕەی ئێمەدا زۆربەی چیرۆکەکانی خۆی ئەچنی , چۆن ئێستاکە بەشێکی زۆری تەمەنمان لەبازاڕدا بەسەرئەبەین .. لەبازاڕدا هەریەکەمان چیرۆکێك دروست ئەکەین و لەهەمان کاتیشدا دەبینە پاڵەوانی چیرۆکەکانی ئەوانی تر , من بۆچیرۆکێك ئەچمە بازاڕو تۆیش بۆچیرۆکێك ..و هەموو ئەوانی‌تریش ...

باپیریشم بۆچنینی ئەو ڕوداوانەی کەوا 99,9٪ خۆبەخۆی و بێ بیرکردنەوەی پێش وەخت ڕوئەدەن , تەمەنێکی بەنوسینیانەوە بردەسەر .. خۆی گوتەنی کاری لەسەر ئەو چیرۆکانە ئەکرد کە بەیاساکانی ڕێکەوت

وگەمــژەیی ژیــان پێــك ئــەهێنن ... یــادی بــەخێر.. هــەتا مــردیش هــەر بەڕوداوەکانی بازاڕەوە ئیلهامی نوسینی بۆئەهات .. نەوەك حەسـەنی قزڵچی بوو ...نەوەك فیردەوسی و ... زیاتر لەو جادوگەر و فاڵچیانە ئەچوو کـەدۆعای تاڵیی و شیرینی ئەکەن , ئەوانەی کارەکتەرەکانیان کۆلآن بەکۆلآن بەشـوێنیاندا ئەگەڕێن تائەیاندۆزنەوە , باپیریـشم نەئەگـەڕا بۆئـەوەی بابـەتی چیرۆکەکانی بدۆزێتەوەو بیان نوسێت ...هەمووجارێك چیرۆکەکان خۆیان ئەهاتنـە گـەروی پێنوسـەکەیەوە . ئــەو بــەو کــەڕی و کاسـیەی خۆیــەوە زۆر هــەوڵی دابــوو چیرۆکەکانی ڕۆژگـاری خـۆی تۆمـار بکـات , بـەو جـۆرەی کەخـەیاڵ و زەوقـی ستاتیکی خـۆی ڕێگـەی پێبـدات بیـان نوسـێتەوە ... بـەلآم بـەر لـەوەی نیـوەی کارەکەی تەواو بکات مرد ... مردو زۆربـەی ئـەو چیرۆکانەی کـەبڕیاری دابـوو بیان نوسێت لەدەستی چوو .. وەك ئەو ماسیانەی نایەنـە نـاو تـۆڕی ماسـیگرە کەم بەختەکانەوە ...

★★★

## منداڵە عارەبانە چیەکە

دایكی پێی وت : " كورە شیرینەكەم برۆ بۆكارەكەت و زیرەك بە , داهاتی تادەرۆژی تری داهاتی كارەكەت ئەدەینە سەرپۆشێك بۆ ( س ) خوشكت , دوای ئەویش پاسكیلێكی بۆخۆت پێ ئەكرین "

دوای ئەم قسانەی دایكی وێنەی ئەو پاسكیلە چاوەڕوان كراوە لەخەیاڵیدا هەر ساتەو رەنگێك بوو , ساتێك پێش برِكێی پێ ئەكردو پۆلی هاورێكانی پێ جێ ئەهێشت , ساتێكی تریش بەباڵە خەیاڵیەكانیەوە بەچواردەوری شاردا ئەخولایەوەو خێرا خێرا پایدەرەكانی ئەسوڕاند .

بەیانی زوو هەڵیان ساند وناردیان بۆكار , خۆی كورِكردبوەوەو توند قاچی لەزەویەكە گیرئەكرد بۆئەوەی توانای پاڵنانی عارەبانەكەی زیاتربێت , تابەرز بونەوەی خۆری چێشتەنگاو زۆرلەو كۆڵان و شەقامانەی شاری بەسەركردەوە كەهەمو رۆژێك كاری تیائەكرد ,گەراو ..گەرا ..تاماندوبون وزەی دەمارەكانی قاچی خاوكردەوە , بە سەرەتایەكی ناخۆش دەستی پێكرد , ئەمرۆی لەهەمو رۆژێك وشك ترو بێ خێر تربوو , تەنها چوار باریان پێ هەڵگرت , پارەی پەنچەری تایەیەكی عارەبانەكەی لێداو شتێكی وای لێ نەماوە تا بیباتەوە بۆدایكی . ژانە سەری ماندوێتی وبێزاری كاردەست نەكەوتنی وای لێكرد خەریك بوو توانای پاڵنانی عارەبانەكەی لەدەست ئەدا , بەخەیاڵی روبەڕوبونەوەی چاوەڕوانیەكەی دایكیەوە بوو گۆشەی پێشەوەی عارەبانەكەی دای لە رانی منداڵێكی پۆشتەو جوان كەبەدەستی دایكیەوە بوو , دایكێكی بەویقاری سەنگینی هەبوو , لای لێكردەوەو بەروگرژیەوە پێی وت " دەك كوێربیت ... " .

ڕۆیـشت و لـەو تەنگانەیـشی دەربـازبوو , سـەرنجی دابـووە ئـەو پاسـکیلە تـازە جوانــە ی بۆفرۆشــتن دانرابــو , کۆشــینێکی ڕەشــی جــوان و نەرمیلەســەربوو , بریقەی ویلە ئستیلەکەی خەیاڵ و سەرنجی ڕاکێشاو بردی , چوو سـواری بـوو , پێی خستە سەرپایدەرەکانی و بەئاسمانی خـەیاڵ وئـارەزوە چـەپێنراوەکانیدا هــەڵفڕی .. ئاسمــانێکی تــەختی چــۆڵی لەبەردەمــدا والآبــوو بــۆ ڕانینــی , لەئاسمانــەوە شـاری زۆر جوانتر لێـوە دیـاربوو , گەیـشتە سـەر باخـچە سـەوزە کانی یاری کردن , کەنارە ڕازاوە کانی شار . بەبەردەم کۆشکە ڕەنگاو ڕنگەکاندا تێپەری , بەدەم شەقەی شاباڵەکانیەوە ئاسمانی شاری تـەی ئـەکرد , بەشـانی گەواڵـە هەورەکانــدا تێپــەڕی و هــەموو شــار کەوتنــە ژێرسـێبەری باڵــەکانی , لاربوەوە بۆئەوەی لەئاسمانی سەر حەوشەکەی خۆیانەوە لەگەڵ دایکی بدوێـت بـەلاَم هـەم لـوتی عارەبانەکـەی گیرکـردەوە لـەمێزی بـەردوکانێك , وەختێـك کابرای خـاوەن دوکـان تێـی خـوڕی و وتـی " هـۆو ..ئاگـات لـەخۆت بێـت " وای زانی بەزۆر دەستی گرت و لـەبان پاسـکیلەکەی دایگـرت , ئەگـەر ئـەو نەبوایـە جارێك دانەئەبەزی , تا تاسەی لەسواربونی نەشکایە هەردا نەئەبەزی ..

★★★

## سۆزانەی سمت خڕ

تەنورەیەكی شینیتەسكی لەپێ كردبوو , چالآی پشت ئەژنۆی وەك لەتە سێوێكی قاژكراودەمی دابوەوە , تیشێرتێكی پرتەقاڵی ناسكیش بەسەریا , لەرەی مەمكە قوتەكانی لەژێرتەسكی تیشێرتەكەدا ئیسپرنگی ئەكرد , بازۆڵە بێتوكەكانی ڕوت وسوروسپی وجوان پیرو گەنج بەبینینی ئەهاتە جۆش . بەباریكە كۆڵآنی كەمالیاتەكاندا هات بۆئەوەی تەماشایەكی ئەو جلە تازانە بكات كەلەدورەوە سەرنجیان ڕاكێشا , خەریكی تەماشا كردنی ئەو كراسە سورە بوو كە سەرنجی ڕاكێشا , وەك ئەوەی دووپشكێك پێوە بدات قورنجكێك لەسمتی گیرا , ئازارێكی كوتوپڕی سەختی تێكەڵ بەتەریقی و بێزهاتنەوە تورەی كرد , دوكانەكەی جێهێشت , بەبێ دەنگیەكەوە لای كردەوە , ئەوی بینی بەخێرایی ئەڕۆیشت و بەلاچاو سەیری ئەكرد , دیاربوو لەوە ترساوە كەئەم لێی بێتە دەنگ , بەلآم ئەم لەشەرما ...

بەكۆڵآنەكەدا بەرەو خواركەوتە ڕێ , دووكوڕی تر شانیان لێگرت , خۆی خاوكردەوە بۆئەوەی بكەوێتە دوایانەوە , بەحەسرەتێكی گەنجانەوە یەكێكیان پێی وت " ئەڵڵاااا لەو قونە جوانە .." وەك ئەوەی بەفراوێكی سارد بكەن بەسەریا هەموو گیانی تەزی , جوڵەی قاچەكانی خاوبوەوە , سەیری ئەملاو لای خۆی كرد , زانی كەسێكی وای لێوە نزیك نیە تاقسەكانی ئەو كوڕەی بیستبێت , تۆزێك ئارام بوەوە , ئارامیەك كەبێدەسلآتی لەبەر دەم تورەبوندا پێی بەخشی بوو .. دەیویست بەڕاڕەوێكدا , شەقامێكدا ,كۆڵآنێكدا , ...بڕوات كەسێكی تری لێنەبێت ,بەلآم مەحاڵ بوو , شەقامێكی واچۆڵ تەنها لەو

کاتانەدا دەست ئەکەوێت کەشارێك بڕیاری کۆڕەوبدات ... خۆزگەی بەبازاڕێك ئەخواست بەتاڵ بێت لەبسێن وبفرۆش ... پەشیمان بووەوە لەهاتنی بۆبازاڕ , لەخۆگۆڕینی و ڕازاندنەوەی جەستە جوانەکەی کەخۆیشی چێژی لەوجوانیە ئەفسوناویە ئەبینی , حەزی ئەکرد ببێتە سکڵێکی سورو بچزێتە هەمووئەو دەست ودەم وچاوە چڵێسانەدا کەبوبونە سەرچاوەی بێزارکردنی , ئەو هەوەسبازانەی کەئەیانەوێت بۆچرکەیەکی چێژی تایبەتی خۆیان , بونی مرۆییانەی ئەم قوت دەن , وایزانی گەرکەنارە پڕقوڕو لیتەکەی بازاڕی گرت ئیتر بەسلاَمەتی دەرئەچێت , بێئاگالەوانەی لەبۆسەی پوزە نەرمو پەنێرئاساکەیدابون , گەیشتە لای دوکانێکی میوە فرۆش , جوان هەڵچنینی سەبەتە پرتەقاڵەکەی سەرنجی ڕاکێشا , بەنیازی نزیکبونەوەو کڕینی هەڵوەستەیەکی کرد , نەرمەی ڕانی تەڕ بوو , سوتایەوە , هەستی کرد توشی ئازارێکی لەناکات بوو .. لەتاو ئازاری قاچی و ئەو ئاوەی کەنەیزانی چیە هیچی نەئەبینی .. هەتائەو کاتەیش دکتۆرەکە لەخەستەخانە پێی وتبوو تێزابیان پیاڕژاندویت هەرنەیزانی ئەو ئاوەی سوتاندی چی بوو ؟ ئێستا دوای تێپەڕینی ماوەیەك بەسەر ئەو ڕۆژەدا هەرچەندهەوڵیدا نەیزانی بۆئەبێت کەسێك مەبەستی بێت تێزاب بکاتە پوزیدا , ئەشێت پوزە چەرمو جوانەکەی ئەو زیانی بۆکێ بوبێت , یان سوتاندنی چ خزمەتێك بەئەوانە دەگەیەنێت کەکردویانەتە ئامانج , لەو کاتەوە کەقاچی ڕوت ئەکات ئیتر وا خۆی ئەبینێتەوە کەبەرەو پیری شەڕێکی ترسناك ئەبێتەوە , شەڕێك ئەو تەنها چەکێك کە هەیبێت جوانی پوزو پاژنە خڕەکەیەتی .. ئەوانیش شمشێری

شــەرەف .. ئــەم خۆیــەتی و ناســكی جەســتەیەكی نــەرم و نیــان .. ئــەوانیش سوپایەك پیاوی خاوەن غیرە و شەرەف شمشێر بەدەست .

★★★

# ئاوێنە

لەژێرسەرپۆشە تەنكەكەیەوە سەیری بنچكی چەرمووبوی تاڵەكانی مـوی قـژی ئـەكرد , ڕومـەتی چـرچ ولۆچـاوی بـوو ,چـاوەكانی كەوتبونـە قـوڵایی خـوار تـەوێلێكی چرچـی سێ لـۆچ تێكـەوتو , دەمارەكـانی لاملـە چرچـەكەی خۆیـان بۆژماردن ڕەپ كردبوو , سینەیەكی ڕەقی شۆڕ , بێ شوێنەواری ئەومەمكانـەی كەخۆیـشی نـەیزانی چیان لێبەسـەر هـات و چـۆن واپـیری سـەرنگونی كـردن , ســیەكانی پڕكــرد لەهەناســەو ئــاخێكی بــەكوڵی لێدروســت كــرد , تكــەی فرمێـسكێكی گـەورە بەسـەر گۆنـا داتەپیوەكەیـدا هاتـە خـوار , هەسـتی كـرد تەمــەنی ڕۆیــی بێئــەوەی هــیچ كــام لەئاواتــەكانی بێــتە دی , لــەوڕۆژەوە ژنەقەرەچەكە ناولەپی خوێندەوەو پێی وت " هێڵەكانی ناودەستت ئـەڵێت : ژیـان لـەباوەژنێكی دڵـڕەق خـراپتر چـەپۆكە سـەرەی كردویـت , لـەوە ناچـێت داهاتوی تەمەنت بەختەوەر تربێت لەڕابردوت "

تـەنها سـەرمایەیەكی جـوانی لـەش ولاری بـوو , ئێـستا بـۆی دەركـەوت پـیری ئەوەیـشی لێـزەوت كـردووە , بـەتوڕەیی كەسـێكەوە عەسـابی خـۆی لەدەسـت دابێــت ئاوێنەكـەی لەدیوارەكـە كـردەوە و كوتایـە زەویەكـەدا , تەقـەو زڕەی شكانی ئاوێنەكە گەیشتەوە ژورەكانی تر . بانگیان لێكرد " دایكە گیـان ئـەوە چی بوو ..بۆ وات كرد ؟ "

بەلەنجـەو لاری كـچۆڵەیەكەوە بـەرەو ڕوی دایكـی هـات و ئەبڵەقانـە سـەری لەكردارەكـەی سـوڕمابوو , هەرچـاوێكی هـەزار پرسـیاری گومانـاوی لەخۆیـدا هەڵگرتبوو , سەرسوڕمان هەر لەپەنجەكانی پێیەوە تاتەوقی سـەری گرتبـوەوە , ئـەبێت چ نهێنیـەك لـەنێوان ئـەم ئاوێنـەو دایكیـدا هەبێـت ... ڕۆژی دوایـی كەچووە بازاڕ ئاوێنەیەكی گەورەی پەمەیی جوانی كـڕی كەلەچوارچێوەیەكی دڵدا بوو , خەریكی هەڵواسینی بـوو لەشوێنی ئاوێنـە كۆنەكـەدا ,بینـی دایكـی لەژوریماڵەوە بەتیلەی چاوەكانی ئەمی خستۆتە ژێرچاودێری خۆیەوە : وتی " تەماشــاكە دایكــە گیــان چ ئاوێنەیــەكی جــوانم كڕیــوە " دایكــشی بێدەربەستانە بەساردوسڕی پێی وت " پیرۆزی خۆت بێت كچە شـیرینەكەم ... من شكاوەكەم بەسە "

★★★

# كەویستی لەجادەكە بپەڕێتەوە

لەوەتـەی خـۆی ناسـیوەتەوە توانـای هەسـتانی نیـە , لای ئـەو جوڵـەو خێرایـی مانایـەكی جیـاوازتری هەیـە , مانایـەك لێـوان لێـو لـەگۆجی و ئاسـتەنگی . هاوڕێكانی .. منداڵیان بـەدەم ڕاوڕاوێـن و وەرزش و دووگۆڵیـەوە بـردە سـەر .. ئەم هەر نەیتوانی هەستێت .

ڕۆژەكانی تەمەنی :- بەهەمو لاشەی پان و پۆڕیەوە زەویەكەی ئەماڵی ولەگەڵ خۆیـدا پاكتـاوی ئـەكرد.. هەرچی پیـسی ودارو بـەردێكی بەركەوتایـە لەگـەل ٚخۆیدا لولی ئەكردوو ئەیخشاند , داوای خواردن وخواردنەوەی ئەكرد , ئەڕیـە ژێرخـۆی وخـۆی پـیس ئـەكرد , حـەزی ئـەكرد هەسـتێت و وەك ئـەوان دوای تۆپەكە بكەوێت , بەشوێن ئەو سـەگە بەرەلآنـەدا ڕابكات كە لەگەڕەكدا وێـڵ وێڵ ئەسوڕانەوە .. هەتا گەورەیش بوو هەر بەئاواتی تاوێك ڕاكردنەوە بوو .

شەوەكانی تەمەنی :- سێبەرێكی ڕەشـی ژیـانی ڕۆژانەیـەتی , بـەتۆزێك گـۆڕانی ورد وردە وە ,,شــەوانە كەســێكی دەســت ناكــەوێت داوای ئــاوی خواردنــەوەی لێبكات , گەرخۆی پیس كرد ئەوتـەنها كەسـەی كەچاوەڕێی شـۆردنی لێئـەكات نوستووە ..

بەسـەر عارەبانەیـەكی كـەم ئەندامیـەوە بـوو , وەختێـك هـۆرنی ئۆتۆمبیلەكـە ڕایچڵەكاند نیوەی جادەكەی بڕیبوو , توانای گەڕانـەوەی نـەمابوو , بەهـەردوو

دەستی یەك پشوو تایەكانی ئەسوڕاند بۆئەوەی زووبگاتە ئەوبەرەوە ,..بیب...بیب...ئۆتۆمبیلێك ودووان وچوارو زیارتیش دوای یەكیان گرت ولوتیان ناوە سەرشانی ڕاستیەوە .ئەوان پەلەیان بوو خێرا جادەكەیان بۆچۆڵ كرێت , ئەمیش پەلەی بوو زووخۆی بگەیەنێتە ئەوبەرو لەمەترسی بونە ژێرەوەیان خۆی بپارێزێت , هەستی كرد ئەوە هاتن وپێی گەیشتن .. یەك چركەی تر لێدانی بەهێزی ئەو ئۆتۆتمبیلە ڕەشەی كەگرمەی بزوێنەرەكەی ناومێشكی ئەلەرزان بەچاوی خۆی ئەبینێ .. گەیشتە ئەوبەرو تەماشای كرد چۆن لەدوای ئەوەوە هەمو ئۆتۆمبیلەكان بەچەند چركەیەك تێپەڕین , گەر ئەو نەبوایە ئەبێت چەندی تر ڕێگایان ببڕیایە , ئەو كات زانی چۆن بوەتە كۆسپی سەر ڕێگای تێپەڕینی خێرایی ئەو كەسانەی كەهەر پەلەی تێپەڕینیانەو بەهیچییش ناگەن . ئەم بێ پەلە پەل لەئاستێكی خاوی جوڵەدا چەقیوە .. بێباك لەخێرایی و پەلەپەلی خەڵكانی تر .

| ناوی ئەو کتێب و بلاّوکراوانەی لقی کەرکوکی یەکێتی نوسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندون جگە لەگۆڤاری گزنگ کەبەردەوامە | | |
|---|---|---|
| 1. چیرۆکستان | دەق و ڕەخنە | حەمەکەریم عارف |
| 2. کەرکوك و پاکتاوی ڕەگەزی | دیکۆمینت | و : ڕەعد بابان |
| 3. مانفێستەکانی پوچی | هۆزان | مەهدی زریان |
| 4. شیعری هەڵبژاردە بۆمندالّ و گەورە | هۆزان | لەتیف هەڵمەت |
| 5. بەرەو شێت بوون | هۆزان | عومەر سەیدە |
| 6. دلۆپە | هۆزان | یوسف لەتیف |
| 7. ماچ | کۆمەڵە دەق | بەکردەروێش |
| 8. چاوبڕکێی سەرزورگەکان | چیرۆك | حەمە سەعید زەنگنە |
| 9. داوەتی کۆچەریان | چیرۆك | حەمەکەریم عارف |
| 10. ناسنامەی دەق | ڕەخنەو لێکۆڵینەوە | د . فواد ڕەشید |
| 11. شرۆڤەیەك لەبازنەدا | گوتارو ڕەخنە | سەردار جاف |
| 12. تەکنیکی گێڕانەوە | لێکۆڵینەوە | شوکریە ڕەسوڵ |

| | | |
|---|---|---|
| لەچیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا | | |
| .13 گەرأنەوە بۆحەیفا | چیرۆکی وەرگێرراو | ئەحمەد عارف |
| .14 سۆسیۆلۆجیای شیعری کوردی | لێکۆڵینەوە | د. ئازاد عبدالواحد کەریم |
| .15 لەهەردەکانی کوردستانەوە بەرەو بیابانی عەرەب | رۆمان | جەلیل محەمەد شەریف |
| .16 بانێژەی خەمەکانی شارەکەم | هۆزان | بورهان بەرزنجی |
| .17 عەورەتی گەلا | هۆزان | سیروان ناشاد |
| .18 هونەری رۆژنامە نوسی لەگۆڤاری نزردا | لێکۆڵینەوە | شوان خورشید |
| .19 ژوانی عەشقداری | شانۆگەری | وریا شەهاب |
| .20 ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم | هۆزان | بورهان ئەحمەد |
| .21 ئێوارەیەك نایەمەوە | هۆزان | لەتیف فاتیح فەرەج |
| .22 سیفری ئاگر | هۆزان | کەریم دەشتی |
| .23 لەروانگەی زمانناسیەوە | لێکۆڵینەوە | و : د: ئازادئەمین باخەوان |
| .24 گورگ | چیرۆکی وەرگێرراو | و : عەلی بەرزنجی و خالد مجید فتحولله |
| .25 زریوەی ئەستێرە دەسرأزەی زامە | هۆزان | ستارئەحمەد عەبدولرحمان |
| .26 داستانالێداناگازخاناکەرکوك ل سالا 1969 | داستان | وەصفی حسن ردێنی |
| .27 دار زەیتون | چیرۆك | فەیسەڵ تاهر هەمەوەندی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .28 | یاریزانی شەترەنج | ڕۆمان | و : محەمەد سابیر مەحمود |
| .29 | ئەو وشانەی دڕبەتاریکە شەو دەدەن | وتار | لەتیف هەڵمەت |
| .30 | یونس نەمرە خۆشەویستی خاك و مرۆ | هۆزان | و : ئەحمەد تاقانە |
| .31 | كورد و ڕەگەزی ئاری | لێكۆڵینەوە | مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی |
| .32 | هجرة الطائر الازرق | شعر | عباس عسكر |
| .33 | دەروازەیەیکی مێژویی بۆمافەكانی مرۆڤ | لێكۆڵینەوە | كامەران |
| .34 | ئەشكەوتی خوێن | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین |
| .35 | مەرگی نوسەرو چەندباسێكی دیكەی ئەدەبی و ڕۆشنیری | ئەدەبیات و ڕۆشنبیری | حەمەكەریم عارف |
| .36 | منداڵێك بووم لەكوردستان | چیرۆك | و : عومەر عەلی شەریف |
| .37 | خۆشنوسانی كورد | خۆشنوسی | عبدوالستار جباری |
| .38 | بەرسیلە عیشقیٚ بۆخودا | شیعر | ئاوێزان نوری |
| .39 | مانگ | شیعر | و : هیمەت كاكەیی |
| .40 | چەمك و ستاتیكای شوێن لەئەدەبدا | لێكۆڵینەوە | سەباح ئیسماعیل |
| .41 | ئەرشیفەكانی فیراق | شیعر | شێخ صدیق |
| .42 | ئەونامانەی بەفرمێسك نوسراون | نامە | ئا : لەتیف فاتیح و ئاكۆمحەمەد شوانی |
| .43 | هەقایەتی داپیرە | چیرۆك بۆمنداڵان | و : هێمن دەلۆیی |

| | | |
|---|---|---|
| 44. دەروازەیەکی مێژوییانە بۆڕوداوەکەی 1959 | مێژوو | سمکۆبەهرۆز محەمەد |
| 45. کوردلەسێبەری خیلافەتی عەرەبیدا | لێکۆڵینەوە | |
| 46. زەمەنێك بۆخەم | شیعر | داناعەسکەر |
| 47. گەلاَ رژاوەکان | رۆمان | و : عەلی بەرزنجی |
| 48. کچەکانی حەوا | چیرۆك | سەبریە ئەحمەد حەمە – سەبا |
| 49. کرمەزاڵ | شیعری بیانی | و : صابر شاکرمەولود |
| 50. گێژاو | چیرۆك | موعتەسەم ساڵەیی |
| 51. ئەفسونی ئاوێنە رەشەکە | چیرۆك | حەسەن نازدار |
| 52. یارێکم هەیە لەخۆمدا | شیعر | عومەر عەبدول |
| 53. هاوارێك هەر لەتەم ئەچێت | شیعر | گۆریان |
| 54. شارێکی قاوەیی | کۆمەڵە چیرۆك | و : عەبدوللە مەحمود |
| 55. کورد و چەند بابەتێکی مێژوویی | لێکۆڵینەوە | هاشم عاسی کاکەیی |
| 56. کەرکوك شاری قەلاَو ئاگروخوێن | لێکۆڵینەوە | علی محمود محەمەد |
| 57. گەشتێك لەنێوان مانگ و دەریادا | شانۆگەری | و : عبدالکریم حاجی محەمەد |
| 58. شەوە خوێناویەکەی ژورسەری دایکم | کۆمەڵە چیرۆك | محەمەد حسێن |
| | | |

**یەکێتی نوسەرانی کورد**

**لقی کەرکوک**

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:31:17 2006-6-9

**شەوە خوێناویەکەی ژور سەری دایکم** ...................کۆمەڵە.........................چیرۆک.....